هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

پڕۆتۆکۆڵەکان

54

سالّی/ 2009 – بەرگی پەنجاوچوار

چاپی یەکەم/ سالّی 2009

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/8/20 ل 5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/9/8 ل 39

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/9/9 ل97

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/9/15 ل 155

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/9/16 ل213

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/10/6 ل221

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/10/19 ل 245

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/10/21 ل 273

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2009/10/26 ل 339

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/10/28 ل 441

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2009/11/15 ل 487

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/11/17 ل 569

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/12/2 ل 585

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/12/15 ل 591

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/12/29 ل 641

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (13)

سێ شەممە رێکەوتی 29\12\2009

خولی سێیەمی هەڵبژاردن

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلەکان

57

ساڵی/ 2010 – بەرگی پەنجاوحەوت

چاپی یەکەم/ ساڵی 2010

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – شەممە 2010/3/13 ل 5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2010/4/8 ل13

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2010/4/11 ل 65

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (3)ی ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/4/12 ل 109

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (4) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/4/13 ل 217

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (5) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/4/21 ل 239

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (6) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/4/26 ل 293

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (7) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/5/5 ل 365

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەماان.

1- **خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.**

دیارە ئەو پرۆژەیە بریتییە لە (21) بڕگەو بە تەفسیل باس لە هەیکەلی تەنزیمی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکات، لە هەمان کاتدا باس لە بەڕێوە چوونی ئیش و کارەکانی وەزارەتی دارایی دەکات، تەبیعی ئەوە یەك بوونی هەردوو وەزارەتی داراییە، ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بە پەرلەمانەوە کراوە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێتن، دواتر ئیحالەی لیژنەکانی پەرلەمان بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا ئەو پرۆژەیە تەحویلی لیژنەی یاسایی و دارایی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بۆ گفتوگۆکردن و ئامادە کردنی راپۆرتەکانیان، بۆ ئەوەی لەناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشەی لەسەر بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت، تکایە خاڵی دووەم.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

2- **خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان.**

دیارە پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە، لە ئەنجامی دەمج کردنی هەردوو وەزارەت، وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی، ئەم پرۆژەیە بریتییە لە (10) بڕگە، کە پەیوەندی هەیە بە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی ئیش و کاری هەردوو وەزارەت، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە بۆ پەرلەمان، ئێستاش خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کرد، بۆ ئەوەی ئیحالەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، بۆ دیراسەت کردن و تەقدیم کردنی راپۆرتی پێویست، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایەش پێشکەشی لیژنەی پیشەسازی و لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بۆ گفتوگۆکردن و موناقەشە کردنی لەناو پەرلەمان و بڕیاردان لەسەری، ئێستا بۆ خاڵی سێیەم تکایە.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، لە ئەنجامی دەمەج کردنی هەردوو وەزارەت، وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی ئاودێری، ئەم پرۆژەیە بریتییە لە (11) ماددە، کە چوار بەش لە خۆی دەگرێت، بەشی یەکەم/ پێناسەو ئامانجەکانی وەزارەتە، بەشی دووەم پسپۆری و دەسەلاتەکانی وەزارەتە، بەشی سێیەم/ پێکهاتەکانی وەزارەتە، بەشی چوارەم/ حوکمە گشتی و کۆتاییەکانە، لەگەڵ هۆکاری دەرچوونی یاسایەکە، کە ئێستا خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کرد، داوا لە سەرۆکایەتی دەکەین کە ئیحالەی لیژنەی پەیوەندیداری بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایەش پێشکەشی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و لیژنەی یاسایی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بۆ گفتوگۆکردن و موناقەشە کردنی لەناو پەرلەمان و بڕیاردان لەسەری، کەرەم بکە فەرموو.

بەڕێز برهان رشید حسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی ئێمە لە مانگی یازدەو دوازدەوە دە پرۆژەمان پێشکەش کردووە، ئەم دە پرۆژەیە تاکو ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، ئێمە داواکارین لە سەرۆکایەتی بەڕێز، بۆمان روون بکاتەوە، بۆ ئەو پرۆژانەی لە حکومەتەوە دێن یەکسەر دەیخەنە بەرنامەی کارەوە؟

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بە سرەیە برای عەزیز، ئەوانەش دێتن، هەر پرۆژەیەك هەبێتن هیچی پشتگوێ ناخرێت، سرە دەگرێت، لەم خولەش هەوڵ دەدەین هەموو ئەو پرۆژانەی لەبەردەستمانە تەواو بکرێت، بەپێی وەخت هاتووە، تەقدیم دەکرێت، سوپاس بۆ جەنابت، ئێستا بۆ خاڵی چوارەم.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێستا کۆتاییمان بە خاڵەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی بەرنامەی کار هێنا، خاڵی چوارەم لە بەرنامەی کار/ گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژە ناوچە ناکۆکەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەگەر ئیجازەمان پێ بدەیت، ئێمە وەکو لیژنە یاسا راپۆرتمان هەیە، لەسەرەتا راپۆرتەکەمان بخوێنینەوە، هەروەها لیژنەی ناوخۆش راپۆرتی خۆی هەیە، راپۆرتی لیژنەی ناوخۆش بخوێندرێتەوە، پاشان بڕگە بە بڕگە دەچینە موناقەشە کردن و گفتوگۆ کردن لەسەر بڕگەکانی ئەم پرۆژەیە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەردەوام بن لە کارەکانتان.

بەڕێز د.زانا رؤوف حمه كريم:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.

ئەمە راپۆرتی لیژنەی یاساییە، سەرەتا راپۆرتەكە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە، پاشان بە زمانی كوردی.

الى/ رئاسة برلمان كوردستان _ العراق

م/ تقرير اللجنة القانونية

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الاثنين 14/بەفرانبار/ 2709 كوردى المصادف ليوم 2010/1/4 الميلادية لدراسة مشروع قانون الهيئة العامة للمناطق المتنازع عليها المقدم من قبل مجلس وزراء الاقليم والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (13) والمؤرخة في 2009/12/29وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة المشروع ابتداءً بالنظر لالغاء وزارة المناطق خارج الاقليم التي كانت ضمن تشكيلة الكابينة الخامسة وضرورة استحداث هيئة عامة للمناطق المتنازع عليها لمتابعة تنفيذ متطلبات المادة 140 من الدستور العراقي الدائمي وتوصلت بالاتفاق الى مايلي:-

1- بالنسبة للمادة الاولى من المشروع نقترح صياغة مقدمه المادة كالآتي (يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون) وتحذف الفقرة (ثانياً) منها لعدم تكرار هذا المصطلح ضمن مواد القانون، لأن الغرض من المادة التعريفية في القوانين هو الاشارة الى المصطلح ضمن مواد القانون فقط تحاشياً للتكرار وتعديل التسلسلات تبعاً لذلك.

2- بالنسبة للمادة الثانية من المشروع: جعل صياغة الجملة الاخيرة من المادة كالآتى (ويجوز لها فتح مكاتب في محافظات الاقليم والمناطق المتنازع عليها).

3- بالنسبة للمادة الثالثة حذف جملة (المادة 140من الدستور) من اخير الفقرة (أولاً) منها وإحلال كلمة (اعلاه) محلها وجعل صياغة الفقرة (رابعاً) منها كالآتي (تنظيم ومتابعة وادارة شؤون المهجرين والمرحلين).

مع اقتراح اضافة فقرة بتسلسل (خامساً) اليها وكالآتي:-

خامساً:{تنفيذ مشاريع خدمية في المناطق المتنازع عليها}.

4- بالنسبة للمادة الرابعة:- نقترح جعل رئيس الهئية بدرجة (وزير) بدلا من (درجة خاصة) لأن القائمين بهذه المهام في السلطات الاتحادية في العراق هم (وزير أو بدرجة وزير) وليس من المنطق والبروتوكول ان يكون رئيس الهيئة في الاقليم بدرجة خاصة لاسيما وأنه يتعامل مع المسؤولين هم بهذا المستوى.

5- بالنسبة للمادة الخامسة:- اضافة (ان يكون) في بداية الفقرة (3) من (اولاً) منها.

6- نقترح اضافة مادة الى المشروع بخصوص حالات انتهاء عضوية رئيس الهيئة وعلى ان يكون تسلسلها بتسلسل المادة السادسة وتعديل التسلسلات تبعاً لذلك.

{أولاً: تنتهي عضوية رئيس الهيئة لاحد الاسباب التالية:-

1- الاستقالة.

2- الوفاة.

3- التقاعد.

4- العزل.

5- ثبوت عدم الكفاءة.

6- الحكم عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف.

ثانياً: يرشح مجلس الوزراء مرشحاً آخر للتعيين وفق الشروط والاجراءات الواردة في هذا القانون}.

7- بالنسبة للمادة السادسة من المشروع:- اضافة جملة (وله خبرة وممارسة لاتقل عن عشر سنوات) الى مابعد فى مجال اختصاص الدائرة في (اولاً) منها وكذلك اضافة دائرة اخرى بتسلسل (4) الى الدوائر الواردة في المشروع بأسم (دائرة شؤون الهجرة والمهجرين) وتنظيم الدوائر وترتيبها كالآتي:-

1- الدائرة الادارية والمالية والقانونية:- {أي دمج الفقرتين (1 ، 3)} من المشروع.

2- دائرة تطوير المناطق المتنازع عليها.

3- دائرة العلاقات والدراسات والاعلام.

4- دائرة شؤون الهجرة والمهجرين.

- اضافة فقرة بتسلسل (ثانياً) وكالآتي:-

{ان يكون للهيئة مستشارين لايقل عددهم عن (أثنين)}وتعدل التسلسلات تبعاً لذلك.

8- اما بالنسبة للمادة السابعة من المشروع: لاتوجد عليها أية ملاحظة .

9- اما بالنسبة للمادة الثامنة من المشروع: لاتوجد عليها أية ملاحظة.

10- اما بالنسبة للمادة التاسعة من المشروع: لاتوجد عليها أية ملاحظة.

11- اما بالنسبة للمادة العاشرة من المشروع: لاتوجد عليها أية ملاحظة.

12- اما بالنسبة للمادة الحادية عشرة من المشروع: لاتوجد عليها أية ملاحظة.

13- اما بالنسبة للمادة الثانية عشرة من المشروع: لاتوجد عليها أية ملاحظة.

أما بالنسبة للاسباب الموجبة للمشروع فأن اللجنة تؤيدها وتقترح اضافة جملة {وتنمية وتطوير المناطق المتنازع عليها} الى مضمونها.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان لمناقشته وابداء الرأي المناسب بشأنه والتصويت عليه.

زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کەرەم بکەن بەردەوام بن.

بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەمەش کوردیەکەیەتی:

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان _ عێراق

بابەت/ راپۆرتی لیژنەیی یاسایی

لیژنەی کاروباری یاسایی سەر لە بەیانی رۆژی دووشەممە ریکەوتی 14/ بەفرانبار / 2709ی کوردی بەرامبەر بە 1/4/ 2010ی زایینی کۆبووەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی یاسای دەستەی گشتیی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم پێشکەش کراوەو، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (13)ی ڕۆژی 12/29/ 2009دا بۆ لیژنە ناردراوە. دوای تاوتوێکردن ولێکۆڵینەوە لەسەری، لیژنە لەسەرەتاوە پشتگیری پرۆژەکە دەکات، چونکە وەزارەتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دەرەوەی هەرێم هەڵوەشاوەتەوە، کە جاران لەناو پێکهاتەی کابینەی پێنجەم بووەو، پێوستە دەستەیەکی گشتی بۆ ئەو ناوچە ناکۆکی لەسەرانە دابمەزرێ، بۆ بەدواداچوونی پێوستیەکانی ماددەی (140)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق و لیژنە بە ڕێکەوتن گەیشتە ئەمانەی خوارەوە:

1- لە بارەی ماددەی یەکەمی پرۆژەکە: پێشنیاز دەکەین پێشەکی ماددەکە بەم جۆرە بێ:

مەبەست لە م زاراوەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەربانە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایەو بڕگەی (دووەم) لادەبرێ تاکو زاراوەکان لەناو ماددەکانی یاساکە دووبارە نەبێتەوە، چونکە مەبەست لە ماددە پێناسەییەکە لە یاساکاندا ئاماژە کردنە بۆ زاراوەکە، تەنیا لەناو ماددەکانی تاکو دووبارە نەبێتەوەو زنجیرەکانیش بەو پێیە هەموار بکرێن.

2- لە بارەی ماددەی دووەمی پرۆژەکەوە: داڕشتنی ڕستەی کۆتایی لە ماددەکەدا بەم جۆرە بێ: {دەشێ نووسینگە لە پارێزگاکانی هەرێم و ناوچە ناکۆکی لە سەرەکان بکاتەوە}.

3- لە بارەی ماددەی سێیەمەوە: رستەی ماددەی {140 لە دەستوور}لە کۆتایی بڕگە (یەکەم)ی هەڵگیرێ لە شوێنیدا وشەی (سەرەوە) دابنرێ و داڕشتنەوەی بڕگەی (چوارەم) بەم جۆرە بێ {ڕێکخستن و بەدواداچوون و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆچ پێکراو و دەرکراوەکان}.

لەگەڵ پێشنیازکردنی خستنە سەری بڕگەیەك بە زنجیرەی (پێنجەم) بۆی و بەم جۆرەی خوارەوە:

پێنجەم: {جێبەجێ کردنی پرۆژە ی خزمەتگوزاری لە ناوچە ناکۆکی لە سەرەکان}.

4- لە بارەی ماددەی چوارەمەوە: پێشنیاز دەکەین سەرۆکی دەستە بە پلەی (وەزیر) بێ لە جیاتی بە (پلەی تایبەتی) بێ، چونکە ئەوانەی کاردەکەن لە دەسەلاتەکانی فیدرالیدا لە عێراق (وەزیر)ن یا بە (پلەی

وەزیرن)و بەپێی لۆجێك و پڕۆتۆكۆلیش ناشێ سەرۆكی دەستە لە هەرێمدا بە پلەی تایبەتی بێ، بەتایبەتی كە ئەو مامەڵە لەگەڵ بەرپرسانی لەو ئاستەدا دەكات .

5- لە بارەی ماددەی پێنجەمەوە: دەربڕینی (كە دەبێ) بخرێتە سەرەتای بڕگەی (3) لە (یەكەم)یدا.

6- پێشنیاز دەكەین ماددەیەك بخرێتە سەر پڕۆژەكە لەبارەی حاڵەتی كۆتایی هاتنی ئەندامێتی سەرۆكی دەستە، بەمەرجێ زنجیرەكەی بە زنجیرەی ماددەی شەشەم بێت و زنجیرەكانی بەو پێیە هەموار بكرێن:

{یەكەم: ئەندامیەتی سەرۆكی دەستە بە یەكێك لەم هۆیانەی خوارەوە كۆتایی دێت:

1- وازهێنان.

2- مردن.

3- خانەنشین بوون.

4- لێ خستن.

5- ئیسپات بوونی بێ توانایی.

6- حوكمدانی بە تاوانێك یا كەتنێكی ئابڕووبەر.

دووەم: سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران پاڵێوراوێكی تر بۆ دامەزراندن دەپاڵێوێ، بەپێی مەرج و رێكارەكانی كە لەم یاسایەدا هاتوون}.

7- لە بارەی ماددەی شەشەمی پرۆژەكەوە: رستەی {شارەزایی ودەستدانە كاری هەبێ كە لە (دە) ساڵ كەمتر نەبێ} بخرێتە دوای {لە بواری پسپۆڕی فەرمانگە} لە (یەكەم)ی و، هەروەها وشەی (فەرمانگە)یەكی تر بە زنجیرەی (4) بخرێتە سەر فەرمانگەكانی تر لە پرۆژەكەدا بەناوی (فەرمانگەی كاروباری كۆچ و كۆچ پێكراوان)و رێكخستنی فەرمانگەكان بەدوای یەكدا هاتنیان بەم جۆرە بێ:

1- فەرمانگەی كارگێڕیی و دارایی و یاسایی {واتە لێكدانی بڕگەكان (1، 3) لە پرۆژەكەدا}.

2- فەرمانگەی پەرەپێدانی ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان.

3- فەرمانگەی پەیوەندی لێكۆڵینەوەو راگەیاندن.

4- فەرمانگەی كاروباری كۆچ و كۆچ پێكراوەكان.

- بڕگەیەكی بە زنجیرەی (دووەم) بخرێتە سەری و بەم جۆرەی خوارەوە بێت:

{دەستە ڕاوێژكاری دەبێ كە ژمارەكانیان لە (دوو) كەمتر نەبێ و زنجیرەكان بەو پێیە هەموار دەكرێن}.

8- لە بارەی ماددەی حەوتەمی پرۆژەكەوە: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

9- لە بارەی ماددەی هەشتەمی پرۆژەكەوە: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

10- لە بارەی ماددەی نۆیەمی پرۆژەكەوە: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

11- لە بارەی ماددەی دەیەمی پرۆژەكەوە: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

12- لە بارەی ماددەی یازدەمی پرۆژەكەوە: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

13- لە بارەی ماددەی دوازدەمی پرۆژەكەوە: هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

بەلأم لەبارەی هۆیە پێوستیەکانی پرۆژەکەوە، ئەوا لیژنە پشتگیری دەکات و پێشنیاز دەکات رستەی {گەشە پێ کردن و پەرەپێدانی ناوچە ناکۆکی لە سەرەکان} بخرێتە سەر چەمك و ناوەرۆکەکەی.

تکایە ئاگاداری بفەرموون و ئەسڵی پرۆژەکە و ڕای لیژنەیی یاسایی لە بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی و دەڕبڕینی رای گونجاو لەبارەیەوەو دەنگدان لەسەری.

زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی ناوخۆ ڕاپۆرتەکەتان بخوێننەوە.

بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕاپۆرتەکە بەزمانی عەرەبیە.

الى/ رئاسة برلمان كوردستان ـ العراق

م/ تقرير لجنة

عقدت لجنتنا عدة اجتماعات لدراسة مشروع قانون الهيئة العامة للمناطق المتنازع عليها، وفي اجتماع يوم الثلاثاء الموافق 2010/4/13 حول نفس مشروع القانون المقدم من قبل مجلس وزراء الاقليم الى برلمان كوردستان والمحال الى لجنتنا بعد القرأءة الاولى له فى البرلمان في جلسته الاعتيادية رقم (13) في 2009/12/30.

اعادت لجنتنا مناقشة الموضوع، وقامت بتبادل الآراء حولها، وتقدم في ادناه تقرير اللجنة:-

فيما يلى رأى اللجنة حول مشروع القانون:-

1- فيما يتعلق بالمادة الاولى الفقرة (3): تقترح اللجنة اعادة صياغتها كما يلي:- (الهيئة العامة للمناطق المتنازع عليها بين الاقليم وحكومة العراق الفدرالية).

2- وبخصوص المادة الثانية الفقرة (1): تقترح أجراء نفس التغير على أسم اللجنة. كما ونقترح اعادة صياغة الفقرة (2) كما يلي: (يكون المقر الدائم للهيئة في اربيل عاصمة اقليم كوردستان، ويجوز أن تفتح مكاتب لها في المحافظات ذات العلاقة والمناطق المتنازع عليها.

3- أ- وفيما يتعلق بالمادة الثالثة، تقترح اللجنة ان تضاف عبارة (المتضررين) الى الفقرة (2) وعلى الشكل التالي: (التنسيق والتعاون عن طريق رئاسة مجلس الوزراء، مع السلطات الفدرالية في جميع الاعمال ذات العلاقة بتحقيق حقوق شعب كوردستان لاعادة رسم الحدود الادارية لأقليم وازالة اثار سياسات التمييز العنصري والتعريب والترحيل الاجباري وتعويض المتضررين).

ب- تقترح اضافة فقرة برقم فقرة (5) وكمايلي: (5- الاشراف على (تحديد وتنفيذ) المشاريع الخدمية المنفذة في المناطق المتنازع عليها).

4- فيما يتعلق بالمادة الرابعة تقترح اللجنة: تبديل عبارة (الدرجة الخاصة) الى (الوزير).

5- وفيما يتعلق بالمادة الخامسة الفقرة (4): تقترح تغير كلمة (المضطهد) الى (النظام البعثي).

6- وفي المادة السادسة: لايوجد لدينا أية ملاحظة عليها.

7- فيما يتعلق بالمادة السابعة: تقترح اللجنة أضافة فقرة الى المادة برقم (3) وكالآتي:

(3- على رئاسة الهيئة أن تقوم بتقديم تقرير عن مهامها كل ستة أشهر، عن طريق مجلس الوزراء الى برلمان كوردستان.

8- وفيما يتعلق بالمادة الثامنة تقترح اللجنة تغير عبارة (رئيس مجلس الوزراء) الى مجلس الوزراء).

9- أما عن المادة التاسعة: ليس لدينا أية ملاحظة.

10- وعن المادة العاشرة: لايوجد لدينا أية ملاحظة.

11- وكذلك بالنسبة للمادة الحادية عشرة: لايوجد أية ملاحظة.

12- وكذلك بالنسبة للمادة الثانية عشرة: لايوجد أية ملاحظة.

مع بالغ التقدير.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کەرەم بکەن بە کوردی.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەمە دەقی راپۆرتی لیژنەکەمانە بە زمانی کوردی:

بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

ب/ راپۆرتی لیژنە

لیژنەکەمان چەند کۆبوونەوەیەکی سازدا بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای دەستەی گشتیی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، لە کۆبوونەوەی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2010/4/13 لەسەر هەمان پرۆژە یاسا کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم پێشکەش کراوەو، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (13)ی رۆژی 2009/12/30 ئاراستەی لیژنەی ناوخۆ کراوە. راو بۆچوونی لیژنە لە سەر پرۆژە یاسایەکە بەم جۆرەیە:

لیژنە پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات بەشێوەیەکی گشتی.

1- سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە بڕگەی (3) بەم شێوەیە بنووسرێتەوە: (دەستەی گشتی ناوچەکانی ناکۆکی لەسەرە لەنێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدرالدا).

2- سەبارەت بە ماددەی دووەم بڕگەی (1) هەمان گۆڕانکاری لە ناوی دەستەکە بکرێت، کە لە ماددەی یەک کراوە، سەبارەت بە بڕگەی (2) بەم شێوەیە بنووسرێتەوە: (بارەگای سەرەکی دەستە لە هەولێری

پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێ و دەشێ نووسینگەی لە پارێزگا پەیوەندیدارەکان وناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بکاتەوە).

3- سەبارەت بە ماددەی سێ، لیژنە پێشنیار دەکات لە بڕگەی (2) وشەی (زیان لێکەوتووانی) بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە: (هەماهەنگی وهاریکاری کردنی لە رێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەگەڵ دەسەلاتەکانی فیدراڵی لە هەموو کارێکی پەیوەندیدار بێ بە دابین کردنی مافەکانی گەلی کوردستان، بۆ دووبارە نەخشەکێش کردنی سنووری کارگێریی هەرێم ولابردنی ئاسەوارەکانی سیاسەتەکانی پاکتاو کردنی رەگەزیی و بەعەرەب کردنی وکۆچ پێ کردنی بە زۆرو قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان و، بڕگەی (5)ی بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە: (5 ـ سەرپەرشتی کردنی (دیاری کردن وجێ بەجێ کردنی) پرۆژە خزمەتگوزاریەکان کە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ئەنجام ئەدرێت.

4- سەبارەت بە ماددەی چوارەم لیژنە پێشنیار دەکات دەستەواژەی (پلەی تایبەت) بگۆڕدرێت بە (وەزیر).

5- سەبارەت بە ماددەی پێنجەم تەنها لە بڕگەی (4) وشەی (داپلۆسێنەر) بگۆڕدرێت بە وشەی (رژێمی بەعس).

6- سەبارەت بە ماددەی شەشەم هیچ تێبینی یەکمان نییە.

7- سەبارەت بە ماددەی حەفتەم لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەی (3) بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە: (3- سەرۆکایەتی دەستە پێویستە هەر(6)مانگ جارێك راپۆرتێك لەسەر ئەرك و کارەکانی لە رێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکات.

8- سەبارەت بە ماددەی هەشتەم لیژنە پێشنیازی گۆڕینی دەستەواژەی (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) دەکات بە (ئەنجومەنی وەزیران).

9- سەبارەت بە ماددەی نۆیەم هیچ تێبینی یەکمان نییە.

10- سەبارەت بە ماددەی دەیەم هیچ تێبینی یەکمان نییە.

11- سەبارەت بە ماددەی یازدەیەم هیچ تێبینی یەکمان نییە.

12- سەبارەت بە ماددەی دوازدەیەم هیچ تێبینی یەکمان نییە.

لەگەڵ ڕێزمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا کەرەم بکەن لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکە، ماددە بە ماددە.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە.

پرۆژەی یاسای دەستەی گشتی بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە لە هەرێمی کوردستان – عێراق ماددەی یەکەم/ ئەم وشەو زاراوانەی لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا بێن ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم/ هەرێم/ هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم/ پەرلەمان/ پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم/ دەستە/ دەستەی گشتی بۆ ناوچەکانی ناکۆکییان لەسەرە لە هەرێمدا.

چوارەم/ ئەنجومەن/ ئەنجومەنی دەستە.

پێنجەم/ سەرۆك/ سەرۆکی دەستە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی رەئیتان لەسەری تکایە، ببوورن بە عەرەبی کەرەم بکە.

بەڕێز د.زانا رؤوف حمه کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مشروع قانون الهيئة العامة للمناطق المتنازع عليها في اقليم كوردستان – العراق

المادة الاولى: تكون للكلمات والتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها ادناه اينما وردت في هذا القانون:

اولاً/ الاقليم/ اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً/ البرلمان/ برلمان الاقليم.

ثالثاً/ الهيئة/ الهيئة العامة للمناطق المتنازع عليها في الاقليم.

رابعاً/ المجلس/ مجلس الهيئة.

خامساً/ الرئيس/ رئيس الهيئة.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا کەرەم بکەن لیژنەی یاسایی رەئیتان.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە تەئیدی دەقی ماددەکە دەکەین، بەڵام لە موقەدیمە ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوەو، داواشمان کردووە کە بڕگەی دوو لە ماددەکە لاببرێت، ئەویش کە تەعریفی پەرلەمانە، لەبەر دوو سەبەب، سەبەبی یەکەم/ ئەو دەستەواژەیە لەناو یاساکەدا نەهاتووە، عادەتەن تەعریفیش کە لە موقەدیمەی یاسا دێت، ئەگەر هات و دەستەواژەکە تیکرار بۆوە، ئێمە تەدقیقمان کرد هیچ تیکرار بوونەوەیەکی تێدا نییە، ئەمە یەك.

دوو/ لە قەوانینی تر، هی خۆمان و لە دەستووریش، ئەم تەعریفاتانە هەمووی هاتووە، بۆیە ئێمە لێرە بە زیادی دەزانین، ئەمە دەقی رەئیەکەی ئێمەیە وەکو لیژنەی یاسا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان تکایە.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری له رەئی لیژنەی یاسایی دەکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن لەسەری، ئێستا ناویان دەنووسین، هەر کەسێك دەیەوێت قسە بکات لەسەر ماددەی یەکەم، نوقتەی نیزامیە، کەرەم بکە، فەرموو.

بەڕێز عبدالله محمد نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنار دەکەم عینوانەکەشی ئەگەر بکرێت، چونکە هەندێك راو بۆچوونی جیاواز رەنگە لەسەر داڕشتنەوەی عینوانەکە.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ناوت بنووسە، ئینجا قسە بکە، باشە برای من، ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ قسە بکەن:

محمد سعید،بیلال سلێمان، دانا سعید، جمال طاهر، تارا، بێریڤان، ئاسۆ، پەیام، پەریهان، عبدالله مەلا نوری، عدنان عوسمان، رزگار، سالار مەحمود، گولیزار، رفیق صابر، عبدالرحمان حسین، ناسك، ئەڤین عمر، کەسی تر هەیە؟، ئەو بەڕێزانەی ناویان ئیزافە کرد، هاژە سلێمان، پەروین، کەیلی ئەکرەم، د.احمد.

بەڕێز حمە سعید حمە علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەسەر ناوەکەی، بە تایبەتی وشەی ناکۆکی لەسەر تێبینیم هەیە، ناکۆکی لە نێوان دوو کەسە، هەرێم و عیراق، دوو جیهەت، کە دەڵێی ناکۆکی دەگونجێ و ئەویش حەق بێ، ئێمەش لەسەر حەق بین، بەڵام ئەم ناوچانە بە پێی دۆکیومێنتە میژوویی و یاساییەکان، کوردستانین، ئێستا دابڕێنراون لە ئێمە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ناکۆکی لەسەرەکان نابێ بنووسین، بۆیە بنووسین دابراوەکان یان دابڕینەکان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار بیلال سلێمان فەرموو.

بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من هەمان قسەکانی کاك حمە سەعیدم هەبوو کە کردی و تەئیدی ئەوە دەکەم کە ئەو ناوچانە بکرێت بە ناوچە دابڕێنراوەکان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

رێزدار دانا سەعید فەرموو.

بەڕێز دانا سعید صوفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هەر تەنیا تێبینیم لەسەر ناوی دەستەکەیە، بەڵام گرنگ نیە بە نیسبەت منەوە ئەگەر جێی ناکۆکەکان بێت یاخود دابڕاوەکان بێت، بەڵام ئەوەی کە ناوەکەی بەو شێوەیە هاتووە لە پرۆژە یاسایەکە، لە راستیدا ناو نیە، دەکرێتن بڵێین جوملەیەکی خەبەریە، لەبەر ئەوەی دەستەی گشتی بۆ ناوچەکانی ناکۆکیان لەسەرە لە هەرێمدا، ئەوە دەبێتە جوملەی خەبەری نابێتە هین لە کوردی با بڵێین، دەکرێ دەستەی گشتی ناوچە جێ ناکۆکەکان بێ، یاخود ناوچە دابڕاوەکان بێ، نەك کە ناکۆکیان لەسەرە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار جمال طاهر فەرموو.

بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس، پێشنیار دەکەم دەستەواژەیەك ئیزافە بکرێ ، سادسأ: ئەگەر پەرلەمان لادرا ئەوە دەبێتە خامسأ، تەعریفی بکەن: المناطق المتنازع علیها چیە؟، بنووسرێ تلك المناطق المقتطعة من کوردستان و المشمولة بالمادة 140 من دستور العراق الاتحادي، تەعریف بکرێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار تارا خان فەرموو.

بەڕێز تارا تحسین یاسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من هەر وای دەبێنم بەس تێبینیم لەسەر ئەوەیە، الاقلیم ، اقلیم کوردستان، العراق: العراق الاتحادی بێ، تاکو زیاتر پێشان بدرێ کە ئەو ناوچەیە ناوچەیەکە کە دابڕاوە بە پێی مێژوو لە شوێنەکان و ئێستاش بە هۆی ئەوەی کە عیراقی فیدرالییە یان ئیتیحادیە، ئەم شتە دەستەبەر بکرێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار بێریڤان خان فەرموو.

بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من بە نیسبەت ئەم یاسایە، پێشنیارێکم هەیە، ئەویش حەز دەکەم لێژنەیەك دروست بکرێ لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە هەماهەنگی ئەندامانی کوتلەی کوردستانی لە بەغدا، ماددەی 140 جێبەجێ بکەن، چونکە ماددەی 140 ماددەیەکی دەستوورییە، دەبێ لە حکومەتی فیدرالیەوە جێبەجێ بکرێ، ئەگەر هاتو بەو شێوەیە بێت مانای ئەوە شەرعیەتی زیاتر هەبێ لەلای من، بە نیسبەت ماددەیەکی تریش هەیە، ماددەی یەکەم بەشی سییەم نووسراوە، ناوچەکانی ناکۆکیان لەسەرە لە هەرێمدا، هێشتا ئەو ناوچانە نەگەڕایتەوە هەرێم، ئەوە هەوڵی بۆ دەدەین بگەڕێتەوە هەرێم، لە ئێستاوە ئێمە دامانناوە لە هەرێم، ئەوە هیوای ئێمەشە بگەڕێتەوە بۆ هەرێم، ماددەیەکی تریش حەز دەکەم زیاد بکرێ، ئەویش ئەوەی بنووسرێت

بڵێ ئەو یاسایە کاتیە لە کاتی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ئەوە نامێنێت، بەڵام لەناو پێشنیاری یاساکە یان پرۆژەکە نەنووسراوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ.

بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تێبینی من لەسەر بڕگەی سێیەمە لە ماددەی یەکەم، لەسەر ناوی دەستەکە، لە ڕاستیدا ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە لە هەرێمدا نین، بەڵکو لە نێوان هەرێم و حکومەتی ئیتیحادیە، بۆیە پێشنیار دەکەم ناوەکە بەو شێوەیەی لێ بێت، دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان، وای لێ بێ، چونکە ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە لە هەرێمدا نین، ئەمەیان یەکەم، دووەمیان: بە نیسبەت ئەو پێشنیازەی کە کاك جەمال کردی، بەڕاستی پێویستە تەحدیدی ناوچەکانی کێشە لەسەر بکرێ، چونکە لە دەستووری عیراقیدا تەنیا کەرکووك بەناو ناوی هاتووە، پێویستە ناوچەکانی دیکەش لەو قانونەدا تەسمیە بکرێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار پەیام فەرموو.

بەڕێز پەیام احمد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە منیش هاوڕام لەگەڵ قسەکانی کاك محمد و کاك بیلال، ئەوەی عینوانەکەی المتنازع علیها بگۆڕدرێت بە (المستقطعة)، چونکە وەکو فەرموویان ئەوە موتەنازع نیە، بەڵکو ئەمە دابڕاون لە کوردستان، ئەو ناوچەیە بە پێی مێژوو بە پێی ئەوەی کە ئەوە ناوچەیەکی کوردستانیە، بەڵام دابڕاون، هەروەها لە سێیەم: الهیئة العامة للمناطق المتنازع علیها، ئەویش هەر بگۆڕدرێ بە المناطق المستقطعة، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار پەریهان فەرموو.

بەڕێز د. پەریهان قوبلای محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش سەبارەت بە ماددەی یەکەم بڕگەی سێیەم، عەینی شت، الهیئة العامة للمناطق المتنازع علیها في الاقلیم، ئەگەر بکرێ بە المستقطعة واتا دابڕاوەکان، لەبەر ئەوەی کە ئێمە بڵێین (المتنازع علیها) واتا ئەوە خۆشمان بە قوەت نابێت، تا ئێستا یەکلاییمان نەکردووتەوە، بەڵام ئەوان دابڕاون، بەشێکن لە کوردستان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عبدالله مەلا نوری.

بەڕێز عبدالله مەلا نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس، قسەکانم کرا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عەدنان عوسمان فەرموو.

بەڕێز عدنان عثمان محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس منیش هەر ئەو ڕایانەم هەیە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار رزگار فەرموو.

بەڕێز رزگار محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئیقتیراح دەکەم ناوەکە بەم جۆرە بێت: هیئـە الاجـزاء المستقطعة مـن الاقلـیم، لـە کاتێکدا کـە ئیقلیمـیش تەعریف دەکرێ ئەوە مەعلومە، بەس ئەوەندە بێت هیئة الاجزاء المستقطعة من الاقلـیم ، ئـەوە یـەك، دوو: کە دەڵێ: تکون للکلمات والتعابیر المبینة ازاءها، پێم وایە کلمات و تەعابیر، یـان مصطلحات وەکـو ئـەوەی لـە لێژنەی قانونی هاتووە، یەکێکیان بەسە، یقصد بالتعابیر الاتیة المعاني المبینة ازاءها لاغـراض هـذا القـانون، چونکە کە ئەڵێ مصطلح، مصطلح مەفهومێکی دیاری کراوی هەیە و مەعنایەکی تایبەتی خۆی وەرگرتووە، ئیتر ئێمە پێویست ناکات، لێرە کە ئەڵێ ئیقلیم ئەوە تەعبیرێکە و بەو جۆرە کـە دێتـە خـوارەوە، کەلیمـەی بە تەعبیر بەکار بێنین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بە دەقیقی توخوا چی بوترێت؟

بەڕێز رزگار محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یقصد بالتعابیر الاتیة المعاني المبینة ازاءها لاغراض هـذا القـانون، لەگەڵیشی جـوزئی موسـتەقتەع تـەعریف بکرێ ئەویش، چونکە مـن کـە ئـەڵێم عینوانەکـە بـەم جۆرە بێت، هیئـة الاجـزاء المسـتقطعة، کـە جـوزئی موستەقتەع ئەویش دیاری بکرێ لە تەعریفەکاندا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سالار مەحمود فەرموو.

بەڕێز سالار محمود مراد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە راستیدا من ئەوەی تێبینمە لەسەر ناونیشانی پرۆژەکە، رام وایە هاوتا لەگەڵ دەستووری عیراقی، ئەوەی لە ماددەی 140دا هاتووە، راستە لەباری عاتیفەی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە لەوانەیە وشەی دابڕاو جۆرێك ئەهوەنمان بکاتەوە، بەڵام بیرمان نەچێ بەشێکی زۆر لە ناوچەکە، لە ناوچە جێی ناکۆکەکاندا سیاسەتێکی ئەمری واقیع مامەڵە دەکرێ بە جۆرێك کە هەموومان درکی پێ ئەکەین، بەڵکو ئەو ناوچانە ناوچەی جێ ناکۆکن و وەکو ئەو حاڵەتە بمێنێتەوە، لە راستیدا بۆ ئەم پرۆژەیە گرنگە تەعریفەیەك هەبێ بۆ تەواوی ئەو ناوچانەی کە ئێمە بە ناوچەی جێی ناکۆکی دائەنێین، ئەو هەڵەی کە کاتی خۆی لە ماددەی 140 هاتووە لەناوەکە، ناوی شار و شارۆچکە و کوردستان دەستنیشان نەکراوە، لێرەدا دەستنیشان بکرێ، ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئەو ناوچانەی جێ ناکۆکن لە کوردستان، چونکە ناوچە جێ ناکۆکەکان لە عیراقدا لە ناوەراست و لە باشووریش هەن، ئەبێ ئێمە ئەم یاسایە تایبەتەند بێ بە نیشتمانی خۆمان و ئەوەی پەیوەندە بە کوردستانەوە، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار گولیزار فەرموو.

بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی دەستەکە، دەستەی گشتی ناوچە دابڕاوەکان بێ، بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە ئەو ناوچانە کوردستانین، نەك حەق بدەین بە حکومەتی مەرکەزی کە مافی ئەوانی بەسەروەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ڕەفیق صابر، فەرموو.

بەڕێز د.رفیق صابر قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشنیار دەکەم کە ناوی دەستەکە بە عەرەبی(هیئة المناطق المستقطعة) و بە کوردیەکەش، دەستە دەستەواژەیەکی بچووکە، ئێمە بۆ ئەو دەزگایانەی کە لە ئاستی وەزارەتدا نیە و سەرۆکەکیان لە ئاستی وەزارەتە یاخود ڕاستەوخۆ بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێنەوە، وشەی دەزگا بەکاردەهێنین لە جیاتی ئەوە لەبەر ئەوە بە کوردیەکە پێشنیار دەکەم دەزگا بێت لە جیاتی دەستە، لە هەمان کاتدا لە خاڵی سێیەم، دەبێت ئەو کاتە دەستەکە وای لێ بکرێت ناوەکەی: دەستەی ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان، یەعنی دابڕاون لە کوردستان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هەمان تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی سێ، کە دەڵێت: دەستەی گشتی بۆ ناوچەکانی ناکۆکیان لەسەرە لە هەرێمدا، پێم وایە بکرێت بە دەستەی گشتی بۆ ناوچە دابڕاوەکان لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوە ئەگەر ئێمە بێین سەیری بکەین، راستە لەوانەیە بڕگەیەك یان ماددەیەك لە دەستووری عیراقیدا هاتبێت کە دەڵێت ناوچە ناکۆکیەکان، بەڵام ئەوە تەبیعی لەسەر ئێمەیە، ئێمە بڕیار لەسەر پرۆژەکە دەدەین کە ئێمە مەسیری ئەو مەنتیقانە دیاری دەکەین و کە ئێمە لەسەر بچین بۆ دواداچوون، چونکە ئەگەر ئێمە ئەوە نەکەین هەروەکو خۆی بمێنێتەوە کەواتە ئێمە حەقێك ئەدەین بەبەرامبەرەکەمان کە ئەوانیش لێرە شەریکن لەگەڵ ئێمە لەو شتە، نابێ ئەوە بمێنێتن چونکە نابێ شەریکی ئێمە بن، لەئەساسدا کوردستانیە و کوردستانی دەبێ و نابێ، دەبوایە لە ئەساسدا ئەم ماددانە و ئەو هەموو شتانەش نەبوایە، ئەوە حەقی خۆمانە، کوردستانە، دەبی ئێمە ئێستا موصڵ بین لەسەر ئەم شتانە کە کوردستانە و کوردستانی دەبێ و لەسەر بمێنێ، دەبێ بڵێین ناوچە دابڕاوەکان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ناسك خان فەرموو.

بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە منیش هەمان مولاحەزەم هەیە لەسەر ناوەکەی، بەڵام ئەگەر وترا ئەوە تەعاروز دەکات لەگەڵ دەستوور، پێم باشە لە ماددەی سێیەم لە ماددەی یەکەمدا لە پێناسەکە بە موستەفتەع بێت و ناوی شوێنەکانیش بوترێت، ئەمە یەك: دوو: لە بڕگەی دووەم کە ئەڵێین بە پێی تەرحەکەی لێژنەی قانونی کە ئەڵێین ناوی پەرلەمانی ئیقلیم با لابرێ، من پێم وایە ئەوە بهێلێنەوە بۆ دوایی، چونکە ئەگەر بێت و لە تەرحەکەی تریان کە ئەڵێ با بە دەرەجەی وەزیر بێ، ئەو کاتە ئەبێ بە ئەکسەریەت دەنگ بێنێ، لەناو پەرلەمان دەنگی بۆ بدرێ.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە بەس بۆ ماددەی یەك موناقەشەی ئەکەین، کەی چووینە ئەولا بەسەر چاو.

بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مادەم لابردنی ئەم وشەیە، پەرلەمانی ئیقلیم، من ئەڵێم ئەمە بهێلدرێتەوە، چونکە دواتر پەیوەندی بە فەقەرەکانی تری هەیە، ئەگەر بێت و ئێمە ناوی پەرلەمانی ئیقلیم بهێنین دواتر ئەو ناوە، چونکە ئەگەر بە دەرەجەی وەزیر بێ ئەبێ پەرلەمان تەصویتی بۆ بکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئەڤین عومەر فەرموو.

بەڕێز ئەڤین عمر احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش لەگەڵ ئەوەدام کەوا ناوی دەستەکە بگۆڕدرێ، بەڵام ئەوەی لە عەرەبیەکەیدا هاتووە، موتابیقە لەگەڵ ئەوەی کە لە دەستووردا هاتووە، بۆیە باوەڕ ناکەم پێویست بکات دەستکاری بکات، تەنها و تەنها ئەوە نەبێت کە هەرێمی کوردستانی عیراقی لەسەر هەلگیرێت، بەڵام بۆ دەستەواژە کوردیەکەی من پشتگیری ڕەئیەکەی کاك ئاسۆ دەکەم کەوا فیعلەن ببێتە ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەڵام بەبێ ئەوەی هەرێمی کوردستانی عیراقی لەسەر بێ، لەبەر ئەوەی بەڕێزی ڕوونی کردەوە و پێویست ناکات من دووبارەی بکەمەوە، هەروەها سەبارەت بە پەرلەمانی کوردستان، منیش هاوڕام لەگەڵ لێژنەی یاسایی کەوا پێویست ناکات پەرلەمانی کوردستان لێرەدا زکر بکرێ، بەڵکو ئەگەر هەلگیرێ باشترە، پشتگیری ڕەئیەکەی کاك جەمال دەکەم کەوا فیعلەن پێویستە لێرە ئێمە تەعریفێکی ئەو شوێنانە بکەین کە جێگای ناکۆکی و کێشەیان لەسەرە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

بەڕێز هاژە سلێمان مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هەر لەسەر ناوی پرۆژە یاساکە تێبینیم هەیە کە ئەو ناوچانە دابڕێنراون لە هەرێمی کوردستان، بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو لەسەرەتای سالّی حەفتاکان، بۆیە ئەوە ئەمری واقیعە و ئەبێ ناوەکەی بەوشێوەیە بێت باشترە، پرۆژە یاسای دەستەی ناوچە بڕێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق، دەربارەی ماددەی یەکەم، پشتگیری لە ڕای بەڕێز کاك جەمال دەکەم کە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ بە پێی پێناسە کردنی ئەو ناوچانە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار پەروین خان فەرموو.

بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بێگومان گۆڕینی وەزارەت بۆ دەستە، وەزارەت تەبعەن مهام وحقوق و واجیبات خۆی هەیە، ئەگەر گۆڕینی وەزارەت بۆ دەستە بە بچووکبوونەوەی، ئایا مەهام و حقوق و واجیباتی وەزارەتەکە کە بوویتە دەستە ئایا کەم دەبێتەوە، بچووك دەبێتەوە یان کەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟، بڕگە و ماددەکانی 140 بە دەستی عیراق لە ڕووی مالی و بڕیار لێدانی، ئایا ئەم دەستەیە دەبێت بە جێبەجێکاری ئەم کارە؟، یاخود مونەسیق دەبێ لە نێوان هەرێم و حکومەتدا؟، واتا دەبێتە کەسی دووەم، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار کەیلی ئەکرم فەرموو.

بەڕێز کەیلی اکرم احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت ناوەکەی لە جیاتی دەستە ببێت بە کۆمیسۆنی بالأ، سەرەتای ماددەکەش بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە، مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بەڕێز د.احمد فەرموو.

بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت ناوەکەیەوە، پرۆژە یاسای دەستەی گشتی بۆ ئەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەرە، پێم وایە لە کوردیەکەیدا تۆزێك ڕەکیکە، ئێمەش لەگەڵ ئەو خوشك و برایانەی کە پێشنیار دەکەن کە ناوەکەی ناوچە دابڕاوەکان بێت، بەڵام دیارە کە ئەو دەستەواژەیە، دەستەواژەی ناوچە جێ ناکۆکەکان لە دەستوور و یاسای عیراقیدا چەسپاوە بەراستی، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، لە حەفتاکانیشەوە ئەو ناوچانە لە نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عیراقی بە ناوچە جێ ناکۆکەکان هاتووە، ئەمڕۆش بە ئەمری واقیع ئەو ناوچانەی ناوچەی جێ ناکۆکن، ماددەی 140 یش لەناو دەستووردا جێی بۆ کراوەتەوە، پێم وایە ئەگەر ناوچەی جێ ناکۆکیش بێت، گرفتێك نیە، بەڵام ناوەکە بەوشێوەیە کە لێرە هاتووە، تۆزێك دابڕشتنەوەی ئەوێت، ئەگەر بکرێ پرۆژە یاسای دەستەی گشتی ناوچە جێ ناکۆکەکان بێت باشترە لەوەی کە ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە، تۆزێك کوردیەکەی ڕەکیکە، منیش لەگەڵ بەڕێز حاکم ڕزگارم، وشە و زاراوە پێویست ناکات هەردووك بەیەکەوە بێت، هەر چەندە زاراوە بەرامبەر تەعابیر نیە لە عەرەبیدا، تەعابیر واتا دەربڕین لە کوردیەکەدا، زاراوە بەرامبەر موستەلەحە لە کوردیەکەدا، ئەگەر بکرێ تەنها ئەم وشانەی خوارەوە بێت، پێم وایە کافیە، یاخود ئەم دەربڕینانەی خوارەوە، نەك ئەم وشە و زاراوانەی خوارەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، لێژنەی یاسایی ڕەئیتان دەربارەی ئەو ڕا و بۆچوونانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تکایە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە زۆر مولاحەزات پێشکەش کرا لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، زیاتر ئەو مولاحەزاتانەی کە درا پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی (المناطق المتنازع علیها)، یان (المناطق المستقطعة)، عەجەبا کام دەستەواژە بەکاربێنین؟، بە حەقیقەت ئێمە، راستە بە نیسبەت ئێمە وەکو کورد مەناتیق موستەقتەعەیە، وەکو ئەو مەنتیقانە لە ئێمە دابڕاوە، لە رووی سیاسیەوە، لە رووی تەئریخیەوە، لە رووی جوگرافیەوە، لە رووی نەتەوەیشەوە ئێمە موتەمەسیکین بەو ئەرزانە، فیعلەن ئەو مەناتیقە موستەقتەعانە بۆ ئێمە پڕ بە پێستێتی، بەڵام ئەگەر ئێمە سەیری دەستووری عیراقی فیدرال بکەین، نابێ ئێمە تەعاروزمان ببێ بە نیسبەت ئەم دەستەواژە لەگەڵ دەستووری عیراقی فیدرالێ، چونکە لە دەستووری عیراقی فیدرالێ (المناطق المتنازع علیها) هاتووە، ئەمە یەك، بە نیسبەت هەندێ بۆچوون هەبوو علی اساس تەعریفی (المناطق المتنازع علیها) بکرێت، ئێمەش بەراستی پشتگیری ئەو رەئیە دەکەین، کە پێویستە (المناطق المتنازع علیها) تەعریفێکی بۆ بکرێ، تەعریفێکمان ئامادە کردووە، دوای ئەوەی کە کۆی ماددەکە دەخوێنینەوە، تەعریفەکەشی لەگەڵ دەخوێنینەوە، دوا رەئیش رەئی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە، بە نیسبەت دروست کردنی لێژنەیەك بۆ هەماهەنگی نێوان ئێرە و بەغدا، بەڕاستی ئەمە جێگای بە قەناعەتی ئێمە لەم یاسایە نابێتەوە، ئەگەر ئێمە ویستمان شتێك لەو بابەتە بکەین، ئەوە پاشان پەرلەمان ئەتوانی بە بڕیارێکی تایبەت ئەم قەرارانە بدات، بە نیسبەت ئیزافە کردنی عیراقی ئیتیحادی، ئەوە عیراقی ئیتیحادی لە دەستووری عیراق بە رووں و ئاشکرا هاتووە، یەعنی لێرە زۆر موجیب نیە رەنگدانەوەی هەبێ لە یاساکانی ئێمە، موهیم دەستووری عیراقی فیدرالّە کە عیراقیەکان دەنگیان بۆ داوە، بە گەلی کوردستانەوەش، بە نیسبەت تەحدیدکردنی ناوچەکان، ئێمە تەحدید کردنی ناوچەکان بە قەناعەتی ئێمە، ناکرێ لێرە تەحدیدی بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش تەحدیدمان نەکردووە، بەڵکو ئیعتیمادمان کردووە لە بۆ حدودی کوردستان، ئیعتیمادمان کردووە سەر جێبەجێ کردنی ماددەی 140 بۆ ئەوەی تەحدیدی حدودی کوردستان لەو دەستوورەدا لەسەر ئەم ماددەیە کراوە، بۆیە ناکرێ ئێمە لێرەوە تەحدیدی ئەو مەناتیقانە بکرێ، ئەمە کۆی ئەم مولاحەزاتانە بوو کەبۆمان هاتووە، مولاحەزەی ئەخیریش بەڕێزێك لە ئەندامانی پەرلەمان ناردوویەتی و دەڵێ: ناوەکەی بگۆڕدرێ بۆ (الهیئة العامة في اقلیم کوردستان للمناطق المتنازع علیها)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی ناوەخۆ رەئیتان .

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

رەئی لێژنەی ئێمە، لێژنەی ناوەخۆ، دەستەی گشتی ناوچەکانی ناکۆکی لەسەرە لە نێوان هەرێم وحکومەتی عیراقی فیدرالّدا، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا گوێتان لێ بوو بەو شکلە، ئێستا ئەوەی کاك شێروان و لێژنەی یاسایی رووونیان کردەوە، بە حەقیقەت شوێنە دابڕاوەکان، بەڵام بۆ ئەوەی موعاریز نەبێ لەگەڵ دەستوور، من پێشنیار دەکەم ئەگەر لای ئێوەی بەڕێز پەسند بێ و لێژنەی یاسایی وەریبگرێ، بنووسین شوێنە دابڕاوەکان (المسمى بالمناطق المتنازع علیها)، ئەگەر کاك شێروان لەسەر ئەەم پێشنیارە بڵێی شوێنە دابڕاوەکان (المسمى بالمناطق المتنازع علیها)، بۆ ئەوەی هەردوو حاڵەتەکە چارەسەر بکرێ، بۆ ئەو پێشنیارە ئەگەر رەئیتان.

بەڕێز شێروان حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێستا ماددەکە دەخوێنینەوە لەگەڵ ناوی یاساکە، بەو گۆڕانکارییە و بە ئیزافاتانەی کە هاتە سەری کە پشتگیریمان لێ کرد، بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان و دوا رەئیش رەئی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە.

مشروع قانون الهيئة العامة في اقليم كوردستان للمناطق المتنازع عليها

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

اولاً/الاقليم: اقليم كوردستان- العراق.

ثانياً/ الهيئة: الهيئة العامة لاقليم كوردستان للمناطق المتنازع عليها.

ثالثاً/المجلس: مجلس الهيئة .

رابعاً/ الرئيس: رئيس الهيئة.

خامساً/ المناطق المتنازع عليها: هي المناطق المستقطعة من كوردستان العراق خلافاً للوقائع التأريخية و الجغرافية والمشمولة بأجراءات التعريب و تغيير الهوية القومية من قبل نظام البعث.

ئەمە پێشنیارەکەیە ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئەگەر کەس مولاحەزەی لەسەر ئەم پێشنیارە نیە ئەیخەینە دەنگدانەوە، دوو کەس، کاك حاکم رزگار و پاشان کاك عبدالله مەلا نوری، پاشان کاك ئارام.

بەڕێز رزگار محمد أمین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزی کەلیمەی (الاتية)ی لە بیر کرد، (يقصد بالتعابير الاتية)، وا نیە؟ هەر ئەوە بوو.

بەڕێز عبدالله مەلا نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەلا من نازانم بۆ چی لەوە بترسین ناوەکە بەو شێوە بێت کە خۆمان ئەمانەوێ، بە تایبەت ئەم یاسایە بۆ تەنزیم کردنی هەیئەیەکە کە لە هەرێمی کوردستاندا ئیش دەکات، ئێمە بۆ چی خۆمان بدەینە دەستی ئەو قەدەرەوە کە لە ماددەی 140 ناوێك هاتووە کە بۆ خۆی ناوەکە هەموومان ئیعتیرازمان لەسەری هەیە، کە

پێمان وایە هەڵەیە، واتا بۆ چی درێژە بدەین بەو هەڵەیە؟ بۆیە من داواکارم و بەو پێیەی کە کۆمەڵێك لە برادەرانی تریش پێشنیاریان کردووە، ناوچە دابڕێندراوەکان ئەو ناوەش بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کەرەم بکە لێژنەی یاسایی.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەی کاك عبدالله وتی، ئەوە پەیوەندی هەیە بە صیاغە کوردیەکە، بە نیسبەت صیاغە کوردیەکە ئێمە موشکیلەیەکی موزمینمان هەیە لەو پەرلەمانە، پاشان کە عەرەبیەکە پەسند دەکرێ، هەر چ صیاغەکە کە لەسەری رێکدەکەون لەگەڵ زمانەوانەکان، ئێمە مانیعمان نیە، ئەوە بە نیسبەت کاك عبدالله، بە نیسبەت کاك حاکم ڕزگار، ئێمە (الاتیة)ی ئیزافە دەکەین، بە نیسبەت ئەو لێژنەیەی کە بێریڤان خان ئیشارەتی پێدا، من وتم جێگای لەو یاسایە نابێتەوە، ئیمکان هەیە ئەوە بە بڕیارێکی پەرلەمان لێژنەیەك لەو بابەتە تەشکیل بکرێ بۆ هەماهەنگی کردن لە نێوان هەردوولا و زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کەرەم بکە فەرموو، یەك کەس ماوە قسە بکات.

بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیاری ئەو بەڕێزانەی کە باس لە لادانی کەلیمەی (المتنازع علیها) دەکەن، من پرسیارێکم لە لێژنەی یاسایی هەیە، لە کاتێکدا کە باس لە ناوچەیەك دەکەن کە ناکۆکی لەسەرە، بێگومان ئەبێ یان ئیدارەیەکی موشتەرەك دەبێ یان ئیدارەیەکی موستەقیلی هەبێ، هەتا ئەو مەسەلە یەکلایی دەکرێتەوە بە ئیستیفتا، بەڵام وەکو ئاگادارین ئەو ناوچانە تا ئێستا هەمووی سەر بە حکومەتی ناوەندییە، کەواتە جێگە ناکۆك نیە، بەڵکو دابڕاوە، یەعنی هەر خۆی بۆخۆی ئێستا ئیدارەی کەرکووك و ناوچەکانی تریش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دابڕاوە لە کوردستان، مەسەلەی خیلافی دەستووریش، ماددەیەك هەیە لە دەستووری عیراقی، ئەگەر کۆمەڵێك ماددە و بڕگە هەیە کە پێویستە تەعدیل بکرێ، ئێمە لەو یاسایەدا بەڕاستی پێویستە بڵێین دابڕێنراو، بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە نوێنەرەکانی کورد لە بەغدا، ئەوەش بکەن بە یەکێك لەو بڕگانەی کە پێویستە تەعدیل بکرێ، نەوترێ موتەنازیع، چونکە ئەگەر بڵێی موتەنازیع، دەبوایە هەر لە ئەوەلەوە ئێمە داکۆکیمان بکردبایە، کە بە ئیدارەی موشتەرەك، یان بە ئیدارەی موستەقیل ئەو شوێنانە سەرپەرشتی بکرابایە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی ئاخیر تەوزیحتان، کەرەمکە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مـن دووبـارە تەئکیـد دەکەمـەوە، ئێمـە بـەدڵ و بـە گیانـەوە حـەز دەکـەین نـاوی (منـاطق المقتطعـة) یـان (مستقطعة) بێتە ناو یاساکانی ئێمە، بەڵام مەوزوعەکە دەستووری عێراقی فیدرالّە، نابێت قەوانینی ئێمـە، نابێت دەستووری ئێمـە هـیچ تـەعارووزێکی هـەبێت لەگـەڵ دەسـتووری عێراقـی فیـدرالّ، ئـەم دەسـتەواژەیە لێرەشدا داخیلی بکەین باوەڕ ناکەم چ قیمەتێکی قانونی هەبێت بەرامبەر بە دەستورێکی ئیتیحـادی، بۆیـە ئێمە لەگەڵ ئەو دەسـتەواژەینە کـە لـە دەسـتووری عێراقـی فیدرالّـدا هـاتووە، تەعریفیشـمان بـۆ کـرد، ئـەو تەعریفەی کە خوێندمەوە پڕ بە پێستیەتی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەعریفەکە دووبارە بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بەڕێزان گوێیان لێ بێت، جارێکی تر.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المناطق المتنازع عليها: هي المناطق المستقطعة مـن كوردسـتان - العـراق خلافاً للوقـائع التاريخيـة والجغرافيـة والمشمولة بإجراءات التعريب وتغير الهوية القومية من قبل نظام البعث.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان،ئـەم پێشـنیارە تەوزیحـە یاسـاییە، دەستووریشـە، دەیخەینـە دەنگدانـەوە، ئێسـتا وەك ئـاخیر جـار خوێندرایـەوە، کـێ لەگەڵدایـە تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، دوو کـەس لەگەڵدا نییـە بەزۆرینـەی دەنـگ پەسـند کـرا، ئێسـتا ماددەکـە هـەمووی لەگەڵ عینوانەکەی بەو تەعدیلەی کـە دەنگتـان بـۆدا، دەیخەینـە دەنگدانـەوە، کـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵداندییە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـەکۆی دەنـگ پەسـند کـرا، بـۆ ماددەی دوو تکایە.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی دووەم:

یەکەم: بە پێی ئەو یاسایە دەستەیەك پێك دێ بـە نـاوی دەسـتەی گشـتی ناوچـەکانی ناکۆکیـان لەسـەرە لـە هەرێمی کوردستان - عیراق، کەسایەتیەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی و دارایی و کارگێری هەیـە، بارەگاکـەی لە هەولێری پایتەختی هەرێمە و لە ڕووی کارگێڕییەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلکێ.

دووەم: بارەگای سەرەکی دەستە لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ و دەشێ نووسینگە لـە پارێزگاکـانی تـر بکاتەوە.

بەڕێز د. زانا ڕۆوف حمە کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الثانية:

أولاً: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة بإسم الهيئة العامة للمناطق المتنازع عليها في إقليم كردستان - العراق، تتمتع بالشخصية المعنوية و الإستقلال المالي و الإداري، و يكون مقرها محافظة أربيل عاصمة الإقليم، و ترتبط إدارياً برئاسة مجلس الوزراء.

ثانياً: يكون مقر الهيئة الرئيس في محافظة أربيل عاصمة الإقليم، و يجوز لها فتح مكاتب في المحافظات الأخرى.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ دەستەواژە تیکراری تێدایە، وزوحی تێدا نیە، بۆیە ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە بەو شێوەیەی کە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە،

أولاً: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة بإسم الهيئة العامة لأقليم كردستان للمناطق المتنازع عليها، تتمتع بالشخصية المعنوية و الإستقلال المالي و الإداري، و ترتبط إدارياً برئاسة مجلس الوزراء.

ثانياً: يكون مقر الهيئة الرئيسي في أربيل عاصمة الإقليم و يجوز لها فتح مكاتب في محافظات الإقليم و المناطق المتنازع عليها.

زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی ناوخۆ ڕەئیتان؟

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕەئی لێژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی (2) بەو شێوەیە بنووسرێتەوە:

بارەگای سەرەکی دەستە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێ و دەشێ نووسینگەی لە پارێزگا پەیوەندیدارەکان و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بکاتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، دەستی بەرز بکات، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسیوە: گەشە دارا، هاوڕاز خۆشناو، رفیق صابر، سیوەیل عثمان، سەردار رشید، سالار محمود، دانا سعید صوفی، خلیل عثمان، حاکم ڕزگار، حمە سعید، هاژە سلیمان، کەسی تر ماوە بیەوێ قسە بکات و ناوی نە نووسرابێ؟ نیە، زۆر سوپاس، گەشە خان فەرموو.

بەڕێز گەشە دارا جلال:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئەو ماددەیە باس لە پێناسەی دەستەکە دەکات، من پێم باشە بەو شێوەیە بڵێ، (کەسایەتیەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی و پسپۆری هەیە)، کە لە ماددەی شەشیش دا باس لە پسپۆری فەرمانگەکان دەکات، ئەوە زۆر گرنگە کە لە پێناسەکەدا ڕەنگ بداتەوە، چونکە کاتێ کە ڕژێمی بەعسی پێشوو ئەو ناوچانەی دابڕیوە و هەوڵی گۆڕینی دیموگرافی و زمانی کلتووری کوردستانی داوە، بە شێوەیەکی پسپۆری کردوویەتی، لەبەر ئەوە لە پێناسەکەشدا ئەوە دابنرێ زۆر باشە، لە بڕگەی دووەم منیش پشتگیری لێژنەی ناوخۆ دەکەم، سەبارەت بەوەی کە نووسینگەی لە پارێزگاکان و ناوچە جێ ناکۆکەکان بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار هاوڕاز خان، فەرموو.

بەڕێز هاوڕاز شێخ أحمد حمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەسەر ماددەی (2) بڕگەی (1) کە نووسراوە لە ڕووی کاگێڕییەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلکێ، من پێم باشە بەڕاستی سەر بە پەرلەمانی کوردستانەوە بێت، ئەویش بەڕاستی لەبەر گرنگی و هەستیاری دەستەکە، کە زۆر گرنگە، ئەوە بەشێك نیە وەکو وەزارەتێك پەیوەندی بە بەشێکی ئیشەوە هەبێ، پەیوەندی بەکۆی هەموو کوردستانەوەیە، مەسەلەیەکی زۆر حەساسی لەبەر دەستدایە، لە ڕووی کار و بڕیارەکانەوە، بەڕاستی زۆر گرنگە، زۆر هەستیارە، بۆیە من پێم باشە سەر بە پەرلەمانی کوردستانەوە بێ، بڕگەی دووەم لە ماددەی دووەم، نووسینگە لە پارێزگاکانی تر، من لەگەڵ ئەوەدام بەڕاستی ئەو پەیوەندیدارە، نووسینگەی لە پارێزگاکانی پەیوەندیدار هەبێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار د. رفیق.

بەڕێز د. رفیق صابر قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو ماددەیە لە (2) بڕگە پێك هاتووە، لە ڕووی تەکنیکیەوە پێموایە باشترە لە جیاتی یەکەم و دووەم، بە ژمارە بنووسرێ (1)، (2)، چونکە ماددەکانی تر، دواتر کە چەند بەشێك بن، بە ژمارە نووسراون، نەك بە حەرف یەکەم و دووەم، لەو دوو بەشەی ئەو ماددەیەدا، دوو جار دووبارە کراوەتەوە کە بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ، زیادەیە بە بۆچوونی من دووجار لە یەك ماددەدا ئەوە دووبارە بکرێتەوە، بۆیە لە بەشی یەکەمیاندا باشترە ئەوەیان هەڵبگیرێت، هەر ئەوەی بەشی دووەم بمینێت، لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کە کرا، بەوەی کە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم و ناوچە جێ ناکۆکەکان بتوانێ بارەگا بکاتەوە، لە هەمان کاتدا، ناکرێ بەس لە ڕووی ئیداریەوە سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێ، یان لە ڕووی ئیداریەکەوە لاببرێت، بلکێندرێ بە سەرۆکایەتی وەزیران، واتە وەکو هەر وەزارەتێکی تر

ئەوە دەبێ، لە ڕووی ماددی و دارایی و هەموو شتێك، یان هەر وەکو دەزگایەکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ، یاخود ئەو پێشنیارەی لێژنەی یاسایی، کە کەسایەتی مەعنەوی خۆی و سەرچاوەی دارایی تایبەت بەخۆی دەبێ، یان بودجەی تایبەت بەخۆی دەبێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل خان.

بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت ئەو ماددەیە بڕگەی دووەممان هەیە، بە عەرەبیەکەی نووسرایە، لایەنە زمانەوانیەکەیە، (يكون مقر الهيئة الرئيس) بە عەرەبی پێی دەڵێن (جملة ركيكة)، یان بڵێین (يكون مقر الهيئة الرئيسية)، یان (يكون مقر رئاسة الهيئة في أربيل)، ئەوە بەنیسبت جوملەکەیە، (ويجوز لها فتح مكاتب في المحافظات) لە جیاتی (أخرى) پێم باشە ببێتە (في المحافظات المعنية) پێم باشترە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سەردار، فەرموو.

بەڕێز سەردار رشید محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە دەستە سەربەخۆیی دارایی و کارگێری خۆی هەیە، بەڵام پێمان باشە هەمان قوەت و هەمان دەسەڵاتی ئەو وەزارەتەی پێشووی هەبێ کە تەنزیمی کارەکانی بەینی هەرێم و ناوەندی دەکرد، بە نیسبەت نووسینگەشەوە، جگە لە هەولێر پێمان باشە لە ناو کەرکووك دا لە ڕاستیدا نووسینگەیەکی مەیدانی هەبێ بۆ موتابەعە کردنی کارەکانی دەستە، بە تایبەتی ماددەی (140)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سالار محمود.

بەڕێز سالار محمود مراد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەستە بە مەسەلەیەکی گرنگ لەو ماددەیە، یان لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە ئەوەیە، جگە لە کێشە یاسایی و دەستووریەکان، کێشەیەکی تر هەیە کە خەڵکی ناوچەکانی کێشە لەسەر پێوە دەنالێن، ئەویش مەسەلەی کەمی خزمەتگوزارییە، لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین، بە حوکمی ئەو دۆخەی کە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق کەوتۆتەوە، پرۆژە و مەشاریعی خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوە بە نیسبەت جنوب و ناوەڕاستی عیراق، لە بەصراوە بە گەرمی دەست پێ دەکات، کە دێتە ناوچەکانی کێشە لەسەر ئەو ئاوڕدانەوەیە سارد دەبێتەوە، بە داخەوە لە هەرێمی کوردستانیش دا، لە زاخۆوە دەست پێدەکات بە گەرم و گوڕی پرۆژەکان و خزمەتگوزارییەکان، دەگاتە ناوچەکانی کێشە لەسەر

کەم دەبێتەوە، بۆیە گرنگە ئەو دەستەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ، چونکە دەزگایەکی تەنفیزییە، نەوەکو پەرلەمانی کوردستان، بەڵان من خاڵێك ئیزافە دەکەم، کاتی خۆی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان، لە ناونانی لێژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستاندا پێشنیارێك کرا کە لێژنەیەکی کاتی بە ماددەی (140) و ناوچە کێشە لەسەرەکان بکرێتەوە، هیوادارم گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە ببێتە بیر هێنانەوەیەك بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە ئەوە کاتی هاتووە، مەسەلەیەکی گرنگە، سەبارەت بە ئەو مولاحەزەیەی کە بەڕێزان لە لێژنەی یاسایی داویانە، سەبارەت بە داڕشتنی ڕستەی کۆتایی لە ماددەکە دەڵێ: (دەشێ نووسینگە لە پارێزگاکانی هەرێم و ناوچە جێ ناکۆك لەسەرەکان بکاتەوە)، تەصەورم وایە دەستەواژە یان وشەی دەشێ، (یجوز) زۆر ئیلزامی نیە، بە تایبەتی بۆ پارێزگاکانی هەرێم ئەگەر مەسەلەیەکی ئاسایی بێ، من ڕام وایە پێویستە بۆ ناوچەکانی کێشە لەسەر نووسینگە هەبێت، بکرێتەوە، چونکە خەڵکی ناوچەکان کە لە ڕووی ئیداریەوە، لە ڕووی مالیەوە، لە بواری تەرەوە، کە پەیوەندیان بە ئەو دەستەیەوە دەبێ، پێویست ناکات بێنە ناوچەکانی تر، لە شوێنی خۆیاندا بتوانن کاروبارەکانیان بەڕێوەببەن، ئەوەش هەنگاوێکە بۆ خزمەتکردنی ئاراستەی ئیحتیواکردنی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەسەر ئەو ناوچانەدا، من لێرەدا ئەگەر فورسەت هەبێ وەکو تەوصیات، یان وەکو پێشنیارێك لە کۆتایی ماددەکەدا بێ، یان هەر لێرەدا بێ، ئەوە بخرێتە ڕوو کە کاتی خۆی ئێمە لە بودجەی ئەو ساڵی هەرێمی کوردستاندا مەسەلەی صندووقێکی تایبەتمان بۆ کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان دەستنیشان کرد....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە ئێستا لە ماددەکە دەرمەچوو، ئەگەر هاتە جێیەکی تر، لە پاشان دەتوانی شتێك پێشنیار بکەی، ئەگەر لێت وەربگیرێ، بەس ئێستا لەسەر ئەو ماددەیە، دەقیق لەو ماددەیە، ئەو شکلەی هاتووە، ئەو مولاحەزانەی جەنابت دات، پێت باشە، یان ئیزافە بکرێ، لابدرێ، سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ، تکایە.

بەڕێز سالار محمود مراد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەنها تەرکیز دەکەمەوە سەر ئەو وشەی کە پەیوەستە بە کردنەوەی نووسینگە لە ناوچەکانی کێشە لەسەر، لە جیاتی (دەشێ)، (پێویستە) دابندرێ، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار دانا سعید، فەرموو.

بەڕێز دانا سعید صوفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان لەسەر شوێنی بارەگای سەرەکییە کە ئیشارەی پێدراوە لە هەولێر بێ، من پێم باشە لە ئێستاوە لە یاساکە دیاری نەکرێ کە ئیلزامی بێ دەبێ هەولێر بێ، لەوانەیە لە ئایندەدا ئێمە پێویستمان بەوە هەبێ ئەو کۆمسیۆنانەی یاخود ئەو دەستانەی دروست دەکرێن، لەوانەیە پەرتیان بکەین

لەسەر پارێزگا جیاجیاکانی کوردستان دا، بۆ نموونە دەکرێ لە ئایندە دوو لەو دەستانە لە دهۆك بکرێنەوە، سێ دانەی لە سلێمانی بکرێتەوە، یەعنی مەبەستم ئەوەیە ئیلزام نەکرێ، کە دەبێ شوێنی بارەگای سەرەکی تەنیا دەبێ لە هەولێر بێ، ئەوە تێبینی یەکەم، تێبینی دووەم لەسەر ئەوەیە ئایا تا چەند یاساییە ئەوە کە دەزگایەك کە سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، دەتوانرێ لە ناوچە جێگە ناکۆك لەسەر بکرێتەوە؟ ئایا ئەوە پێویستی بە جۆرێك لە تەنسیق نیە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار خلیل عثمان.

بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر لە برادەران مولاحەزەکانیان باس کرد، بەڵام من پێموایە هەروەکو لە پێشنیارەکەی لێژنەی یاسایی دا هاتووە، ئەگەر قەرارە ئەوە ڕەئیسی هەیئەکە بە پلەی وەزیر بێ، کەواتە جوملەی ئاخیری (ترتبط إدارياً برئاسة مجلس الوزراء)، ئەوە تەحصیل حاصلە، تێبینیەکەی تریشم لەسەر ئەوەی کە نووسینگە لە پارێزگاکانی تر بکاتەوە، من لێرە پرسیارێك لە لێژنەی یاسایی دەکەم، ئایا بە پێی دەستووری عیراقی تەعاروز دروست ناکات؟ ئێمە نووسینگەیەکی، دەستگایەکی هەرێمی کوردستان لەو شوێنانە بکەینەوە کە ناکۆکیان لەسەرە، من پێشم خۆشە ئەوە وردتر بکرێتەوە لەوەی کە ئەو نووسینگانە کە دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی لە ڕۆتینیات و هین بە دوور بن، من پێموایە لە ناوچەکانی تەماس بە ناوچە کێشە لەسەرەکان بن، لە جیاتی ئەوەی کە لە مەرکەزی محافەزەی سلێمانی بێ، یان لە مەرکەزی محافەزەی دهۆك بێ، یا لە مەرکەزی محافەزەی هەولێر بێ، پێموایە لەو ناوچانە بن کە تەماسیان هەیە، دەتواندرێ لە کەلار، لە چەمچەماڵ، لە نزیك مەخموور، یاخود لە سنووری محافەزەی موصلیش، سنووری محافەزەی دهۆکیش، لەو سنوورە بێ کە تەماسیان لەگەڵی هەیە، من پێموایە نووسینگەکان لەوێ بکرێنەوە کە دەتوانم بڵێم ئەوە هەم لە ڕووی ئیداریەوە، هەم لە ڕووی کەمکردنی ڕۆتینیاتەوە، لە ڕووی تەکالیفی ماددییەوە، من پێموایە دەشتوانن باشتر مەعلومات لەسەر ناوچە جێ ناکۆکەکان کۆ بکەنەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار حاکم ڕزگار، فەرموو.

بەڕێز ڕزگار محمد أمین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت فەقەرەی یەکەمی ئەو ماددەیە، کە دەڵێ: (تتمتع بالشخصية المعنوية)، ئیتر ئەوە لە وێدا خۆی زیمەی مالی موستەقیلی هەیە، یەعنی پێموایە کافیە ئەوە، ئەوە هەیئەکە، پەیوەندیەکەی بە مەجلیسی وزەرا شتێکی باشە هەر لەو نەصەدا باس بکرێت، فەقەرەی دووەمی، پێموایە ئێمە کەلیمەی موحافەزەی (أربيل عاصمة الإقليم) زیادە، هەر بڵێین: (مقر الهيئة في مدينة أربيل)، چونکە موحافەزەی ئەربیل هەموو

قەزا و ناحیە و دایر مادایر هەمووی دەگرێتەوە، ئەگەر بڵێی: (في مدينة أربيل)، بشکرێ نەقل بکرێتە سەر بڕیارێک لە مەجلیسی وزەراوە، ئەو موجالەی بدەیتێ، فەقەرەی سێیەمیش، بڵێ: بۆی هەیە مەکاتب بکاتەوە لە (المناطق المستقطعة) لە قەوسێکدا (المتنازع عليها)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار حمە سعید، فەرموو.

بەڕێز حمە سعید حمە حمە علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بڕگەی یەکەم پێموایە ئەو دەستەواژەی کە لە نێوان دوو کەوانەکەدایە، وەک ئەوەی لێبێ کە ئیقراری لەسەر کرا، ئەوە یەک، دوو: ئەو بارەگایەی لە هەولێر بێ پێویست ناکات، هەروەها ئەوەی دەڵێ لە ڕووی کاگێڕییەوە، ئەوەش نەبێ، هەر بە موتلەقی بوترێ: سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، خاڵێکی تر، بارەگای سەرەکی دەستە لە هەولێری پایتەخت دەبێ، دەبێ بوترێ: دەبێت نووسینگە لە پارێزگاکان یان ناوچە دابڕاوەکان، من پێموایە ئەوە، ئەو ناوچە دابڕاوانە قەزا و ناحیەی زۆرن، یەعنی ڕۆتینیاتێکی زۆر دەکات، هەر لە محافەزە پەیوەندیدارەکان بێ باشە، یەعنی لە پارێزگاکان بێ، ئیتر ئەو هەموو قەزا و ناحیە و نووسینگەی بۆچییە؟ ئەو هەموو تەکالیفی ماددییە و ئیداری و ڕۆتینیات و ئەو شتانە، بەس لە پارێزگا پەیوەندیدارەکان بێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار هاژە خان، فەرموو.

بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەربارەی بڕگەی دووەم لە ماددەکە، پشتگیری لە ڕای هەردوو لێژنەی یاسایی و ناوخۆ دەکەم، بەڵام بەپێی پێویست ئەو نووسینگەیە لە ناوچە دابڕاوەکان، یان ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بکرێتەوە باشە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان دەربارەی موداخەلەی ئەو بەڕێزانە.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە پێشنیاری ئەندامانی بەڕێز، یەک لەو تێبینیانە باسی لەوە کرد کە وشەی پسپۆری زیاد بکرێ، گەشە خان بوو وابزانم، لە پاڵ شەخصیەی مەعنەوی، شەخصیەی مەعنەوی دەستەواژەیەکی یاساییە، پێویست ناکات باس لە پسپۆری بکرێ لێرە، دواتر لە ماددەی پێنج کە باس لە مەرجەکانی ئەو کەسەی سەرۆکی دەستە کرایە، ئەو مەرجانە باس کرایە کە بڕوانامەی هەبێ و چەند ساڵ خزمەتی هەبێ، ئەوە لە

مادده (5) باس كرايه، سەبارەت بە دووبارە كردنەوە لە پرۆژە ياساكە لەلايەن ئەنجومەنى وەزيران پێشكەشى پەرلەمان كرايە، دووجار باس لەوە كراوە مەقەڕى بارەگاى لە هەولێر دەبێ، ئەوە لە بڕگە يەك لادەبەين، تەنها لە بڕگە دوو بمێنێتەوە، زۆر باس لەوەى كرا مەقەڕى دەستە، بارەگاى لە چ شوێنێك بێ؟ لە چ پارێزگايەك بێ؟ بەڕێزان وشەى رەئيسى لادەدەين، چونكە بارەگا هەيە، لە هەولێر دەبێ وەكو پايتەخت، ئەوى ديكە كە لە شوێنەكانى تر دەكرێتەوە، ئەوە بارەگا نيە، ئەوە نووسينگەيە لە پرۆژەكە هاتووە، بۆيە وشەى ڕەئيسى، ياخود سەرەكى، پێشنيار دەكەين ئەو وشە لابدرێ، تەنها وشەى مەقەرەكە بمينێتەوە، ئەوان پارێزگاكان تەنها نووسينگەيە، باس لەوە كرا تێبينيەكان زۆر لەسەر ئەوە بوو كردنەوەى نوسينگە لە پارێزگاكان بەڕێزان ئەوە لە دەسەڵاتى دەستەيە، خۆى بڕيار دەدا لە چ شوێنێك پێويستە، ئێمە لە لێژنەى ياسايى پێشنيارى ئەوەمان كرد كە لە پارێزگاكانى هەرێم و شوێنەكانى تر كە كێشەى لەسەرە، ناكۆكى لەسەرە، لەوێش زياد بكرێ، بەڵام شوێنەكان ديارى نەكرێ، ئەو وردەكارييە لە ناو ئەو قانونە دەسەڵاتى دەستەيە، خۆى بڕيار دەدا لە چ شوێنێك پێويستە نووسينگە بكاتەوە؟ شارە، محافەزەيە، قەزايە، ناحيەيە، با ئەو دەسەڵاتە بدەينە دەستە، ئەو شوێنە كە ديارى كرا، ديارى بكات لە چ شوێنێك پێويستى بە نووسينگەيە بيكاتەوە، سەر بە پەرلەمان بێ يان سەر بە ئەنجومەنى وەزيران بێ؟ ئەوەش پێشنيار كرا، بەڕێزان ئەوە وەك كاك سالاريش ڕوونى كردەوە، جيهازێكى تەنفيزييە، باشتر وايە سەر بە ئەنجومەنى وەزيران بێ، ئەوەى گرنگترە لێرە ئەركەكانى دەستەيە، واجيبەكانى، مەهامەكانێتى كە لە دەستە باس كرايە، لەوێ زياتر ئەو شتە ڕوون دەبێتەوە كە ئەركى دەستە چيە؟ بۆيە سەر بە ئەنجومەنى وەزيران بێ، بارەگاى دەستە لە چ شوێنێك بێ؟ لە هەولێر بێ، لە شوێنێكى تر بێ، بەڕێزان هەولێر پايتەختى كوردستانە، دووبارە تەئكيد لەسەر ئەوە دەكەمەوە، كە زياتر ئەركەكانى دەستە گرنگە، نەك موناقەشەى ئەوە بكەين لە چ شوێنێك بێ؟ هەموو بەشێكن لە كوردستان، بەڵام لەبەر ئاسانى ئيش و كارەكان ئەنجومەنى وەزيران لە هەولێرە، لە پايتەختە، وەزارەتەكان لێرەنە، ئەو جيهازەش سەر بە ئەنجومەنى وەزيرانە، پەيوەندى دەبێ لەگەڵ وەزارەتەكان، بۆ ئاسانكارى ئيش و كارەكان باشتر وايە مەقەرى بارەگاكە لە هەولێر بێ وەكو پايتەخت، كردنەوەى نووسينگە تەعاروز لەگەڵ هيچ شتێك ناكات، كە لە ناوچە دابڕاوەكان، ئەو ناوچانەى كێشەيان لەسەرە بكرێتەوە، هيچ تەعاروزێك نيە، بە باشى دەزانين وەكو لە ڕاپۆرتى لێژنەى ياسايى هاتووە، پێشنيارى ئەوە كراوە لەو ناوچانە دەستە خۆى دەستەڵاتى ئەوەى هەبێ بيكاتەوە، شەخصى مەعنەوى ئايا پێويستى بە ئيستيقلالى مالى و ئيدارى دەكات؟ ئەوە شتێكى ئيداريية بۆ تەئكيد كردنەوە تەنها، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:

سوپاس، ئێستا صياغەى ئەخيرتان بە چ شێوەيەكە؟

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەيى:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

المادة الثانية:

أولاً: تؤسس بموجب هذا القانون هيئة بإسم الهيئة العامة في إقليم كردستان للمناطق المتنازع عليها، تتمتع بالشخصية المعنوية و الإستقلال المالي و الإداري، و ترتبط إدارياً برئاسة مجلس الوزراء.

ثانياً: يكون مقر الهيئة في أربيل عاصمة الإقليم و يجوز لها فتح مكاتب في محافظات الإقليم و المناطق المتنازع عليها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێرە مواخەلە زۆر هەبوو بە مەجلیس وزەراوە ڕەبت بێ، لە ناو قانونەکەش بە (رئاسة مجلس الوزراء) هاتووە، ڕەئیتان لەسەر ئەو نوقتەیە ڕوون بکەنەوە، فەرموو.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هیچ جیاوازییەکی نیە ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە کێشە نیە، پەرلەمان چۆن بڕیار دەدا؟ ئێمە لاریمان نیە، هەروەك لە ماددە (3) باس لە ئەرکەکانی، لە مەهامی ئەو دەستەیە دەکات، بۆ ئەوەی تا ئەو دەستەیە بتوانێ بە ڕێك و پێکی ئەنجامی بدا، هەر وەك لە پرۆژەکەی حکومەت دا هاتووە، (ترتبط إدارياً برئاسة مجلس الوزراء)، بۆ ئاسانکاری ئیش و کارەکان، ئەو ئەنجومەنە کە بە چ شێوەیەك کۆدەبتەوە، کۆبوونەوە دەکات، ئایا سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ؟ یاخود ئاسانکارییەکە لەوەدایە سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەبەر کەمی ژمارەی ئەندامانی، نەك ئەنجومەن کۆببێتەوە، هەر وەك لە پرۆژەکەی حکومەت هاتووە، سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێ، ئیش و کارەکان بە ڕێك و پێکتر و ئاسانتر، کەمکردنەوەی ڕۆتین بەڕێوە دەچێ، بۆیە پشتگیری لە پێشنیارەکە دەکەین، هەر وەك لە پرۆژەکەدا هاتووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نیزامیە؟ ئەگەر نیزامیە باشە، بەڵام شەرح خەڵاص بوو، ڕجائەن نیزامی نیە، دەرگا دەکرێتەوە دەبێ بە هەموویان بڵێم بەڕێزان کێ دەیەوێ قسە بکات ناوتان بنووسم، تکایە، دەباشە کەرەمکە.

بەڕێز د. صباح محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو صیاغەیەی کە ئێستا پێشکەش کرا، بەڕێز لێژنەی یاسایی خوێندییەوە، کە عەرەبییەکەی ئەو شێوەیە بوو، (بموجب هذا القانون تشكل هيئة بإسم الهيئة العامة في إقليم كوردستان)، ئەگەر بەو شێوەیەی کە خوێندتانەوە، (تشكل في إقليم كردستان هيئة بإسم) ئەوە، چونکە ئەگەر سبەینێ تابلۆ دەنووسرێ، بۆ ئەو دەستەیەی کە پێك دەهێنرێ، ئەگەر ببێ بە ماددە یاسایی بەو شێوەی کە پێشنیاز کرا، دەبێ هەر هەمووی بنووسرێ، (إقليم كردستان)یش بنووسرێ تیایدا، یەعنی من حەز دەکەم جارێکی تر بۆمان بخوێنێتەوە، یەعنی نەچێتە ناو ناو، ئیقلیمی کوردستانەکە نەچێتە ناو عینوانی دەستەکەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لێژنەی یاسایی ڕەئیتان لەسەر ئەو نوقتە نیزامییە؟

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی هەرێمی کوردستان هاتووە، هەر وەك لە ناوی پڕۆژە یاساکەش کە هەموار کرا لەسەر پێشنیاری بەڕێزتان، لەوێش ناوی هەرێمی کوردستان باس کرایە، (مشروع قانون الهيئة العامة في إقليم كوردستان للمناطق المتنازع عليها)، ئەگەر لە بەینی دوو کەوانەکە بێ، یان پێش کەوانەکە بێ، ئەوە هەر مەبەست لە دامەزراندنی هەیئە، ئێمە دەسەڵاتمان ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان هەیئەکە دابمەزرێنین، هیچ جیاوازی نیە، فەرقی نیە، لە عینوانەکە هەیە، لە ناو کەوانەکەش، لە ماددە دووشدا هاتووە، هەرێمی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نوقتە نیزامیەکەی د. صباح، ئێمە لە بانەوە عینوانەکەمان گۆڕی، (مشروع قانون الهيئة العامة في إقليم كردستان للمناطق المتنازع عليها)، ئەوەی خوارەوەش وای لێ بکرێت، لەسەرەوە شتێکمان داناوە لەخوارەوە شتێکی ترمان داناوە، ئەوە غەڵەتە، دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الثانية:-

اولاً:- تؤسس بموجب هذا القانون هيئة باسم(الهيئة العامة في اقليم كوردستان للمناطق المتنازع عليها) تتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري، وترتبط ادارياً برئاسة مجلس الوزراء.

ثانياً:- يكون مقر الهيئة في اربيل عاصمة الاقليم، ويجوز لها فتح مكاتب في محافظات الاقليم والمناطق المتنازع عليها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا بەڕێزان بەو شێوەیە دەیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، زۆر سوپاس کێیی لەگەڵدا نیە؟، یەك کەسی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی سێیەم:

دەستەی گشتی ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ماددە دەستوورییەکانی پەیوەندیدارن بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەنێوانیاندا پیادەکردنی حوکمەکانی ماددەی(140)ی دەستووری عێراقی فیدرال بەهاوکاریی کردن و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و لە ناویاندا لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی(140)ی دەستوور.

دووەم: هەماهەنگی و هاریکاریی کردن لەڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەگەڵ دەستەڵاتەکانی فیدرالی لەهەموو کارێکی پەیوەندیدار بێ بەدابین کردنی مافەکانی گەلی کوردستان بۆ دووبارە نەخشەکێش کردنی سنووری کارگێڕیی هەرێم و لابردنی ئاسەوارەکانی سیاسەتەکانی پاکتاو کردنی ڕەگەزیی و بەعەرەب کردنی و کۆچ پێ کردنی بەزۆر.

سێیەم: هاریکاریی وهەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکانی پەرەپێدانی ناوچە دابڕاوەکان لەهەرێم و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی کە تێیان دایە.

چوارەم: ڕێکخستن و بەدواداچوونی کاروباری کۆچ پێکراوان ودەرکراوان.

بەڕێز د. زانا رؤوف حمه کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الثالثة:

تتولى الهيئة المهام التالية:

اولاً: متابعة تنفيذ المواد الدستورية المتعلقة بالمناطق المتنازع عليها وبضمنها تطبيق احكام المادة(140)من دستور العراق الاتحادي بالتعاون والتنسيق مع الجهات ذات العلاقة وبضمنها لجنة تنفيذ المادة(140)من الدستور.

ثانياً: التنسيق والتعاون من خلال رئاسة مجلس الوزراء مع السلطات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان لأعادة رسم الحدود الادارية للاقليم وإزالة آثار سياسات التطهير القومي والتعريب والترحيل القسري.

ثالثا: التعاون والتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة لأعمال تطوير المناطق المقتطعة من الاقليم ومتابعة تنفيذ المشاريع فيها.

رابعاً: تنظيم ومتابعة امور المهجرين والمرحلين.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین، بەڵام چەند تێبینیەکمان هەیە، یەکەم: دیارە دووبارە کردنەوە لەماددەیەکی یاسایی زۆر زۆر پەسەند نیە، بۆیە ئەو (140)ەی کە لە کۆتایی ماددەکەدا هاتووە، ئێمە لامان بردووەو وشەی (اعلاه)مان بۆ ئیزافە کردووە، لەباتی (140)ەکە، دووەم: بەنیسبەت فەقەرەی چوارەم، ئێمە وشەی ئیدارەمان زیاد کردووە، واتە دەبێت بە (تنظیم ومتابعة وإدارة شؤون المهجرین

والمرحلين) بەنیسبەت فەقەرەیەکی تر کە ئیزافیە، ئەویش ئەوەیە کە دەسەلآت دەدات بەم دەستەیە بۆ ئەوەی بتوانێ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەناوچە ناکۆکەکان جێبەجێ بکات، خامساً: (تنفيذ المشاريع الخدمية في المناطق المتنازع عليها)ئەمە هەموو تێبینیەکانی ئێمەیە لەسەر ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەکەمان سەبارەت بەماددەی سێیەم، پێشنیار دەکات لە بڕگەی دووەم، زیان لێکەوتووانی بۆ زیاد بکرێت، بکرێت بە (دووەم: هەماهەنگی و هاریکاریی کردن لەڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەگەڵ دەستەڵاتەکانی فیدرالی لەهەموو کارێکی پەیوەندیدار بێ بەدابین کردنی مافەکانی گەلی کوردستان بۆ دووبارە نەخشەکێش کردنی سنووری کارگێڕیی هەرێم و لابردنی ئاسەوارەکانی سیاسەتەکانی پاکتاو کردنی ڕەگەزیی و بەعەرەب کردنی و کۆچ پێ کردنی بەزۆر و قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان. بڕگەی پێنجەمی بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە(پێنجەم: سەرپەرشتی کردنی دیاریکردن و جێبەجێ کردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان کەلە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ئەنجام دەدرێت) زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن ناویان دەنووسین، فەرموون، (شاهۆ سەعید، سۆزان شهاب، ئەڤین عومەر، ئارام قادر، عمر عبدالعزیز، بەفرین حسین، تارا ئەسعەدی، پەروین عبدالرحمن، بیریڤان سەرهەنگ، ئاسۆ کەریم، عبدالله مەلا نوری، حاکم رزگار، سەمیرە عبدالله، گۆران ئازاد، سالار محمود، رفیق صابر، صباح بیت الله، نەریمان عبدالله، کاردۆ محمد، ئاشتی عزیز، گەشە دارا حفید، عومەر هەورامی، عومەر نورەدینی، شلێر محمد نجیب، حسن محمد) کاك شاهۆ فەرموو.

بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەو پێیەی لە ماددەی دووەم لە پێناسەی دەستەکەدا هاتووە، کە ئەم دەستەیە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوییەو سەربەخۆیی دارایی هەیەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، واتە بالآترین دەستەیە کە سەر بە هەرێمی کوردستانەو لەو ناوچانەدا کار دەکات، بۆیە لەدیاری کردنی مەهامەکان و لە دیاریکردنی ئەرکەکانیدا کەلە ماددەی سێیەمدا هاتووە، لەڕووی مەنتقیەوە وادەخوازێ کە هەموو دامودەزگا ئیدارییەکان هەموو ئەو پارانەی کە لە بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانە سەرف دەکرێن لەڕێگای ئەم دەستەیەوە بێت، یاخود لە ژێر سەرپەرشتی ئەم دەستەیەدا بێت، ئەوەشمان لەبیر نەچێت لەکاتی موناقەشە کردنی بودجەدا باسمان لە ئیستیحداسی صندوقی پشتیوانی کرد

بۆ ناوچە دابڕاوەکان، بۆیە من پێشنیار دەکەم سەرباری پشتیوانی کردنم بۆ پێشنیارەکەی لیژنەی ناوخۆ و یاسایی، کە باسیان لەوە کرد ئەم دەستەیە سەرپەرشتی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بکات، من پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، بەم شێوەیە بێت، (دەستە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا سەرپەرشتی صندوقی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان دەکات، هەروەها سەرپەرشتی هەموو دامودەزگاکانی هەرێم دەکات، کە لەو ناوچانەدا کار دەکەن، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا) زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سۆزان خان، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەگەڵ پشتگیری کردنم بۆ هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ، من لێرەدا تێبینی یەك شت دەکەم، ئێمە لەبڕگەی یەکەمدا نووسیومانە (متابعة تنفيذ المواد الدستورية المتعلقة بالمناطق المتنازع عليها)بەڵام لە سێیەم، جارێکی تر هاتووین وتوومانە (ثالثا: التعاون والتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة لأعمال تطوير المناطق المقتطعة من الاقليم)ئێمە با جارێك بێین لەم یاسایەدا ساغی بکەینەوە دەستەواژەی (المتنازع عليها)بەکار بێنین یان (المقتطعة) بەکار بهێنین، ئەوەی من بیزانم لە دەستووری عێراقدا ئەو ناوچانە پێی دەتوترێت(المتنازع عليها)کەواتە دەبێت تەوحید بکرێت بەیەك موصتەڵح کە لەگەڵ دەستووریش پێچەوانە نەبێت، سەبارەت بەو تێبینیەی لیژنەی یاسایی من حەز دەکەم تێبینیەك بدەم، لێرەدا دووبارە کردنەوەی ماددەی (140)لێرەدا ناوی ئەو لیژنە باڵایەیە کە بەداخەوە بەهەڵە نووسراوە، خۆی ناوی (اللجنة العليا لتطبيق المادة 140)نەك (لجنة تنفيذ المادة(140)من الدستور)، هەر خۆی ناوی (اللجنة العليا لتطبيق المادة 140)ناوە فەرمیەکەی ئەو دەستەیە ئەوەیە، بما انه (متابعة تنفيذ المواد الدستورية المتعلقة بالمناطق المتنازع عليها وبضمنها تطبيق احكام المادة(140)من دستور العراق الاتحادي بالتعاون والتنسيق مع كافة الجهات ذات العلاقة) وە بۆ تەئکید کردن من بە گرنگی دەزانم، چونکە هەموو ئەو پەیوەندییە لەڕێگای لیژنەی باڵای ماددەی (140) دەبێت، ئەو بڕگەیە لەو بابەتە حەزف نەکرێت بەڵکو ناوەکەی ئەو لیژنەیە بەڕاستی بنووسرێت، واتە (اللجنة العليا لتطبيق المادة 140)، من لەسەدا سەد پشتگیری ئەو پێشنیارەی کاك شاهۆ دەکەم، کە دەڵێت (تنفيذ المشاريع الخدمية في المناطق المتنازع عليها)، بەڵام ئایا ئێمە وەکو هەرێمێك دەتوانین ئەو جۆرە کارە بکەین لەشوێنێکدا کە هێشتا یەکلا نەبووەتەوە، لەژێر چەتری حکومەتی فیدڕالدایە، ئیشکالیەتی دەستووریمان بۆ دروست ناکات ئەو حاڵەتە، چونکە ئێمە ئەوسا وەکو هەرێم تەداخول لەکارێکدا دەکەین کە عائیدی فیدڕالە، بەڵام دەکرێت بە صیغەیەکی تر بێت، چونکە (تنفيذ والتعاون مع جهات ذات العلاقة لاعمال تطوير المناطق المقتطعة المتنازع عليها في الاقليم، ومتابعة تنفيذ المشاريع)لێرەدا جارێکی تر لە خاڵی پێنجەم بنووسینەوە،(تنفيذ المشاريع الخدمية في

المناطق المتنازع عليها) ليّره يەك ماددە دووجار دووبارەی دەكەينەوە، لە سێيەم نووسراوە (متابعة المشاريع فيها)بۆ ئێمە خاڵێكی تر بنووسينەوە بەڵام دەتوانين تەئكيدی بكەينەوە (بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة) چونكە ئێمە بيرمان نەجێت دەبێ ئەو پەيوەنديیەی نێوان هەرێم و فيدرالێ ڕێك بخرێت، نابێ كارێك بكەين كە بەدەر لە دەستوور بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

ئەڤين خان، فەرموو.

بەڕێز ئەڤين عمر احمد:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی سێيەم، من ليّرەدا ڕەئێكم هەيە لەسەر ئەوەی كە لە خاڵی يەكەم هاتووە، (بالتعاون والتنسيق مع الجهات ذات العلاقة) بەڕاستی بەڕەئی من ئەو وشەيە بگۆڕێت بكرێت بە (كافة الجهات)چونكە ئێمە ئەتوانين بەگۆڕينی ئەو وشەيە، ئەم دەستەيە دەست كراوەتر بكەين، تاكو نەك تەنها لەگەڵ ئەو لايەنانەی كە پەيوەستن يان لەگەڵ ئەو ليژنانەی كە پەيوەستن بەم كارانەوە، بەڵكو دەتوانين دەستی والاّتر بكەين تاكو بتوانێ لەگەڵ لايەنەكانی تريشدا كار بكات، بەتايبەتی ئێمە هەموومان دەزانين لەو شوێنانە كێشەو ناكۆكيەكی زۆر هەيە، بۆيە بەڕای من بكرێت بە (كافة الجهات) نەك تەنها (مع الجهات ذات العلاقة) سەبارەت بە خاڵی دووەم، ليّرەدا هاتووە (لأعادة رسم الحدود الادارية للاقليم) بەڵام نەهاتووە كە چۆن ئيعادەی ڕەسمی ئەو سنوورانە دەبێت ديارى بكات؟، واتە بەپێيی چ معيارێك دەكرێت؟، بۆيە من پێشنيار دەكەم بكرێت بە (رسم الحدود الادارية للاقليم وفق المعاير التأريخية والسياسية والجغرافية) زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

كاك ئارام فەرموو.

بەڕێز ايوب نعمت قادر(ئارام):

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی سێيەم پێشنيار دەكەم، بەزياد كردنی بڕگەيەك، ئەويش دەستە هەماهەنگی بكات، لەگەڵ نوێنەرانی كورد لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مەبەستی داكۆكی كردن لەناوچە دابڕاوەكانی كوردستان، وەك ئاشكرايە لەم خولەدا بەپێيی ماددەيەكی دەستووری كە كۆمەڵێك بڕگەو ماددەكانی دەستووری عێراق، ئەگەری زۆری هەيە كە گۆڕانكاری تێدا بكرێت، بۆيە پێم باشە ئەم بڕگەيە زياد بكرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستەو هەماهەنگی تەواوی هەبێت، لەگەڵ نوێنەرانی كورد لەئەنجومەنی نوێنەران بۆ داكۆكی كردن لەناوچەكان بەپێی ماددە دەستووريەكانی عێراق، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

كاك عومەر عبدالعزیز، فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ماددەی سێیەم من سێ تێبینیم هەیە، وا دەزانم کە گرنگترین ماددەیە لەم پڕۆژەیە یاسایەدا، ڕەنگە مواخەلەی زۆرتر هەڵبگرێت، یەکەم: پێشنیار دەکەم بڕگەیەك ئیزافە بکەین، جەنابت دەزانیت یەکێ لەگرفتەکانی ئێمە لەسەر مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان لەسەر مەسەلەی وەسائیق و وەقائیع و سابت کردنە کە کێشەمان هەیە، یەعنی ئەو شتانەی کە ئێمە هەمانە بەقەناعەتی هەموو لایەکمان لەئاستی سەلماندنی ئەو ڕاستیانەدا نین کەخۆمان داکۆکی لێ دەکەین، دەبێ هەموشمان ئیعتراف بەوە بکەین، کە کەمتەرخەمی زۆرکراوە لەم لایەنەوە، لەلایەنی دیکۆمێنت کردن وتەوسیق و بەڵگاندنی ئەو ڕاستیە مێژوویانەی کە کەسمان نکولیمان لێی نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك ئیزافە بکرێت، بەم شێوەیە بێت کە واش دەزانم کاری سەرەکی دەستە گشتیەکەشە، (کۆکردنەوەو بەدیکۆمێنت کردنی بەڵگەنامە مێژوویی و یاساییەکان لەسەر کوردستانی بوونی ناوچە جێ ناکۆکەکان و گەیاندنی بەلایەنە پەیوەندیدارەکان) بەپێیی ئەو عیلاقاتانەی کەهەمانە بەپێیی ئەو سەردانانەی کەسەرۆکایەتی پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکان و نوێنەرانی کورد لەبەغداد دەیکەن، هەمیشە گرفت ئەوە بووە کە نەمانتوانیوە ئەم ڕاستیانە بگەیەنین، بۆیە من حەز دەکەم بکرێت بە ئەرکێکی سەرەکی ئەو دەستەیە، دووەم: بەنیسبەت بڕگەی دوو، نووسراوە هەماهەنگی و هاریکاری کردن لەڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، من پێم باشە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش تێدا بێت، چونکە ئەم مەسەلەیە بەعزێك بوعدی یاسایشی تێدەکەوێت، لەبەر ئەوە ئەو تەنسیقە لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا هەبێت باشە، بۆیە پێشنیاردەکەم خاڵی دووەم وای لێبکرێت، (هەماهەنگی و هاریکاری کردن لەڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وسەرۆکایەتی پەرلەمانەوە لەگەڵ دەسەڵاتی فیدرال)، سێیەم: پشتگیری پێشنیاری لیژنەی ناوخۆ دەکەم کە ئەو بڕگەی پێنجەمە زیاد بکرێت، کەباسی سەرپەرشتی و جێبەجێ کردن دەکات، هەروەها پشتگیری پێشنیاری لیژنەی یاساییش دەکەم بۆ ئیزافە کردنی فەقەرەی ئیدارە، چونکە شتێکی فیعلی و عەمەلییە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەفرین خان، فەرموو.

بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم، لەڕاستیدا کێشەی ئێمە کێشەی سنوور و جوگرافیایەکی سیاسیە کە پێویستە لەسەری پێك بێین، کە ئێمە سنوورمان هەبوو مانای وایە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بوونیان نامێنێ، بۆیە پێویستە بەجدی کار بکرێت بۆ دیاریکردنی ئەو سنوورە، سەبارەت بە دووبارە بوونەوەی

ماددەی (140)لە بڕگەی یەکەمدا، پێشنیار دەکەم لە کۆتایی دێڕی بڕگەی یەکەمدا ماددەی (140) بکرێت بەو ماددە دەستوورییەی کە پەیوەندیدارە بە ناوچە جێ ناکۆکی لەسەرەکان، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم، دەبێ حکومەتی هەرێم هاوکاری دانیشتوانی ئەو ناوچانە بکات، کە بەهۆی سیاسەتی ڕاگواستن لەناوچەکانی خۆیان دوور خراونەتەوە، عەرەبی هاوردە لەجێگەکەیاندا نیشتەجێ کراوە، ئێستا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، کار ئاسانی بکرێت بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان بۆ سەر مولّك و مالّی خۆیان، هەروەها دەستی خزمەتی زیاتر بگەیەندرێت بەو ناوچانە، لەڕێگای کارئاسانی کردن ئەویش بە زیاتر گرنگی دان بەبواری پەروەردەو فێرکردن، بۆ ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەزمانی دایك ئاشنا ببن و زمانی نەتەوەی خۆیان بیر نەچێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تارا ئەسعەدی، فەرموو.

بەڕێز تارا تحسين ياسين:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تێبینیەکەم لە دووەم بڕگەیە، کە دەڵێت(ثانياً: التنسيق والتعاون من خلال رئاسة مجلس الوزراء مع السلطات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان لأعادة رسم الحدود الادارية للاقليم وإزالة آثار سياسات التطهير القومي والتعريب والترحيل القسري) من نازانم تۆزێك وا تەماشای دەکەم، دەستەواژەکە زۆر دوورودرێژ و شتێکی ئینشائیە، تەنها ئیکتیفا بکەین تا ئەوەی دەڵێت ثانياً: التنسيق والتعاون من خلال رئاسة مجلس الوزراء مع السلطات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان) لەگەڵ (التطهير القومي والتعريب والترحيل) چونکە ئیعادەی ڕەسمی حدودی ئیداری بۆ هەرێم ئەمە تەنها بە وتەیەك و بەقسەیەك ناکرێت، بەڵکو پێویستی بەزۆر شتە کە کاری بۆ بکرێت، ئەگەر ئێمە بەس بەوەندە تەماشای بکەین ئەوە تێدەگەین کە مەبەستمان لە ئیعادەی ڕەسمە، لە سێیەمدا هاوڕام لەگەڵ بەڕێز سۆزان خان، کە دەڵێت(ثالثا: التعاون والتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة لأعمال تطوير المناطق المقتطعة) بەڕاستی لەپێشتریش هەر حەزم دەکرد ئاماژەی پێبکەم، (المقتطعة) لە ئیقلیم چونکە ئیقلیم خۆی تێیدا نەبووە، کە لەناو دەستووریش هەیەو دەڵێین ئیقلیم ئەمەیە کە ئێستا هەیە، یەعنی وا نەبوو لەناوی بێت ولێمان لابرابێت، لەبەر ئەوە (المقتطعة)بەتەسەورم دانەندرێت بەڵکو کێشە لەسەر یاخود (المتنازع عليه) بمێنێت، هاوڕام لەگەڵ ئەوەش کە (تنفيذ المشاريع الخدمية) هەر بخرێتە سێیەم، وە پشتگیریش لە لیژنەی یاسایی دەکەم، لە هەرخاڵێك کە ئاماژەی پێ بدات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

پەروین خان، فەرموو.

بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەڕای پشتگیریم بۆ هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی وناوخۆ، بەنیسبەت ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم، من دەڵێم وابنووسرێتەوە(بەدواداچوون و ئامادەکاری) بۆ زیاد بکرێت، لەپێش جێبەجێ کردن، ئامادەکاری بەو مانایە کە خێزانی کورد هان بدرێت بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئەوانەشی کە گەڕاونەتەوە محاوەلە بکرێت چۆڵی نەکەن، بۆ نموونە وەکو ناحیەی باقرت لە مەخموور، کە لەسەرەتای 2010وە تا ئێستا زۆربەیان گەڕاونەتەوە، وە لە ناحیەی دیبەگە تا ئێستا وەك پێشتر ئاوەدان نەکراوەتەوە بە هەموو گوندەکانیەوە، بەنیسبەت بڕگەی دووەم، هەماهەنگی و هاوکاری، لە ڕێگای هەر سێ سەرۆکایەتیەکەوە بکرێت، واتە تەنها ئەنجومەنی وەزیران نەبێت بەڵکو سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت، چونکە هەر یەکێ لەم سەرۆکایەتیانە دەورو دەسەڵات وکاریگەری خۆیان هەیە، بەنیسبەت بڕگەی چوارەم، من پێشنیار دەکەم وا بنووسرێتەوە، هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی کۆچ پێکراوان و دەرکراوان و ڕێکخستنیان وبەدواداچوونی پێداویستیەکانیان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بێریڤان خان ، فەرموو.

بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

کاتێك کە دەڵێیت بەدواداچوون بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (140) ی دەستووری عێراقی فیدرال جێبەجێ بکرێت، ئەوەندە بەسە، پێویست ناکات ئێمە ڕێگایان پیشان بدەین کە لەگەڵ کامە لیژنە ئیش بکەن لیژنەی (140)، ئۆتۆماتیکیەن ئەو دەستەیە دروست بوو، خۆیان پەیوەندی دەکەن بەو لیژنەیەی کە پابەندە بە لیژنەی ماددەی (140)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك ئاسۆ کەریم، فەرموو.

بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕاستیدا من مولاحەزەم لەسەر بڕگەی چوارەمی ماددەکە هەیە، لە ئەصڵدا نووسراوە(چوارەم: ڕێکخستن و بەدواداچوونی کاروباری کۆچ پێکراوان دەرکراوان)، دواتریش لیژنەی یاسایی شتێکی بۆ ئیزافە کرد، ئەویش((تنظیم ومتابعة وإدارة شؤون المهجرین والمرحلین) نازانم بەڕاستی ئەگەر مەبەست ئەوانەیە کە ئێستا لەناو هەرێمدا دەژین چ مهجرین بن یان مرحلین بن لەڕووی ئیدارییەوە ئەوانە ئێستا ئەجهیزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان ئیدارەیان دەکەن، چۆن ئێستا ئەو دەستەیە بێت ئیدارەی ئەوان بکات، تەنزیم و موتابەعەکە قەیناکە، بۆیە ئەو پێشنیازەی کە پەروین خان کردی، بە بڕوای من لە جێگای خۆیەتی کەوای لێ بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

عەبدووڵای مەلا نوری، فەرموو.

بەڕێز عبدالله محمد نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من سەرەڕای ئەوەی کە پشتگیری بۆچوونەکانی دکتۆر شاهۆ دەکەم، بەڵام پێشنیار دەکەم ئەرکی ئەوەی کە باسی صندوقی هاوکاری کردنی ناوچە دابڕاوەکانی کرد، من پێشنیار دەکەم وشەی سەرپەرشتی کردن بکرێت بە بەڕێوەبردنی صندوقی هاوکاری ناوچە جێ ناکۆکەکان، هەروەها پشتگیری ئەو پێشنیارەی مامۆستا عومەر دەکەم کەباسی ئەوەی کرد، لە زمنی ئەرکەکاندا ئەو دەستەیە هەستێت بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەلگەنامانە، هەموو ئەو دیکۆمێنتانەی کە پەیوەندی بە تەعریب و تەبعید و تەبعیث و تەرحیلەوە هەیە بۆ ئەوەی ئەمانە وەکو ئەرشیفێکی نیشتمانی بمێنێتەوە، چ بۆ خەڵکی تویژەر کەڕەنگە ئەوانە ئیستیفادەی لێبکەن، هەروەها بۆ خۆشمان کە هەر وەفدێك ویستی بیبینێ، چونکە تا ئێستا هەستەکەین ئەو بەلگەنامانە بەشێوەیەکی پەرت و بڵاو لەلای هەندێك لایەنە، بۆیە باشتر وایە لە ئەرشیفێکی نیشتمانیدا کۆبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێز حاکم ڕزگار، فەرموو.

بەڕێز رزگار محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ئەم ماددەیە من هەست دەکەم، تەناسوقێك پێویستە، یەکەم: ئەم یاسایە خۆی هەدەف لێیی ئەوە نیە کە دەستەیەك دروست بێت، هەدەفی تری هەیە، بەڕەئی من ئەم ماددەی سێیەمە، ئەهدافی یاساکەی تێدا باس بکەین، ئەگەر سەیری بڕگەکان بکەین تێکەڵاوییەك هەیە، لە بەینی مەهامی دەستەکەو ئەهدافی یاساکە، ئەهدافی یاساکە لە دروست کردنی دەستەکە گەورەترە بۆ خۆی، ئەگەر سەیری فەقەرەی دوو بکەین، ڕەنگە ئەوە بکرێت بە ئەهدافی یاساکە، فراوانی بکەین، تەنسیق و تەعاون لەگەڵ سولتاتی ئیتیحادی بۆ زەمانی حقوق و ئەو تەفاصیلانەی کەوا لەوەدا هاتووە، یەعنی ئەمە پێویستی بەدەستکارییەك هەیە، تا جیاکردنەوەیەك دروست بکرێت لێرەدا، دووەم: ئەو موتابەعەو تەنزیم و ئیدارەیە، هی مهجرین و مرحلین مەبەست کام مهجر و مرحله، هي مناطق متنازع عليها يە يان ناوچەی تر هەیە؟، چونکە ئێستا لەهەموو شوێنەکانی عێراقەوە خەڵك هاتووە بۆ ئێرە، ئەگەر مەبەست لەوە بێت ئەمە ئیشی ئەو نیە، دائیرەیەکی تایبەت هەیە بەوانە، دائیرەی (المهجرين و الهجرة)دەبێ ئەوە جیا بکەینەوە، ئایا ئەمان ئیشی ئەوانە بگرنە

دەست کەلەناوچە جێ ناکۆکەکان هاتوون بەتەنها، خاڵێکی تـر(المناطق المقتطعة) ئـەویش مولاحـەزەم هەیـە لەسەری، من وام پێباشە فەقەرەی یەکەمی لە مەهامەکان، بەم جـۆرە بێـت، یـەعنی فەقـەرەی ئەهـدافی قـانون ببێت بە ماددەیـەك پـێش مەهامـەکان بێـت و مەهامـەکانیش بـبن بـە ماددەیـەك، ئەگـەر ئەهـدافتان دانـا بـە ماددەی سێیەم با (متابعة تنفيذ مواد دستور جمهورية العراق المتعلقة بأهداف هذا القانون)لێرەدا زۆر شـامل تر دەبێت وەهەرچی ئەهدافی یاساکە هەیە ئەمیش لێرەدا موتابەعەی تەنفیز کردنی ئەو مەوادە دەستووریانە کە پەیوەندیدارە بە ئەهدافی یاساکەوە، لەبەر ئـەوە مەتاتیـەتێکی بـاش دەدات بـە دەسـتەکە، کـە دەسـەلاتێکی باشی هەبێت، ئەگەرێت لەهەر شوێنێك مەوادی دەستوور هەبێت و پەیوەندیدار بێـت بـە ئەهـدافی یاسـاکەوە، دەستی والاتر دەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سەمیرە خان، فەرموو.

بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ماددەی سێیەم خاڵی سێیەم، (ثالثا: التعاون والتنسيق مع الوزارات والسلطات)، ئیزافـە بکرێـت بـە ڕەئی من بەنیسـبەت خـاڵی چـوارەم(رابعاً: تنظيم ومتابعة امور المهجرين والمـرحلين) ئـەوە ئیلغـا بکرێـت، چونکە دەستەکە کاتیە، با بەشـێوەیەکی تـر دابڕێـژرێت، ئـەویش ئەوەیـە (تقـديم التسـهيلات اللازمـة لعـودة المرحلين الى مناطقهم الاصلية)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك سالار محمود، فەرموو.

بەڕێز سالار محمود مراد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕاستیدا ئـەوەی پەیوەسـتە بـە مەسـەلەکانی مـاددەی (140)کـە هـەر بـەپێیی مـاددەی (140)ی دەسـتوور، لیژنەیەکی جێبەجێکار لە بەغـداد دەستنیشـان کـراوە، ئـەویش لیژنـەی بـاڵای مـاددەی(140)ە، لێـرەو لـەوێ هەوڵی جۆرو ناجۆر هەیە، بۆ ئەوەی بـەدیل بـۆ ئـەو لیژنەیـە بدۆزرێتـەوە، کەجەنابیشـتان سـەرۆکی وەفـدی پەرلەمانی کوردستان بوویت کاتێ چووینە بەغداد، لە موئتەمـەری (هیـل سـلکی) ئـەو هەوڵانـەتان بـەوازحی هەست پێکرد، بۆیە من ڕام وایە، ناوهێنانی لیژنـەی جێبـەجێ کردنـی مـاددەی (140) لـە بڕگـەی یەکەمـدا، بخرێتە پێشەوە نەك لەدوای بڕگەکانی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەم دەستەیە کـار لەگـەڵ لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی (140)بکات، لەگـەڵ لایەنـەکانی تـر یـان لایەنـە پەیوەنـدارەکانی تـر، خـۆ ئەگەر ناوی لایەنە پەیوەندارەکانی تر نەهێندرێ، من تەسەورم وایە کارێکی ئیجابیە، چونکە تەنها لیژنەی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 دەست نیشان کراوە بۆ بەدواداچوونی هـەموو ئـەو کاروبارانـەی پەیوەسـتە بـە مەسـەلەی ئاوارەکـان و مەسـەلەی ئەوانـەی کـە هێنـدراون و هـەروەها مـن پێشـنیاری جـێ کردنـەوەی

مەسەلەیەکی زۆر گرنگی تر دەکەم کە بەدرێژایی دروست بوونی ئەم لیژنەیە و بەدرێژایی دەنگدانی خەڵکی عیراق لەسەر دەستووری هەمیشەیی کە ئومێدی خەڵکی کوردستان لە ڕاستی دا بۆ ئەو دەستوورە چڕکرابووەوەو بەشێکی زۆری لە ماددەی 140ی دەستووری، یەکێك لەو برگانەی کە پەیوەندی بە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نیزاعاتی مولکیەوە هەیە، وە یەکێك لە ئیجرائاتەکان دروست کردنی هەیئەتێك بووە لە کاتێك بە پێی ئامار ئەو هەیئەتە تا ئێستا نەیتوانیوە 4٪ ئەرکەکانی خۆی ڕایی بکات، هیوادارم لە ماددەی 3 و لە هەر یەکێك لە برگەکاندا دەبێ مەسەلەی ناوهێنان بۆ ئەکتیف کردنی کاری ئەو هەیئەیە بخرێتە ناو یاساکەوەو، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك رفیق فەرموو.

بەڕێز د.رفیق صابر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕاستیەکەی من پێم وایە یەکێك لەو گرفتانەی ئەو ناوچە دابڕاوانە مەسەلەی مولکایەتیە و مولکێکی زۆری کورد و برا تورکمانەکانمان دەستی بەسەر داگیراوەو دراوە بە کەسی تر، لەبەرئەوە من پشتگیری لە قسەکانی کاك سالار دەکەم و من دام نابوو کە لە ماددەی سێیەم ببێتە ماددەی سێیەم و بەو شێوەیە زیادبکرێت (بەشداری کردن و هاریکاری چارەسەر کردنی کێشەی مولکایەتی لەو ناوچانە یان لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان) لە هەمان کاتدا پشتگیری لە پێشنیاری برای بەڕێزم کاك عمر دەکەم کە بۆ مەسەلەی بە ئەرشیف کردن و کۆکردنەوەی دۆکیومێنت لەبارەی ئەو ناوچانە، ئەمەش دەکرێت دوو بەش بێت، بەشێکی ئەو دۆکیومێنتانە بن کە پەیوەندیان بە مەسائیلی مێژوویییەوە هەیە و کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە لەڕووی مێژوویییەوە دەسەلێنن، بەشێکیشی ئەو دۆکیومێنتانە بن کە پەیوەندیان بە تەعریب کردن و دابڕانی ئەو ناوچانەوە هەیە، پشتگیری لە پێشنیاری بەڕێز کاك حاکم رزگار دەکەم کە ئەویش لە ماددەی 5 شوێنی دەرکراوان و کۆچ پێکراوان دیاری بکرێت کە دیارە مەبەست لەو ناوچانەی بۆ دیقەتی یاسایی و سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك صباح فەرموو.

بەڕێز صباح بیت الله شکری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێ بەراییا ئەز پشتەڤانیا ل لیژنا یاسایی و لیژنا نافخۆ دکەم بۆ پێشنیارێت وان بتایبەت لیژنا ناوخۆ کە ماددەك زێدە کریە لە سەرپەرشتی کردن و دیاری کردن و جێ بەجێ کردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان کە لە ناوچە ناکۆك لەسەرەکان ئەنجام دەدرێت، ب حەقیقەت ئەز پشتیڤانیا لەوێ دکەم کو ئەڤ ماددە بێتە زێدە کرن، دیسا لە خالا 3 لە دیف ماددە دبێژیتن هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان،

ئەز پێشنیار دکەم هاریکاری و هەماهەنگی کردن و پلاندانان و چاودێری کردن ئەڤەش بێتە ئیزافە کردن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك نەریمان فەرموو.

بەڕێز نەریمان عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من وێڕای پشتگیری کردنم لە ڕای برایانی بەڕێز بە تایبەتی ماموستا عمر سەبارەت بە دۆکیومێنت کردنی کە ئەوە ئەرکێکی گرنگە، هەروەها پشتگیری لە ڕای د.شاهۆ دەکەم سەبارەت بە میزانیە و سندوق و سەرپەرشتی کردنی ئەو ناوچانە، بەو پێیەی ئێمە دەسەلاتێکی زیاتر بدەین بە ئەم دەستەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرچاوی حکومەت بێت لەناوچە کێشە لەسەرەکان، ئێمە بودجەیەکی زۆر بۆ ئەو ناوچانە تەرخان دەکەین و ژمارەیەکی زۆر کارمەند و موزەفمان هەیە و لەو ناوچانە ئیش دەکەن، دەکرێت ئێمە دەسەلاتی زیاتری پێ بدەین، سەرەڕای پشتگیری کردنم بۆ لیژنەی ناوخۆ و ڕەئیەکانی، سەبارەت بەوەش کە ئەم دەستەیە بەڕاستی لەبەر گرنگی و ستراتیژیەتی مێژوویی و چارەنوسسازی کارەکانی و ئەرکە قورسەکانی بەڕاستی ئەم دەستەیە پێویست دەکات لە خاڵی دووەم کە هەماهەنگی و هاوکاری کردن لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستانیشی بۆ زیادبکرێت، پاشان من پێشنیار دەکەم بۆ زیاتر بە قوەت کردنی کارەکانی و لە دەسەلاتی تەنفیزی تەنها خۆی نەبینێتەوە، لەوانەیە لە داهاتوودا لە ئەنجامی دانوستان و دانیشتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی عیراقی پێویستی بەوە بێت کە بڕیار بدات لە هەندێك پرسی چارەنوسساز، بۆیە من پێشنیار دەکەم خاڵێکی تر زیاد بکرێت، بەوەی پاش خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ دەستە لە بڕیاردان و لە پرسە چارەنووسسازەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەو خاڵەشی ئیزافە بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك کاردۆ فەرموو.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەکو کاك حاکم رزگار باسی کرد ئامانج لە دانانی ئەو دەزگایە یان بڕیار دان پەیوەندارە بە ناوەڕۆکی ماددەی 140 ئێمە لە کوردستان دوو تەجروبەمان هەیە لەو بارەیەوە، هەم لێژنەی پەرلەمان بۆ ماددەی 140 و هەم وەزارەتێك بۆ ئەو ناوچانە، بۆ ئەوەی ئەم دەزگایەش نەبێتە ئەوەی کە هەر دەزگا دروست بکەین و جۆرێك لە بار بێت لەسەر ئەو ناوچانە لە کاتێك دا پێویستە ئاسانکاری بکرێت، ئەو ئاسانکاریەش لەوە دەبێت کە وەکو هاوکارانم باسیان کرد ببێتە دامەزراوێك کە فەرمانگەیەکی هەبێت، فەرمانگەی

دیراسات و ڕاگەیاندن کە لە لیژنەی یاسایی پێشنیاری بۆ کرابوو، ئێمە پشتیوانی لێ دەکەین، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە ئەم دامەزراوە کار بکات لەسەر ناوەڕۆکی ماددەی 140 بە وردەکاری زیاترەوە، مەسەلەن قۆناغەکانی ماددەی 140 پەیوەندی بە ئاسایی کردنەوەیە، ئێمە نازانین پرۆژەی کورد بۆ ئاسایی کردنەوە چیە؟ تا ئێستا بەڕاستی ئەمە ڕوون نیە، ئێمە لە ئاسایی کردنەوە چۆن دەگەین و چۆن تەعاملی لەگەڵ دەکەین؟، ئەمە لایەنێکە پێویستە ئەم دەزگایە بۆ ئەوەی لە کاتێك موتابەعەی دەکەین یان سەرپەرشتی کارەکانی دەکەین لێ پرسینەوە هەبێت لەوەی کە ئێستا کە ڕاستە زۆر کار لەو ناوچانە دەکرێت، باس لە پەرش و بلاوی دەکرێت لە هەموو ڕوویەکیەوە، لەڕووی مالی و لەڕووی ئاوەدانکردنەوە و لەڕووی سیاسی، پێویستە خۆمان پرۆژەمان هەبێت، ئەم دەزگایە موتابەعەی بکات و ئاسانکاری بکات، مەسەلەی سەرژمێری، تا ئێستا دیار نیە سەرژمێری چۆن دەکرێت و لە کوێ دەکرێت؟ کێ دەیکات؟ یەعنی ئەمە قۆناغێکی تر‌ە کە پێویستە ئەم دەزگایە ئینجا دوایی ڕاپرسی، ڕاپرسی لەکام سنوور دەکرێت؟ بەڵای منەوە گرنگە کورد پرۆژەی خۆی هەبێت و لە بارەی ناوەڕۆکی ئەم ماددەیەی کە موناقەشە و ئاڵۆزی زۆری لەسەرەو زۆر جاریش ئێمە ئەم شتە گشتگیریانە کراوە، ئێمە دەمانەوێ ماددەی 140 جێ بەجێ بکەین، چۆن جێ بەجێ بکەین؟ ڕەئی و بۆچوونی جیاواز دروست دەبێت، پرۆژەی جیاواز دەبێت، نەتەوەی تر هەیە و ڕەئی جیاوازی هەیە، لەبەرئەوە ئەم ڕوونکاریە زۆر زۆر بۆ ئێمە زەروریە کە ئیهتمامی پێ بدەین، سەرەڕای ئەوەی کە برادەران باسی ئەوەیان کرد کە پەیوەندی بەلایەنی خزمەتگوزاریەوە هەیە و پەیوەندی بەو سندوقە هەبوو کە پەرلەمان بڕیاری لێ داو کردیە 20 ملیار کە پێویستە ئەم فەرمانگەیە، ئەم دەزگایە سەرپەرشتی بکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی د.شاهۆ دەکەم، لە بڕگەی یەکەم من مولاحەزەم هەیە دەمەوێت بەو شێوەیە بێت ئەگەر بکرێت، چونکە پێویستە تەعدیلی تێدا بکرێت وەکو بڵێی بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی ماددەی دەستووریە کە ناوچەی دابڕاوە لە هەرێمی کوردستان، هاوکاری کردن و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و لیژنەی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستووری عیراقی فیدراڵ، ئێمە لێرە وەکو هەڤاڵانیش ئیشارەتیان پێیدا دەبێت ئێمە جەخت لە نوێنەرەکانی ئێمە بکەین لە بەغدا کە ئەوانە بەو ئیشە هەستن، ئەوە ئیشی خۆیانە لەوێ جەخت لەو لیژنەیە بکەن کە ئەو ماددەیە جێ بەجێ بکەن، ئەوە هەموو کەم تەرخەمی ئەوانە لە چوار ساڵی پێشوو کە ئەو تەجروبەمان هەیە کە نەیانتوانی ئەو بڕگەیە هەنگاوێك ببەنە پێش، ئێستا ئێمە لێرە هەرچی بکەین ئێمە پێشنیار دەکەین بۆ ئەو لیژنەیە، یان

متابەعەی دەکەین، کە دەڵێین ئەمە کەمە و ئەوە زیادە، ئەوەی کردیە و ئەوەی نەکریە، پێم وایە وەکو پێویست ئەم هەیئەش ناتوانێ ئیشێك جێ بەجێ بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئاشتی خان فەرموو.

بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتیوانی لەو ڕایەی کاك ئارام دەکەم کە پێویستە ئەم دەستەیە کارەکانی بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دا بەو پێیەی کە ئەنجومەنی نوێنەران لەو دۆخەیان دا کە بە شێوەیەکی فعلی ئەو بڕیار و یاسایانە دەردەکەن کە سەبارەت بەو ناوچانە، هەر بۆیە پێویستە ئاگاداریەکی باش هەبێت لەنێوان ئەو دەستەیە و کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دا، من خۆم پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەرکێك زیادبکرێت بۆ کاری ئەم دەستەیە، ئەویش دانەوەی ڕاپۆرتێکی دەوری شەفاف لەلایەن ئەم دەستەیەوە، نەك تەنها بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەڵکو بۆ پەرلەمانی کوردستان بەو پێیەی ئەم دەستەیە دەستەیەکی سروشتی نیە، دەستەیەکە لە حاڵەتێکی تایبەت دایە، واتە بە تەنها ئەزموونی پێشوو بۆی دەرخستین کە دەرکردنی بڕگەی یاسایی و ئیزافە کردنی بڕگەیەکی دەستووری چارەسەری کێشەی ئەم ناوچانە ناکات، بەڵکو لەوانەیە زۆر جار پێویستمان بە وراژاندنی شەقامی کوردی بێت، بە کۆکردنەوەی ڕای گشتی بێت، ئەگەر هاتو لە کاتی هەڕەشەدا کە بۆ سەر چارەنووسی ئەم ناوچانە بێت بە شێوەیەکی شەفاف خەڵك ئاگادار بێت کە چەندێك لە کارەکان بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە، چەندێك لە کارەکان سستە و چەندێکیش لەو بڕگە یاساییانە دەرکراوە، بەڵام (موعوق في التنفيذ)ە، تەئجیل دەکرێت بۆ مەرحەلەیەکی تر کە لەوانەیە لە خزمەتی چارەنووس و ئایندەی ناوچەکان نەبێت، هەر بۆیە پێم باشە تەرحی ئەوە دەکەم کە پێویستە ڕاپۆرتێکی دەوری هەبێت و ئەو ڕاپۆرتە بە شێوەیەکی شەفاف چ بخرێتە بەردەم ڕای گشتی و هەروەها بخرێتە بەردەم پەرلەمانیش، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

گەشە خان فەرموو.

بەڕێز گەشە دارا جلال:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك بۆ ئەرکەکانی ئەم دەستەیە زیادبکرێت، ئەویش گرنگی دانە بە پەیوەندی کلتوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەم دەستەیە، کە پێشتر ڕژێمی بەعس کاری کردووە لەسەر کاڵ کردنەوەو نەهێشتنی ئەم پەیوەندیانە بە سوود وەرگرتن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك عمر فەرموو.

بەڕێز عمر صدیق هەورامی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تایبەت بە بڕگەی 1 لە ماددەی 3 هەماهەنگی لەگەڵ هەموو لایەنەکان، بە تەسەوری من سەرۆکی پەرلەمان باشترە، لەبەرئەوەی پرۆسەی سیاسی و ساقامگیری یاسایی لە عیراق بەو ئاستە نیە تەنها تەخسیسی بکەین بە چەند جیهەتێك، تەسەور دەکەم هەندێك جار تەدەخولات دەبێت، بۆیە پێویست دەکات هەموو لایەنەکان بێت، تایبەت بە ماددەی 3 ئەوەی کە تایبەتە بە تەقدیم کردنی مەشاریعی خەدەمی ئەو سندوقەی کە لە بودجەی هەرێمی کوردستان ئیقرار کرا لەلایەن پەرلەمانەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من پێشنیار دەکەم لێرە تەحدیدی مەشاریعی خەدەمی و موتابەعەی تەنفیزەکەی ئەم جیهەتە بیکات، بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەم دەستەیە تایبەت بەو جیهەتانە ئیش دەکات و حاجەی ئەو شوێنانە دەزانێ، بەڵام تەنفیزەکەی لەلایەن ئەم جیهەیە نەبێت، چونکە وەزارەتەکانی تر ئیشیان چی دەبێت؟ بۆ نموونە شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە یان هەر مەشروعێکی تری خەدەمی، ئەگەر بدرێتە دەست ئەم دەستەیە تەسەور دەکەم نەوعیەتی تەنفیزەکەی لە ئاستی پێویست دا نەبێت وەکو ئەوەی کە جیهەی موختەس بیت، بەڵام تەحدیدەکەی ئیمکانە ئەم جیهەتە باشتر بتوانێ لە داهاتوو ئەمە بکات، موتابەعەی تەنفیزەکەی ئەم جیهەتە باشتر دەیکات، رەقیبێکیش دەبێت بەسەر جیهەی تەنفیزەوە، تایبەت بە بڕگەی 4 پێشنیار دەکەم ڕێکخستن و بەدواداچوونی لابدرێت، تەنها بەڕێوەبردنی کاروباری کۆچ پێکراوان و دەرکراوان لە ناوچە ناکۆك لەسەرەکان، بۆ؟ لەبەرئەوەی ئیدارە واتای تەختیت، تەنزیم، موتابەعە و رەقابە، هەمووی دەگرێتەوە، بەس تەنها بەڕێوەبردن یان ئیدارە بێت بەسە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك عمر فەرموو.

بەڕێز عمر حمدامین نورەدینی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە بڕگەی 2 ئاماژە بە دەربڕینی سنووری ئیداری کراوە، بە ڕەئی من ئەو کێشەیە کە ئێمە باسی دەکەین بەشی زۆری پەیوەندی بە مەسەلەی سنوورەوە هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم سنووری ئیداریەکەی لێ لاببردرێت یان تەنها سنوور بمێنێتەوە، یان بکرێتە سنووری ناوخۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتحادی، چونکە ئەمە لە ئەدەبیاتی un یشدا و نێردەی un و ڕاپۆرتەکانیدا وەکو کێشەی سنوور لە نێوان هەرێمی کوردستان و لە نێوان حکومەتی عیراق و دووبارە کێشانەوەی سنوور ئاماژەی پێدراوە، واتە بەناوی حدودی ئیداری نەچووەتە ناو دیکۆمێنتە نێودەوڵەتیەکانەوە، بەڵکو وەکو دووبارە کێشانەوەی سنووری ناوخۆ لە عیراق لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی، چونکە کە دەڵێی سنوور

تەنها بوعدە ئیداریەکەی نیە، بەڵکو لەناو کێشەی سنووردا بوعدێکی تەئریخی، بوعدێکی جوگرافی، ڕەهەندێکی نەتەوەیی و سیاسیشی لەناودا ئامادەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك د.حسن فەرموو.

بەڕێز د.حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسەبت ماددەی 3 بڕگەی 2، دوو مەهام هاتووە بەڕەئی من ئەمە تەنها حەسر نیە بەکاری ئەو هەیئەیە، یەکێکیان کە لە بیدایەت هاتووە دەڵێت (التنسیق والتعاون من خلال رئاسة مجلس الوزراء) لەبەرئەوە ئەگەر لە جیاتی تەنسیق و تەعاون بکرێت بە (تمثل رئاسة مجلس الوزراء مع سلطات الاتحادیة) دووەم/ ضمان حقوق شعب کوردستان، تەبعەن ئەویش مەهامی تایبەت نیە بەم وەزارەتە بەڵکو موستەڵەحێکی زیاتر سیاسیە و ئەویش وای لێ بکرێت (لاعادة المناطق المتنازع علیها الی الحدود الادرایة للاقلیم وازالة اثار سیاسات التطهیر القومی و التعریب والترحیل القسری) یەعنی ئەم دوو وشەیە بگوڕدرێت یەکێکیان بە (تمثل) ئەوەی تریشان بۆ (اعادة تلك المناطق)، بە نیسبەت خاڵی 4 (تنظیم ومتابعة امور المهجرین والمرحلین) بۆ ئەوەی شوێنەکە دیار بێت، کەلیمەی (اعادة المهجرین والمرحلین الی مناطقهم الاصلیة) تەحدید بکرێت، هاوڕام لەگەڵ ئیزافە کردنی خاڵی 5ی لیژنەی یاسایی بە پێویستی دەزانم دوو خاڵ ئیزافە بکرێت، خاڵێکیان (تقدیم تقریر فصلی کل ثلاثة اشهر الی مجلس الوزراء لبیان الموقف الرسمی للجهات المعنیة والاعلان عنها)، خاڵێکی تریش ئەوەی کە پێشنیار کراوە و منیش عەینەن پێشنیاری دەکەم (جمع الوثائق والادلة الجغرافیة والتأریخیة والقانونیة لاثبات کوردستانیة تلك المناطق)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك د.زانا فەرموو.

بەڕێز د.زانا ڕۆوف حەمە کریم صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەبیعی ژماریەکی زۆر پێشنیازی باش کراون، دەکرێت دوای ئەوەی پەرلەمانتارانی بەڕێز ڕازی بن لەسەری دەکرێت لیژنەی یاساییش پشتگیری بکات لەسەر ئەوەی بکرێتە بڕگەیەك لەسەر هەمان ماددە ئیزافە بکرێت، تایبەت بە بابەتی بە دۆکیۆمێنت کردنی سەرجەم ئەو بەلگەنامانەی کە تایبەتن بە ناوچە جێ ناکۆکی لەسەرەکان، پێشنیارێکە لیژنەی یاسایی پێی باشە، بەڕێزتان دەتوانن بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی کە سیاغەیەکی بۆ بدۆزینەوەو بە دۆکیومێنت کردن و کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو بەلگە نامانەی کە

پەیوەندیان هەیە بە ناوچە جێ ناکۆکەکان و ئیزافە بکرێت و سیاغەیەکی تایبەتی بۆ دابندرێت، لە هەمان کات دا بە نیسبەت سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی ئەو سندوقی دەعم بە هەماهەنگی و هاوکاری کردن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا بۆ سەرپەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی ئەو سندوقە بۆ پەرەپێدانی ناوچە جێ ناکۆك لەسەرەکان، ئەوەی کە پەیوەندی هەبێت بە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەراندا بە حوکمی ئەوەی کە لە بڕگەی دووەمی یاسایەکەدا هاتووە تەنسیق و تەعاون لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیران دا دەکات لەگەڵ سەرجەم دەسەلاتە ئیتیحادیەکانە واتە لێرە خۆی ئیلزامی کردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی مخەوەلە بە مامەڵە کردن لەگەڵ سەرجەم داواکراوەکاندا لەناویشیاندا حکومەت لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەو دامەزراوانەی تریش کە پەیوەندیان پێیەوە هەبێت، دەکرێت ئێمە ئەو بڕگەیەش کە بڕگەی 3 دەگوترێت (التنسیق والتعاون مع کافة الوزارات) ئێستا دەکرێت بڵێی مامەڵە کردن لەگەڵ سەرجەم ئەو وەزارەتانە، لە هەمان کات ئەو مەناتقانە (المقتطعة) وابزانم پێشتر لە ماددەی پێشوو ئەوە یەکلاکرایەوە کە (المناطق المتنازعة علیها)چیە و پێناسەیەکی بۆ دابندرێت و سەرجەم ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە هەرێمی کوردستان دابڕاون لەبەر هۆکاری دیاری کراو، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە پشتگیری دەکرێت (تعویض المتضررین) بۆ بڕگەی 2 زیاد بکرێت، وەکو بەشێك لە ئەو هەماهەنگیەی کە هەیە لە نێوان لیژنەی ماددەکە، لەهەمان کات دا بۆ بڕگەی 1 دەکرێت ساغی بکەینەوە جارێکی تر لە پێناو (تنفیذ المواد الدستوریة المتعلقة بالمناطق المتنازع علیها وبظمنها تطبیق احکام المادة 140 من الدستور الاتحادی بالتعاون والتنسیق مع اللجنة العلیا لتطبیق المادة 140 وکافة الجهات الاخری) یەعنی هەموو جیهاتەکانی تریش، بەس لێرە پێش دەخرێت، لە لیژنەی بالای جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 پێش دەخرێت، تایبەت بەوەی کە پەیوەندی هەبێت بە هەیئەی نیزاعاتی مولکییە کە بەڕێزتان دەزانن کە لە بەغداش دەستەیەکی بالا هەیە بۆ حەلی نیزاعاتی مولکیە، ئەو نیزاعاتی مولکیە مەرج نیە تەنها لەناوچە جێ ناکۆکەکان بێت، ڕەنگە لەناو شاری هەولێریش نموونەیەکی لەو شێوەیەمان هەبێت، بەڵام کە دەشگوترێت تەنسیق و تەعاون لەگەڵ سەرجەم جیهاتەکانی تردا، بە نموونە ماددەی 140 هاتووە، چونکە لێرەدا جەوهەری ئیشکردنی ئەم لیژنەیەیە، جەوهەری ئیشکردنی ئەم هەیئەتەیە، بێ گومان ئەگەر ماددەکە جێ بەجێ کرا ئەم هەیئەیە هیچ وجود و ئەهمیەتێکی نامێنێ، بەڵام کاتێك کە دەگوترێت تەنسیق و تەعاون هەیە لە نێوانیادا، واتە لە زمنیشیانداهەیئەی عولیای تایەبت بە نیزاعاتی مولکیە بێت، ئەوەی کە پەیوەندی هەبێت بە مورەحەلین و موهەجەرین کێن؟ بێ گومان ئێمە لە پرۆژە یاسایەکە کە ناوی دەستەی بالای هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکانە، بێ گومان مەبەستەکە لێی تەنها ئەو ئاوارەو ئەو موڕەحەلانەن کە لە ناوچە جێ ناکۆکەکانن و لە هەرێمی کوردستانن و یەعنی پەیوەندی هەیە بە کوردەوە، یاخود بە ئەوانەی کە لە ناوچە جێ ناکۆکەکان لە بەغدا وەزارەتێك هەیە و تایەبتە بە کۆچ کردوو و موهەجرینەکانەوە، واتە تەدەخول کردنێك نیە لە ئیشی ئەو جیهەتانە بە قەد ئەوەندەی کە پەیوەندی هەیە بەو ناوچانەی کە لە هەرێمی کوردستان دابڕاون و خەڵکانێکیش پشت بەستوو بەم

سیاسەتەی کە لە پێشتر دا کە پەیڕەو کراوە، ئەمانە لە ناوچە ئەسڵیەکانی خۆیان دوورخراونەتەوە، ئەوەی کە پەیوەندی هەبێت ئایا ڕاپۆرتێکی دەوری پێشکەش بکات بە پەرلەمان؟، وابزانم بەڕێزان لە لیژنەی ناوخۆ ئەو پێشنیارانەیان کردووە کە ڕاپۆرتێکی شەش مانگە دەداتە ئەنجومەنی وەزیران و لە ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی ناوخۆ شتی تازەتان هەیە؟ کاك قادر فەرموو.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەر ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێی کردووە و لەگەڵ ئەم هەموارکردنەی ئێستاش هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی یاسایی، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی ئێستا ماددەی 3 فەقەرە، فەقەرە لەگەڵ ئیعادەی صیاغەکە، پاشان ئەو شتانەی کە هەتانە ئیزافەی بکەن، نوقتەی نیزامیە فەرموو کوێستان خان.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من تێبینی دەکەم ئەمڕۆ لەهەموو ماددەکاندا ئەو پێشنیارانەی کە ئەندامێك یان دوو ئەندام پشتگیری دەکات، ئەگەر لیژنەی یاسایی پێیی پەسەند بوو لە صیاغەکەدا دایدەنێت، ئەگەر پێی پەسەند نەبوو لادەبرێ، کە پێویستە بەپێی نیزام بخرێنە دەنگەوە، یەعنی بۆ نموونە ئێستا ئەوەی کەمن تێبینیم کرد بەڵگەنامەکان بپارێزرێن، بەبێ ئەوەی بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، بەڵکو من دژی بم لە صیاغەکەدا، ئەگەر لیژنەی یاسایی پێی باش بێت دایدەنێت، لەم یاسایەدا لەسەرەتاوە وامان هێناوە هیچمان نەخستە دەنگەوە لە ماددەکە بەصیاغەی لیژنەی یاساییەوە، ئەوەی لیژنەی یاسایی پێیی باش بێت صیاغەی دەکات و دایدەنێت، ئەوەی پێیی باش نەبێت لای دەبات، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای ئەندامان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نا، نا ئیتحرامم بۆ جەنابت هەیە، بەس هێشتا نەمانخستووتە دەنگەوە، چونکە وتمان فەقەرە بەفەقەرە دەیخەمە دەنگەوە، کە ماددەکە فەقەرە بەفەقەرە خوێندرایەوە پاشان دەخرێتە دەنگەوە، ئەگەر ئیعادەی صیاغە هەبێت، ئەوە صیاغەکە دەکرێت و ئیزافەکان دەکرێت، لەسەر ڕۆشنایی ئەو موداخەلانەی ئەندامانی پەرلەمان بەڕێز، سۆزان خان، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ئەسنای قسەکردنی بەڕێز ئەندامی لیژنەی یاسایی کاك زانا، باسی لەقەرەبوو کردنەوەی زیان لێ کەوتووان کرد، وە ماددەیە زۆر نادەستوورییە، لەبەر ئەوەی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان ئەبێ بەیاسایەك بێت، کە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە جێبەجێ دەکرێت، ئەم دەستەیە هیچ دەسەلاتێکی بەدەستەوە نیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شاهۆ، فەرموو.

بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە پێشنیاری ئێمەدا کە زیاد لە سێ کەس پشتیوانی کرد، تەنها باسمان لەوە نەکرد، کە ئەم دەستەیە سەرپەرشتی صندوقی دەعمی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بکات، بەڵکو هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بەکار دێنن لەو ناوچانەدا، لە ژێر ئیشرافی ئەم دەستەیەدا بن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

پێشنیارەکەت بنووسە، بەنووسین بۆمان بنێرە، کاك عومەر نورەدینی نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

بەڕێز عمر حمه امین نورەدینی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

چونکە لەسەرەتای ئەمساڵ لە پەرلەمانی عێراقی یاسایەك دەرچوو بەناوی(یاسای قەرەبووکردنەوە) کە هەموو ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە باسی قەرەبوو کردنەوە دەکات، دووەم: باسی ئەوەم کرد سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەی حدودی ئیداری، کە ئەمە بگۆڕدرێت، بەڵام هیچ سەرنجیان نەبوو بەڕێزان لەسەر ئەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سۆزان خان، فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە موتابەعە کردنی کاروباری جێبەجێ کردنی مەشاریع، وەزارەتەکان دەیکەن ئەم دەستەیە لە توانایدا نیە، کە بتوانێ موتابەعەی ئەو مەشاریعانە بکات، بەڵکو دەبێ عیلیمی پێی هەبێت یاخود لەڕێگای پلانێکەوە بێت کەلەلایەن ئەو دەستەیەوە دادەڕێژرێت، ئێمە 19 وەزارەتمان هەیە، ئەم دەستەیە لە باتی هەر 19 وەزارەتەکە بچێ موتابەعەی کاروباری مەشاریع بکات کەواتە ئەبێ دەستەیەکی گەورەی زل دابنێین، تەنها بۆ بەدواداچوونی مەشاریع، چونکە 19 وەزارەتمان هەیە، هەر 19 وەزارەتیش دەتوانن لەو

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (6)

دووشەممە رێکەوتی 2010/4/26

کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێکەوتی 2010/4/26 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێکەوتی 2010/4/26 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی گشتی جێناکۆکەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (6)، رۆژی دانیشتن 2010/4/26، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2010/4/26دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای دەستەی گشتی جێناکۆکەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

لیژنەی یاسایی و ناوخۆ کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆتان، بەڕێزان، ماددەی سێ موناقەشە تەواو ببوو، چەند پێشنیارێك هاتبوو، قەرار وا بوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ صیاغەکە ئامادە بکەن، ئەوانەی وەریانگرتبێت، ئەوە دەست نیشان دەکرێت، ئەوانی تر ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان هەبوو، چەند بەڕێزێك پشتیوانی لێ کرد، ئەوانەش دەخەینە دەنگدانەوە لە حاڵەتێك ئەگەر لیژنەی یاسایی نەهات بێت، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ پێشکەش کردنی صیاغەکەتان لە ماددەی سێ.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەسەر رۆشنایی ئەو مولاحەزاتانەی کە لە جەلسەی پێشوو دراو، ئەو پێشنیارانەی لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کرا، ئێستا ئێمە بڕگەکانمان صیاغە کردووە، لە هەمان کاتدا رەنگە هەندێك پێشنیار هەبێت، ئێمە بە نەزەری ئیعتیبارمان وەرنەگرتبێت، لەکاتی ئەوەی کە دێینە سەر بڕگەکان، ئێمە دەتوانین وەلاّمی ئەو پێشنیارانە بدەینەوە، کە لە رووی یاساییەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیراوە، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الثالثة: تتولى الهيئة المهام التالية:

اولاً: متابعة تنفيذ المواد الدستورية المتعلقة بالمناطق المتنازع عليها بالتعاون والتنسيق مع اللجنة العليا لتنفيذ المادة 140 من دستور العراق الاتحادي والجهات ذات العلاقة.

ثانياً: التنسيق والتعاون من خلال رئاسة مجلس الوزراء مع السلطات الاتحادية في كل مايتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان لأعادة رسم الحدود الادارية للاقليم وتعويض المتضررين وإزالة أثار سياسات التطهير القومي والتعريب والترحيل القسري.

ثالثاً: التعاون والتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة لاعمار وتطوير المناطق المستقطعة من كوردستان - العراق ومتابعة تنفيذ المشاريع فيها.

رابعاً: تنظيم ومتابعة وادارة شؤون المهجرين والمرحلين.

خامساً: جمع وتوثيق الادلة والوقائع التاريخية المتعلقة بالمناطق المتنازع عليها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، هەندێك پێشنیاریش هەبوو، ئەو پێشنیارانەی كە سەرپەرشتی سندوقەكان بكرێت، هەمووی لە جێگایەك بوو، پێشنیاری تر هەبوو (توثیق) وەسائیقەكان، ئەوە خوێندرایەوە، ئەو بەڕێزانەی ئەو پێشنیارانەیان تەقدیم كرد بوو، كە ئەو داهاتانەی لە سندوقەكان بۆ شوێنە كێشە لەسەرەكان سەرپەرشتی بكرێت، ئەگەر پێشنیارەكەیان سەحب نەكەن، دەیخەینە دەنگدانەوە، كەرەم بكە كاكە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بەڕاستی ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارەمان بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگرت، هەر بۆیەش ئێمە یەك لەو بڕگانەی كە پێشنیارمان كرد بوو سەحبمان كردەوە، ئەویش تەنفیزی مەشاریعە، كە ئەو دەستەیە دەسەلاتی تەنفیزی مەشاریعی پێ نەدرێت، مانای وایە ناكرێت ئێمە ئەو سندوقەی لە بودجەدا دەست نیشانمان كردووە بدەینە ئەو دەستەیە، بۆ ئەوەی تەنفیزی مەشاریعی لێ بكات، ئێمە حەق وایە لەوە بیر بكەینەوەو موحاوەلە بكەین، ئەو دەستەیە لە ئەركە سەرەكیەكانی خۆی لانەدات، ئەركەكانی سەرەكی ببێنێت، نەك ئەركە فەرعیەكان، ئەمە یەك.

دوو/ ئێمە ئەگەر ئەوەی بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین، بەو جۆرە تەداخولێك دەبێت لە بەینی وەزارەتەكانی ئێمەو بەینی كاری ئەو دەستەیە، وەزارەتەكانی ئێمە دەتوانن زۆر بە ئیعتیادی و زۆر بە تەبیعی پڕۆژە لەو موناتیقانە بكەنەوە، هەروەكو ئێستاش ئەم شێوەیە پیادە كراوە، چ لە رێگای وەزارەتەكان، چ لە رێگای ئەو ئیدارە زاتیانەی كە تەشكیل كراوە، دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت ئەم دەستەیە كارەكەی دەستەیەكی كاتییە، رەنگە بەجێ بەجێ كردنی ماددەی 140، ئەم دەستەیە هەڵدەوەشێتەوە، جگە لەوەش ئیش و كاری ئەم دەستەیە حەز دەكەم ئەوە بزانن ئیش و كارێكی ئیداری و سیاسییە، هیچ بڕگەیەك نییە لەو یاسایە ئیشارەت بەوە بدات، كە دەستەیەكی فەنی هەیە بۆ تەنفیز كردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەو مەنتیقانە، بۆیە لەبەر ئەو هۆكارانە ئێمە ئەو پێشنیارەمان بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگرتووە وەكو لیژنەی یاسا، دوا رەئیش رەئی سەرۆكایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

كێ لەو بەڕێزانە پشتیوانی لەو پێشنیارە كردووە؟ ئەگەر ئەو پێشنیارە سەحب نەبێت، دیفاعی لێ بكەن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، كاك كاردۆ كەرەم بكە.

بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

پێموایە لەسەر ئەساسی ئەوەی بودجەیەك دیاری كرا بوو، بۆ شوێنە ناكۆك لەسەرەكان، دەبێت شوێنێك هەبێت سەرپەرشتی ئەو بودجەیە بكات، یەعنی ناكرێت، ئێمە یەك لە كێشەكانمان ئەوە بووە، كەنالێك، یان میكانیزمێكی دیاری كراو و دامەزراوێك نەبووە پەیوەندیدار بێت بە هەموو موشكیلەكانی ئیقتیصادی،

سیاسی، ئەوانەی کە باس کرا، تۆ کاتێك دامەزراوێکی وا ئەرکێکی سیاسی جێناکۆك لەسەرەکانی دەخەیتە ئەستۆ، بۆ دەبێت بڕێکی بودجەی دیاری کراو ئاگادار نەبێت، ئەم وەزارەتە کامەیە هەڵدەستێت بەم کارە لەو ناوچانە؟ یەعنی گرفتێك و ئەزمەیەك هەیە لەو ناوچانە لە نەتیجەی موناقەشە کردن لەسەر بودجەش تووشی ئیشکالات و بۆچوونی جیا بوون، هەر لەسەر ئەوەیە کە دەبێت دامەزراوێك هەبێت سەرپەرشتی ئەوێ بکات، باشترین دامەزراو کە حکومەت پەیوەندیداری کردووە بۆ ئەو ناوچەیە، ئەم دامەزراوەیە، ئەوە ئێمەین بڕیار دەدەین کە چ لە ئەستۆ دەگرێت، نەك پێشنیارەکانی حکومەت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان هەیە لەم بارەیەوە.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە وەکو لە جەلسەی پێشترێش خوێندمانەوە، ئێمە هاوڕاین لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزێکی تر هەیە دیفاعی لێ بکات، کاك نەریمان کەرەم بکە.

بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ، من پێم سەیر بوو کە بەڕێزان گوتیان ئێمە هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی یاسایی، لەکاتێکدا ئێمە لەخاڵی پێنج، ئێمە داوای تەنفیزمان نەکردووە، ئێمە گوتوومانە (الاشراف على تحديد وتنفيذ)، بۆیە ئەگەر ئەو پرۆژانەی لەو سنوورانە جێ بەجێ دەکرێت، ئەگەر ئیشرافێك نەبێت لەسەریان، بەڕاستی کارەکان بەو شێوەیەی پێشوو رەخنەیەکی زۆر هەبووە، بەم شێوەیە (الاشراف على تحديد وتنفيذ المشاريع الخدمية المنفذة في المناطق المتنازع عليها)، بۆیە من پێم باشە وا بمێنێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مەسەلەی موتابەعەی تەنفیزی مەشاریع ئەوەی بۆ بەڕێزم کاك نەریمان ئیشارەتی پێدا، لە بڕگەکە هاتووە کەس حەزی نەکردووە، ئەمە یەك.

دوو/ بەنیسبەت بـرای بـەڕێزم کـاك کـاردۆ، کـە دەڵێـت میکانیزمێـك هـەبێت بـۆ تـەنفیز کردنـی ئـەو مەشـاریعانەی لـە ناوچـە دابڕاوەکـان تـەنفیز دەبێـت، بەتەئکیـد میکـانیزم ئێسـتا لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان هەیە، بۆ تەنفیزی ئەو جۆرە مەشاریعە، دەیـان پـرۆژەش تـەنفیز کـراوە لـە ناوچـە دابڕاوەکـان بۆی، میکانیزمی جێ بەجێ کردنـی پرۆژەکـان لـە سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان تەشکیل کراوە، ئەو پرۆژانە جێ بەجێ دەکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك سالار کەرەم بکە.

بەڕێز سالار محمود مراد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕاسـتیدا مـن لـە مـاددەی یەکـەمی پـرۆژە یاسـایەکە تـەرحی ئـەوەم کـرد، کـە ئـەو سـندوقە لەلایـەن ئـەم دەسـتەیەوە ئیشـراف بکرێـت، یـان بـە ئاگـاداری ئـەم دەسـتەیە ئـەو سـندوقە بـەکار بهێنێـت بـۆ پـرۆژەی خزمەتگوزاری لە ناوچە جێناکۆکەکان، ئێستاکە تێبینی تەواوی ئـەو پـرۆژەو، ئـەو ماددانـە دەکـەین، دیـارە ئەم دەسـتەیە وەکـو بـرای بـەڕێزم کـاك شـێروان ئامـاژەی پـێ کـرد، مـەهامێکی هەیـە، مـەهامێکی فەنییـە، مەهامێکە پەیوەستە بە ئیجرائاتـەکانی پەیوەسـت بـە جـێ بـەجێ کردنـی مـاددەی 140ی دەسـتوورییەوە، بۆیە من پێشنیاری یەکەمم پاشەکشە دەکەم، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کەرەم بکە فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عیمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز کاك شێروان باسی کرد گوتی ئەوە حکومـەت مەشـاریعەکان جـێ بـەجێ دەکـات، ئـەوە تـەواوە، بـەڵام موتابەعە کردنی دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

هەموو شتێك حکومەت دەیکات لەبن کۆنترۆڵی لیژنەی پەرلەمان، هەموو لیژنـەکان، ئێـوە واجیبتانـە بچـن بەدواداچوونی بۆ بکەن، جەنابیشت دیفاعی لێ دەکەیت، کەرەم بکە.

بەڕێز حمە سعید حمە علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ ئەوەی دووبارە بوونەوە روو نەدات، ئەو خاڵەش چارەسـەر بکرێـت، بڕگـەی سێیـەم، دوو شـتی لـە خـۆی گرتـووە، یەکـەم/ هاریکـاری و هەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان، بـۆ ئەنجامـدانی کارەکـانی پەرەپێدانی ناوچە دابڕاوەکان، ئەوە خاڵێك، ئەوەی بکەین بە (أ).

ب- بەدواداچوون و سەرپەرشتی کردنی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان، کە ئەوە لەناو خۆی هەیەو، ئینجا ئیبرازی دەکەیت کە دەیکەیت بە (أ و ب)، ئەو هەدەفە تەحقیق دەبێت و بەدواداچوونەکەش دەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا چونکە چەند بەڕێزێك ئەو پێشنیارەیان کرد، یەك بەڕێز پێشنیارەکەی سەحب کردەوە، ئەوانی تر سەحبیان نەکرد، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم هەیئەتە بەو کارانەی ئەو پارەیەی بۆ شوێنە کێشەدارەکان دانراوە سەرپەرشتی بکات و تەنفیزی بکات، کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (25) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، لادرا، ئێستا پێشنیارێکی تریش هەبوو، ئەو پێشنیارەش ئەوە بوو، کە ئەو دەستەیە راپۆرتەکانی خۆی دەداتە سەرۆکایەتی حکومەت، بیداتە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمیش، لیژنەی یاسایی رەئیتان.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هێشتا ئێمە نەهاتووینە سەر ئەو بڕگەیە، بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان، کەی هاتینە سەر ئەو بڕگەیە، ئەو وەختە دەبێت بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کێ دیفاعی لێ دەکات؟ چونکە دەیدەینە دەنگدانەوە، چەند بەڕێزێك پشتیوانیان لێ کردووە، ئەگەر سەحب دەکەن لە پێشنیارەکە، کەرەم بکە کاکە.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وابزانم مولاحەزەکەی کاك شێروان لەجێگای خۆی بوو، ئەوە جێگایەك هەیە کە گەیشتینە ئەوێ بخرێتە دەنگدانەوە، رەچاو بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تەوزیحی بکە تکایە، کاك شێروان کەرەم بکە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو بڕگەیەی کە پێشنیار کراوە ماددەیەکی تایبەتە لەم پرۆژەیەدا هاتووە، کەی هاتینە سەر ئەو ماددەیە، ئەو وەختە ئیمکان هەیە ئەو پێشنیارە بێتە ئاراوەو موناقەشەی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوە دەکات کە لەبڕگەیەکی تایبەت دێینە سەری، ئینجا موناقەشەی بکەن، ئەگەر مولاحەزەتان نییە، نایخەینە دەنگدانەوە، دەچینە بڕگەیەکی تر، ئێستا لیژنەی یاسایی ئەوانەی کە جەنابتان پێشنیارەکانتان وەرگرتووە، بۆمان بخوێننەوە، ماددەکە لەگەڵ پێشنیارەکان بخوێننەوە.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الثالثة: تتولى الهيئة المهام التالية:

اولاً: متابعة تنفيذ المواد الدستورية المتعلقة بالمناطق المتنازع عليها بالتعاون والتنسيق مع اللجنة العليا لتنفيذ المادة 140 من دستور العراق الاتحادي والجهات ذات العلاقة.

ثانياً: التنسيق والتعاون من خلال رئاسة مجلس الوزراء مع السلطات الاتحادية في كل مايتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان لأعادة رسم الحدود الادارية للاقليم وتعويض المتضررين وإزالة أثار سياسات التطهير القومي والتعريب والترحيل القسري.

ثالثاً: التعاون والتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة لاعمار وتطوير المناطق المستقطعة من كوردستان - العراق ومتابعة تنفيذ المشاريع فيها.

رابعاً: تنظيم ومتابعة وادارة شؤون المهجرين والمرحلين.

خامساً: جمع وتوثيق الادلة والوقائع التاريخية المتعلقة بالمناطق المتنازع عليها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەنیسبەت (المهجرين والمرحلين) زۆر لە بەڕێزەکان موداخەلەیان کرد، کە ئەو موهەجیرو مورەحەلانە، ئەوانەی کە شمولی ماددەی 140 دەکات لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئەوە.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەشێوەیەکی تر دایدەڕێژینەوە:

(تنظيم ومتابعة وادارة شؤون المهجرين والمرحلين للمناطق المتنازع عليها)، تەنها ئەو وشەیە بۆ ئاخیری بڕگەکەی زیاد دەکات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا ئاخیر صیاغەی کە لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە بەو تەعدیلە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەی چوار.

بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمەکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الرابعة:

يكون للهيئة رئيس يعيين بدرجة خاصة، وهو الرئيس الاعلى لها والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياساتها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الهيئة وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية وفق احكام القانون، ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی چوارەم: دەستە سەرۆکێکی دەبێ بە پلەی تایبەتی دادەمەزرێ و ئەو سەرۆکی بالاێەتی و بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستە کردنی سیاسەتەکانی و دەستدانە کاری سەرپەرشتی و چاودێری کردنیان و لەوەو بە سەرپەرشتی ئەو هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەك دەردەچن لەوانەی کە پەیوەندییان هەبێ بەهەر کارێکی دەستەو دەسەلاتەکانی و هەموو کاروبارە هونەری و کارگێری، بەپێی حوکمەکانی یاساو بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی ناوخۆ کەرەم بکە.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەکەمان لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بەم ماددەیە ئەم پێشنیارەی هەیە:

سەبارەت بە ماددەی چوارەم لیژنە پێشنیار دەکات دەستەواژەی (پلەی تایبەت) بگۆڕدرێت بە (وەزیر)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمەش هەمان پێشنیارمان کردووە، بۆ ئەوەی سەرۆکی ئەم دەستەیە ببێت بە دەرەجەی وەزیر، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی زۆری هەیە لە پلە بەرزەکان لە بەغدا، پەیوەندی لەگەڵ وەزیرەکان هەیە، گرنگی ئەو دەستەیەش وا دەکات لە ڕووی پرۆتۆکۆلیەوە ئێمە پلەی وەزیری پێ بدەین، بۆیە ئێمەش ئەوەمان کردووە، دوایی ڕەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ئەو ماددەیە ڕەئی بدەن کەرەم بکەن ناوەکان بنووسم، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسیوە، ئەم ڕێزدارانەن (كاك عمر عبدالعزيز، امير گۆگا، هاژە سلێمان، حسن محمد،

بەفرین حسین، حمە سعید، رزگار محمد امین، شێرزاد حافز، فازل بەشارەتی، عمر عبدالرحمن، ناسك تۆفیق)، هیچ بەڕێزێکی تر دەیەوێت رەئی بدات، رێزدار کاك عومەر عبدالعزیز فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ئەو ماددەیەوە، من سەرەتا پشتیوانی لەهەردوو لیژنە دەکەم، کە سەرۆکەکەی بە پلەی وەزیر بێت، بۆ ئەوەی بایەخێکی زیاتر بەو مەسەلەیە بدرێت، فیعلەن ئەوانیش لە عێراقن زیاتر ئەو ئاستانەیان هەیە، بۆ ئەو جۆرە کارانە، دەتوانرێت دەستی والآتر بێت و لە مەرکەزی قەرارو جێگەی تەنفیزیەوە نزیك بێت.

بەنیسبەت داڕشتنەکە، من تێبینم هەیە، رەنگە زۆربەی پەرلەمانتارانیش لەوە بێت تێبینیەکانیان، بەڕاستی هەمووی عەتفەو سێ، چوار دێر بەبێ فاریزە، من پێم باشە بکرێتە دوو بڕگە، زۆریش کورت بکرێتەوە، چونکە هەموو شتەکان تەقریبەن موتەرادیفاتن، ئاراستە کردن و سەرپەرشتی و چاودێری و رێنمایی و ئەوانەی بۆچیە، ئێمە بیکەینە دوو بڕگە، من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ دەستە سەرۆکێکی دەبێ بە پلەی وەزیر کە بەرپرسە لە ئاراستە کردن و سەرپەرشتی کردنی.

دووەم/ سەرۆکی دەستە بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

ئەوەندە کافیە، چونکە شتەکانی تر هەمووی دووبارەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار ئەمیر فەرموو.

بەڕێز امیر گوگا یوسف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەژی پشتیڤانیە کو دەرەجا وەزیر بێت، یەکێ.

یا دوێ/ (یکون للهیئة رئیس بدرجة وزیر وهو الرئیس الاعلی لها والمسؤول عن اعمالها وتوجیه سیاساتها وتصدر عنه) ئەوە لەغو بێت، چونکە (وتصدر عنه) نایەتێ (وتوجیه سیاساتها وممارسة الاشراف علیها والرقابة وتنفیذ جمیع القرارات والاوامر والتعلیمات في کل ما یتعلق بالتعاون مع الهیئة)، ئەو دەستە گەر هاریکار بیت لگەل، بۆ جێ بەجێ کردنا ڤان بڕیارا، یەعنی نەپتنێ رەئیس ئەو هەموو بڕیار بکەیفا وی بت، چ بڕیار بدات ئەو هەوە، بەلێ ئەو هەیئاتە گەل ئەو ژی پشکدار گەل، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە خان فەرموو.

بەڕێز هاژە سلێمان مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هەر دەربارەی ئەو پلە تایبەتیە، من پێم باشە پلەکە دیار بکرێت، ئایا بە پلەی وەزیر بێت؟ یان پلەی بەڕێوەبەری گشتی بێت؟ چونکە ئەگەر پلەیەکی تایبەتی هەبێت، وەکو هەر لە ماددەی دووەمیش ئیشارەتی پێدراوە، کە کەسایەتیەکی مەعنەوی و سەربەخۆیە ئەو دەستەیە، واتا سەلاحیەتێکی زیاتر دەدرێتە ئەو دەستەیە، بۆیە پێم باشە ئەو پلە تایبەتیە لابېرێت، پلەکە دیار بکرێت، چ پلەیەکە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار حەسەن محەمەد فەرموو.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یەکەم/ منیش هەر پشتیوانی لەهەردوو لیژنە دەکەم، بەوەی کەوا سەرۆکی هەیئە بە پلەی وەزیر بێت، بەلاّم من لێرە پێشنیار دەکەم خالّێك ئیزافە بکرێت، ئەویش (الموارد المالیة للهیئة)، چونکە بەڕاستی مەواریدی مالی هەیئە لە هیچ شوێنێك دیاری نەکراوە، کە ئەم میزانیەی هەیئە لە کوێ دێت؟ ئەویش تەحدید بکرێت بە چەند خالّێك، لەوانە ئەم پارەی میزانیە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆی دیاری دەکرێت، ئەگەر بکرێت ئەم سندوقەی کە باسمان کرد بخرێتە ئێرە.

سێیەم/ لەوانەیە جگە لە میزانیە، هەندێك جار مەجلیسی وزەرا پێویست بکات پارەیەکی ئیزافی بدات بەو هەیئەیە، دیسان ئەویش بکرێت بە مەواریدی مالی بۆ ئەو هەیئە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار بەفرین حسین فەرموو.

بەڕێز بەفرین حسین محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی چوارەم، پشتگیری بۆ هەردوو رەئی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ دەکەم بە گۆڕینی پلەی تایبەتی بۆ پلەی وەزیر، جگە لەوەش پێموایە دەسەلاّتی سەرۆکی دەستەکە دەسەلاّتێکی زۆر رەهایە، من پێم باشە ئەوە زیاتر حەق بە دەسەلاّتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان، مەسەلەیەکی سیاسی و چارەنووسسازە، بۆیە پێویستە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری سەرجەم بڕیارو رێنمایەکانی ئەو دەستەیە بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار حمە سەعید فەرموو.

بەڕێز حمە سعید حمە علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەبەر ئەو موبەریراتانەو هۆکارانەی باس کراو، چەندین هۆکاری تریش، منیش لەگەلّ ئەوەدام کە پلەکە پلەی وەزیر بێت، ئەم ماددەیە دابڕشتنەوەیەکی سەرلەنوێی بۆ بکرێت و بەشێوەی خالّ بەند بێت، بۆ

ئەوەی سەلاحیات و ئەرکەکان دیار بێت، کە دیار بوو، ئیتر ڕوون و ئاشکرا دەبێت لەبەردەم هەرچی هەیە بەرپرسەو دەسەلاتیشی چی دەبێت؟ بۆی بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(دەستە سەرۆکێکی بالای دەبێ بە پلەی وەزیرو ئەم ئەرك و دەسەلاتانەی هەیە:

1- بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا لەبەرامبەر ئەرکەکانیدا.

2- بەرپرسە لە کارەکانی دەستەو ئاراستە کردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی.

3- سەرپەرشتی هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکان دەکات، کە پەیوەندییان هەبێت بە دەستەوە.

4- دەسەلاتەکانی کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێرییەکانی دەبێت بەپێی حوکمەکانی یاسا.

5- بەدواداچوون و لێپێچینەوە لە کاروباری فەرمانگەکانی سەر بەم دەستەیە دەکات.

چەند فەرمانگەیەکی هەیە، ڕەنگە لە ماددەکانی دواوە، بۆیە ئەم دابڕشتنەوەیە بەخاڵ بەندی، هەم ئەرك دیارو دەست نیشان دەکات، هەم سەلاحیاتیش، لەگەڵ ڕێزمدا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار حاکم رزگار فەرموو.

بەڕێز رزگار محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من ئیقتیراح دەکەم ماددەکە بەم جۆرە بێت:

(يكون للرئيس موظف بدرجة خاصة، يعيين بمرسوم اقليمي وبترشيح من مجلس الوزراء ويرتبط بالمجلس)، بۆچی هەر بە دەرەجەی خاصە بمێنێتەوە، ئێمە کە لە وەزارەتەوە لامانداوە کردمان بە هەیئە، هەڵبەتە موستەوجەباتی نەبووە، کە وەکو وەزارەت بمێنێتەوە، ئەمە یەك.

دوو/ ئەگەر سەیری فەقەرەی دوو بکەین لە مەهامی، دەڵێت تەنسیق و تەعاون لە ڕێگەی ریئاسەی مەجلیسی وزەراوە ئەم ئیشەکان دەکات، کە لە ڕێگای ریئاسەی مەجلیسی وەزراو سوڵتاتی ئیتیحادی، راستە گرنگ ئەوەیە هەندێك جار سوڵتاتی ئیتیحادی لەوانەیە پرۆتۆکۆلیەن لەگەڵ ڕەئیسی هەیئە کۆ نەبێتەوە، بەڵام ئەو دەڵێت لە ڕێگەی ریئاسەتی مەجلیسی وزەراوە، دەبێت ریئاسەتی مەجلیسی وزەرا ئەو تەنسیقەی بۆ بکات، کە لە کۆبوونەوەیەك لە ئاستی وەزارەتدا دەبێت ئامادە بێت، ئەمە نوقتەیەك.

مەهامەکانی، یەعنی بڕگەی یەك لەو ماددەیە فەقەرەی دووی (يمارس الرئيس الصلاحيات الاتية: اولاً/ ادارة شؤون الهيئة وتوقيع على الكتب والمراسلات الصادرة عنها.

ثانياً/ رئاسة جلسات المجلس والاشراف على الدوائر التابعة للهيئة)، ئەگەر مولاحەزە بکەیت لەماددەی حەوتدا مەجلیسێك دانراوە، ئەم مەجلیسە هەر لەبەر ئەوەی ئێمە نەهاتووینە سەری، بەڵام ئەم مەجلیسە مەهامەکانی چیە؟ ئیشەکانی چۆن دەبێت؟ کێ ریئاسەتی دەکات؟ قەراراتی ئەم هەیئەیە دەوری چیە ئەم مەجلیسە تیایدا؟ ئەوە دەبێت لەکاتی ئەوەی کە گەیشتینە سەری بە تەفاسیل قسەی لەسەر دەکرێت، بەڵام

له مەهامەکانی ئەمە، مادام مەجلیسێك هەیە دەبێت ریئاسەتی تەحدیدی بکەین، کە ریئاسەی جەلەساتی ئەم مەجلیسە بکات بەشێوەیەکی دیاری کراو.

(ثالثاً/ تمثيل الهيئة امام المحاكم والجهات الرسمية ذات العلاقة)، ئەو تەمسیل دەکات.

(رابعاً/ تمثيل الهيئة في الاجتماعات المتعلقة بمهامها داخل وخارج الاقليم)، من تەسەور دەکەم ئەمانە زۆر زەروری بن، ئینجا مەسەلەی مالی، سەرف کردن سەلاحیاتی ئەم تا چەند هەبێت؟ یەعنی مالیە لە دەسەلاتی چۆنە؟ دەسەلاتەکەی لە رووی مالیەوە، یان مەجلیس دەسەلاتی هەیە؟ ئەوانە مەسائیلێکن، کە پێویستە زیاتر لەسەری بوەستین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار شێزراد حافز فەرموو.

بەڕێز شێزراد عبدالحافظ شريف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێم باشە ئەگەر لە رووی یاساییەوە ڕێگرو دژ نەبێت، ئێمە ئەو پلەیەی کە هەیە، ئەو پۆستە بە وەزیر بێت، بەڵام وابێت پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەبێت، یەعنی ڕەبتی بە پەرلەمانەوە هەبێت، ئەگەر ئەمە لە رووی یاساییەوە دژ نەبێت.

دووەم/ ئەگەر ئەوەش نەکرێت، حەق وایە بیر لەوە بکرێتەوە لە سێ مانگ جارێك، یان شەش مانگ جارێك ڕاپۆرتێکی موفەسەل بدرێت بە پەرلەمان لەسەر ئەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار فازل بەشارەتی فەرموو.

بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی بە بڕوای من ئەم خاڵە زۆر باس هەڵدەگرێت، هەرچەند ئەو بەڕێزانە زۆربەیان تەئکیدیان کردەوەو منیش پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ دەکەم، بە حەقیقەت، بەڵام ئەم شەریحەیە پێموایە پێشتر وەزارەتی هەبوو، وەزارەتەکەی لە کابینەی شەشەم هەڵوەشێندرایەوە، بە بڕوای من ئەمە هەیئەتێك بێت دەسەلاتێکی وەکو دەڵێت ڕەهای هەبێت، هەم لە حەرەکات کردن بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان، هەم لە مەسەلەی مالی بەڕاستیەکەی، چونکە ئیمکانە کاری ئەم هەیئەتە زۆر گرانتر بێت لە وەزارەتێکی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی تەعامول لەگەڵ دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش دەکات، بۆیە پێشنیار دەکەم بەڕاستیەکەی دەسەلاتێکی وایان هەبێت، کە بتوانن بە ئەرکەکانی خۆیان

هەڵبستن، چونکە ئەرکی ئەم هەیئەتە زۆر گرانتر دەبێت، ئەگەر پلەی وەزیریش زیاتر نەبێت، بەحەقیقەت پلەی وەزیری پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت بۆ جێ بەجێ کردنی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالرحمن فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشەکی تەئیدی ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ دەکەم، بەنیسبەت پلەی ڕەئیسی ئەم دەستەیەوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی تەوزیحێکی لەسەر درا، ئەم ڕەئیسە ڕەبتێکی موباشیری هەیە بە وەزارەت و بە مەجلیسی وزەراو لە حکومەتی ئیتیحادی عێراقی لەگەڵ زۆرینەی وەزیرەکان، لەبەر ئەوە پێویستە لەبەر گرنگی موقیعەکەی، لەبەر گرنگی موهیمەکانی، پێویستە دەرەجەکەی وەزیر بێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی پێنج لە بەشی دووەمدا ڕەئیسی ئەم دەستەیە بە مەرسومێکی ئیقلیمی دەردەکرێت، بە مەرسومێکی ئیقلیمی تەعین دەبێت، پێویست دەکات بە دەرەجەی وەزیر، وەکو هەیبەتدانێك بە مەوقیعەکەی، بە دەستەکەی، بۆ تەنفیز کردن و بەڕێوەبردنی کارەکانی، بەڵام ئەم ماددەیە وەکو برادەرێکی دیکە باسی لەسەر کرد، حەسم بکرێ بە یەك بڕگە و ئەویش بوترێ: یکون للهیئة رئیس یعین بدرجة وزیر و هو الرئیس الاعلی للهیئة و بەس، بۆ چی؟، ئەمەی کە باسی لەسەر موهیمەکانی کراوە، توجیهی سیاسات و مومارەسەی ئیشراف و ڕەقابە و عیلاقات، گەر بگەڕێینەوە لە ماددەی دووەم، ئێمە باسمان لەوە کردووە کە ئەم هەیئەتەش شەخصیەتێکی ئیداری و مەعنەوەی و مالی هەیە، لە ماددەی 9شدا ڕەئیسی هەیئە صەلاحیاتی ئیصداری تەعلیماتی هەیە، کەواتە ڕەئیسی هەیئە ئەتوانێ بە پەیڕەوێکی ناوەخۆ تەعلیماتی کامیلی مەهامەکانی خۆی، ئیشراف کردن، ئیشەکانی، هەیئەکانی، کۆبوونەوەکانی، چۆن ڕەقابە ئەکات؟، لەوێ باسی لەسەر بکرێ لەم یاسایە باسی لەسەر نەکرێ، بەو تەعلیماتەی کە پێی دراوە لە ماددەی 9، ئەتوانێ ئەمە دەربکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار ناسك توفیق فەرموو.

بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە من پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم کە بە دەرەجەی وەزیر بێ، چونکە بەڕاستی ڕاستە کابینەی نوێ ویستی ئەوەی هەبوو تەرشیقی حکومەت بکرێ، بەڵام بەڕاستی مەوزوعی ناوچە جێ ناکۆکەکان ئێستا یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکیەکانی بەینی ئێمە و مەرکەزەوە، لەبەر ئەوە جێی خۆیەتی بەپلەی وەزیر بێ، بەڵام من لێرە شتێکی دیکە ئەڵێم، ئەویش ئەوەیە کە تەنها مەسئول نەبێ لەبەردەم مەجلیسی وزرا،

بەڵگو وەکو بەڕێزیشت ئیشارەتت پێدا، مەسئول بێ لەبەردەم پەرلەماندا، ئیتر ئایا بڵێین: یرشح من قبل مجلس الوزراء بعد مصادقة الاغلبية المطلقة من اعضاء البرلمان، یاخود بە ئالیەتێك تەرتیب بکرێ کە پەرلەمان بتوانێ موتابەعەی ئەم دەستەیە بکات و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی یاسایی رەئیتان دەربارەی ئەم موداخەلانەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان؟

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر لە ئەندامانی بەڕێز تێبینیان هەبوو لەسەر پلەی سەرۆکی ئەو دەستەیە بە پلەی وەزیر بێ و زۆریش لەو بەڕێزانە پشتگیری پێشنیارەکەی لێژنەی یاسایی و ناوەخۆیان دەکرد، زۆر سوپاسیان دەکەین، ئایا لەبەر چی پێویستە بە پلەی وەزیر بێ؟، بەڕێزان مەسەلەکە پرۆتۆکۆلیە زیاتر، ئەوە سەرۆکی ئەو دەستەیە لەگەڵ دەسەڵاتی ئیتیحادی دادەنیشێ و کۆ دەبێتەوە، ئەگەر بەو پلەیە نەبێ لەوانەیە ئەوان هەر ڕازی نەبن ئامادەی کۆبوونەوەکان بێ، بۆیە پرۆتۆکۆلیەو پێویستە بە پلەی وەزیر بێ، ئەوە تێبینیمان لەسەر ئەو پێشنیارە، سەبارەت بە پێشنیاری کاك حاکم ڕزگار، چەند تێبینیەکی هەبوو، لەبەر چی بە پلەی وەزیر بێ؟، ئەوە وەڵاممان داوە، سەبارەت بە تەرشیح کردنی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە لە ماددە شەشی پرۆژەکە هاتووە، ئەو ماددە تایبەتە بە مەرجەکانی دامەزراندنی ئەو کەسەی کەوا دەبێتە سەرۆکی دەستەکە، کە مەرجەکان لەوێ باس کرایە و باس کرایە کەوا لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران تەرشیح دەکرێ، یەك لە بەڕێزەکان باسی لە دارایی کرد، ئەوەش لە ماددە شەش دیسان هاتووە، دائیرەك هەیە(الدائرة الادارية و المالية)، کە ئەو بابەتەی لە خۆ دەگرێ و ڕێکی دەخات، چەند بەڕێزێك پێشنیاری ئەوەیان کرد ڕەبتی پەرلەمان بێ، بەڕێزان ئەوە لەبیر نەکەین کە ئێمە لە ماددەی دووی یاساکەدا دەنگمان بۆ ئەوە دا کە سەر بەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆیە ئێستا ناکرێ پێشنیارێك بخەینە روو کە پێچەوانەی یاخود دژی ئەو ماددەیە بێ کە ئێمە دەنگمان بۆ داوە و پەسندمان کردووە، وا بزانم هەر ئەوەندە پێشنیارەم تۆمار کردووە لای خۆم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك شێروان کەرەم بکە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خاڵێك هەیە دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، ئەویش ئەوەیە، ئەوەلەن: ئەو دەزگایە لەو دەزگایانەیە الغير المرتبطة بوزارة، کە لە بودجەی هەرێمی کوردستان ئێمە جێگامان بۆ کردەوە، ئیشارەتمان پێداوە، جیامان کردووە لەگەڵ وەزارەتەکان، چونکە ئەو ئیدارەیە ئیعتیبار دەکرێ من الادارات الغير المرتبطة بوزارة، ئەمە یەك، دوو: لە بودجەی هەرێمی کوردستان، ئێمە بۆ ئیستحداسی دەزگای تازە دیسان بودجەی تایبەتیمان

دانایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مالی ئەم دەزگایە، من تەصەوری ئەوە ناکەم ئەم دەزگایە واریداتی هەبێ، مالیەکە کە لەوێ هاتیە ئەکیدم لە بۆ مەسائیلی مالی بەڕێوەچوونی ئیش و کاری ئەم دەزگایە، چ لە رووی کارگێڕیەوە و چ لە رووی مالیەوە بێ، هەروەکو هەر دەزگایەکی تر، برای بەڕێزم کاك ڕزگار باس لە دەسەلاتی ئەم دەزگایە دەکات، باس لەوە دەکات کە ئەبێ رەئیسی ئەم دەزگایە رەئیسی هەیئەکە بێت، ئێمە ئەگەر هات و بچینە ناو پرۆژەکە دەبینین لە ئەحکامی خیتامی دەڵێ: لرئیس مجلس الوزراء تحدید مهام و اختصاصات تشکیلات الهیئة بنظام، ئەوە لەوێندەرێ ئیمکان هەیە ئەو تەفاصیلە هەمووی ورد بکرێتەوە و لەسەری دابنیشن بۆ ئەوەی ئیختیصاصی هەر یەك لە رەئیس و لە دەزگاکانی تری ئەم هەیکەلە دەستنشیان بکەن و تەفاصیلەکە نەیەتە ناو هەیکەلیەتی ئەم وەزارەتە و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە دوا صیغەتان بخوێنن بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، فەرموو.

بەڕێز برهان رشید حسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر پلەی بکرێ بە وەزیر، لە کۆتایی ماددەی چواردا هاتووە، و یکون مسؤولآ امام مجلس الوزراء، یەعنی کە دەرەجەی وەزیر بێت، جوانتر نیە مەسئول بێ لەبەردەم پەرلەماندا، رەنگە یەکێك لە مەبەستەکانی لێژنەی یاسایی کە دەرەجەی وەزیر ئەدات بەو بەڕێزە، ئەوە بێ بۆ ئەوەی قوەت و مەکانەتی لە مفاوەزاتدا لە بەغدا ئەگەر چوو لەسەر ئەو موشکیلانە قسەی کرد، بەهێز بێ، دووەم سەبەب ئەوە بێ بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێ موتابەعەی بکات، لە کۆتایی ماددەی چواردا هاتووە، و یکون مسؤولا امام مجلس الوزراء، جوانتر نیە و البرلمان لەگەڵی ئیزافە بکرێ؟، چونکە دەرەجەی وەزیر بێ، حەقی خۆمان نیە لەبەردەم ئێمەشدا مەسئول بێ؟، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەلەن: ئەوە دەزگایەکی تەنفیزیە، ناکرێ دەزگایەکی تەنفیزی رەئیسەکەی تابعی پەرلەمان بێت، دەزگایەکەشی تابیعی ئەنجومەنی وەزیران بێ، ئەمە بە هیچ شێوەیەك وارید نیە، ئەمە یەك، دوو: کە دەڵێ: مسؤولآ امام مجلس الوزراء، بەڵێ ئەم دەزگایە مورتەبیتە بە مەجلیسی وزەرا، ئەکید دەبێ یەکێك بەرپرسیار بێ لەم دەزگایە، کە ئەویش مەجلیسی وزەرایە، ئەمە شتێکی زۆر تەبیعیە، بەڵام تەنها و تەنها

وەزیرە بۆ ئەوەی حقوق و امتیازاتی وەزیر وەربگرێ، بۆ ئەوەی نەك بە شێوەكانی تر عوزو بێ لە ئەنجومەنی وەزیران یان متمانە لێرە وەربگرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا پلەی وەزیر، پێش وەخت ئەگەر بە پلەی وەزیر بێ ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكات، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، تكایە ئێستا ماددەكە بخوێنەرەوە ئاخیر صیاغە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان، نوقتەی‌نیزامی كاك عومەر كەرەم بكە.

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

لێژنە وەڵامی دوو، سێ ئیقتیراحی نەدایەوە، زیاد لە سێ ئیقتیراح باسی ئیعادەی صیاغەشمان كرد، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان باسیان نەكرد.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بەراستی لەم مەسەلانە، مەسەلەی صیاغە بۆچوونی جیا جیا هەیە، ئێمە پێمان وایە ئەو صیاغەی كە لە پرۆژەكەدا هاتیە، صیاغەیەكە بە نیسبەت هەیكەلیەتەكەوە و دەسەڵاتی هەیكەلیەتەكە بوو و هەندێ ورد كراوەتەوە بەڕاستی، صەلاحیاتی رەئیسی ئەو دەستەیە هەندێ ورد كراوەتەوە، باشە ئێمە بۆ ئیختیصاری نەكەین، بۆ وردی نەكەینەوە بە نیسبەت ئەو هەیئەتە بەلای كەمەوە، بۆیە ئێمە وەكو لێژنەی یاسا لەگەڵ ئیختیصاری صیاغەكە نینە، لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەكەینە و دوا رەئیش رەئی سەرۆكایەتی پەرلەمانە و ئەندامانی پەرلەمانە.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

مودا‌خەلە خەلاص بوو، ئێستا ئەخەینە دەنگدانەوە بەوەی كە بەڕێزتان دەنگتان پێدا بە پلەی وەزیر بێ بەرپرسی ئەوە، تكایە دوا صیاغەتان بخوێنن تا بدەینە دەنگدان.

بەڕێز د.زانا رؤوف حمد كریم:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

المادة الرابعة: یكون للهیئة رئیس یعین بدرجة وزیر و هو الرئیس الاعلى لها و المسؤول عن أعمالها و توجیه سیاساتها و ممارسة الاشراف و الرقابة علیها و تصدر عنه و تنفذ باشرافه جمیع القرارات و الاوامر و التعلیمات في كل ما له علاقة بمهام الهیئة و صلاحیاتها و سائر شؤونها الفنیة و المالیة و الاداریة وفق احكام القانون و یكون مسؤولآ امام مجلس الوزراء.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکات؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا تکایە بۆ ماددەی پێنجەم، کەرەم بکە، فەرموو.

بەڕێز د.زانا رؤوف حمد کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الخامسة:

أولاً: يشترط في من يعين رئيساً للهيئة:

1- **أن يكون من مواطني الاقليم و مقيماً فيه اقامة دائمية.**

2- **أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية على الأقل و متمتعاً بالكفاءة و الخبرة في مجال الإختصاص.**

3- **حسن السيرة و السلوك و غير محكوم بجريمة مخلة بالشرف.**

4- **لم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية أو إرتكبتها في كوردستان.**

ثانياً: يعين الرئيس بمرسوم إقليمي و بناءاً على ترشيح من مجلس الوزراء

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی پێنجەم:

یەکەم:ئەوەی بە سەرۆکی دەستە دادەمەزرێ پێویستە ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی:

1-**دەبێ لە هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت و بەردەوام لێی نیشتەجێ بێ.**

2-**دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەلایەنی کەم هەبێت و لێهاتوویی و شارەزایی لە بواری پسپۆریەکەی خۆی هەبێت.**

3-**خۆرەوشتی باشبێت و بە تاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ.**

4-**بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێ کە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر نەخشەی بۆ کێشابێ یان کردبێتێ لە کوردستاندا.**

بەڕێزان بڕگە دوو لە دەقە کوردیەکەی پرۆژەکە کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەشی پەرلەمان کراوە، نەهاتووە،

بڕگە دوو:سەرۆکی دەستە بە مەرسومێکی هەرێمی دادەمەزرێ لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ مولاحەزەمان نیە تەنها بە نیسبەت فەقەرە سێ نەبێ، لە رووی صیاغەوە (ان یکون) ئیزافە بکرێتە سەر بیدایەتی فەقەرە سێ، کە دەڵێ: ان یکون حسن السیرە و السلوك و غیر محکوم بجریمە مخلە بالشرف، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی ناوەخۆ رەئیتان تکایە.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لە لێژنەی ناوەخۆ لەسەر ماددەی پێنج تەنها ئەم پێشنیارەمان هەیە، سەبارەت بە ماددەی پێنجەم، تەنها لە بڕگەی چوار وشەی (داپۆسێنەر) بگۆڕدرێ بە وشەی (رژێمی بەعس)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوە نین ئەو فەقەرەی بۆ ئیزافە بکرێ (ان یکون کامل الاهلیە)؟ بەڕێزان ئێستا کێ ئەیەوێ قسەی بکات ناوتان بڵێن، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسی ناوەکانیان ئەخوێنینەوە، ئەوەی ناوی نەنووسرابوو ئاگادارمان بکاتەوە، ناسك توفیق، عومەر نورەدینی، فازل بەشارەتی، گۆران ئازاد، کاردۆ محمد، نەریمان عبدالله، صباح بیت الله، عبدالسلام بەرواری، د.رفیق صابر، د.صباح، زکیە صالح، حاکم ڕزگار، جەعفەر عەلی، پەروین، بیریڤان، بەفرین حسین، حمە سەعید، عومەر عبدالعزیز، د.احمد، هاژە سلێمان، خورشید، عبدالله حاجی مەحمود، ناسك خان کەرەم بکە.

بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە من هەر لە ئەوەڵ ماددە هەتا ئێستا هەر ئەو ئیشکالیەتەم هەیە، ئەگەر سەرۆکایەتی وەڵامم بداتەوە، ئالیەتی موتابەعەی پەرلەمان بۆ ئەم دەستەیە چۆن دەبێ؟، راستە لە ماددەی 2دا یەکلایی بوویتەوە کە سەر بە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە خاریجی ماددەکەیە، پەرلەمان موتابەعەی هەموو شتێك دەکات، 19 لێژنەتان هەیە، هەر شتێك ڕەبتی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، حەقی ئێوەیە بەدواداچوونی بۆ بکەن، بە پێی ئەو لێژنانەی کە هەتانە، ئێستا کەرەم بکە و وەرە سەر ماددەکە خوشکی من، فەرموو.

بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەی کە لای من ڕۆشن نیە ئەوەیە کە تەصویت، یەعنی متمانەی پێ نادرێ لە لایەن پەرلەمانەوە، دوو: لێرە مادام کە متمانەی پێ نادرێ، لێژنەی تایبەتیشمان نیە بەو مەوزوعە لەناو پەرلەماندا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕەجائەن، دوایی ئەتبرم، وەرەوە سەر ماددەکە ڕەجائەن.

بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خاڵی دووەم کە باس لە مەجالی ئیختیصاص دەکات، ئەگەر ئەو مەجالی ئیختیصاصە دیاری بکرێ، لە چ مەجالێکە؟، هەر ئەو دوو خاڵەم هەبوو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عومەر نورەدینی فەرموو.

بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، برگەی(أ)، لەوێ دەڵێ: دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێ، لەوێدا زاراوەی هەرێم ئەگەر بگاتە ئەو ڕادەیەی کە یەکێك دانیشتووی ناوچە ناکۆکەکان بێت، ئەوە بێبەش بکات، بە ڕەئی من پێویستە ئەوەشی بۆ زیاد بکەین کە دانیشتووی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێ ناکۆکەکان بێ، مەسەلەن لەوانەیە لە داهاتوودا یەکێك ئەم پۆستە وەربگرێ کە خەڵکی کەرکووك بێ و زۆرینی ئاساییە، ئەگەر لەوێدا زاراوەی هەرێمی کوردستان ببێتە مایەی کە بەو شێوەیە کەسێك دانیشتووی کەرکووك بێ یان ناوچە جێ ناکۆکەکان بێ، لەمە بێبەش بکرێن حەقە جارێکی تر ئەمە صیاغە بکرێتەوە کە لەو ئیشکالیەتە دەربازمان بکات، سەبارەت بە برگە دوو، کە دەڵێ: پسپۆریەتی هەبێ بە پێی، پسپۆریەتی لێرەدا ڕەبتی بڕوانامەی زانکۆیە، بەس لە جیاتی پسپۆریەتی، باس لەوە بکرێ کە توانای هەبێ، کە ئەزموونی هەبێ، لێهاتوویی هەبێ، سەبارەت بەم بابەتەی کە ئەم یاسایەی بۆ داندراوە، بە تایبەتی مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار فازڵ بشارەتی فەرموو.

بەڕێز فاضل محمد قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ماددەی پێنج، ئەو بەڕێزانەی لێژنەکان هەموو خاڵ و بەندەکانیان خوێندەوە، من بە حەقیقەت وەکو بۆچوونی خۆم مولاحەزەم نیە، بەڵام لەسەر دوو خاڵیان مولاحەزەم هەیە لەناو ماددەی پێنج، لە خاڵی سێ و چوار، بە حەقیقەت من پێم وایە ئەمە ئیشکالیەت بۆ دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان دروست دەکات، چونکە لە خاڵی سێ دەڵێ: خووڕەوشتی باش بێت و بە تاوانێکی ئابڕووبەرانە حوکم نەدرابێ، لە خاڵی چوار ئەڵێ: بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێ کە دەسەڵاتی داپۆسێنەر نەخشەی بۆ کێشابێ، یان کردبێتێ لە کوردستاندا، من پێم وایە ئەوە بۆچوونێکی زۆر پوخت و باشە و لە جێی خۆیەتی، من بەش بە حاڵی خۆم ئومێدم دەخواست هەموو دەسەڵات، یان هەموو شەریحەکان لە هەرێمی کوردستان ئەو حیسابەی بۆ

بکرابایە کە بەو نەوعیەتە خەڵکی بۆ دابنرایە، بەڵام ئەگەر لەناو هەموو دەسەڵات تەنها حیساب بۆ ئەم هەیئەتە بکرێ، ئەو مواصەفاتانە لەو خەڵکانە هەبێ، ئەی باقی تەشکیلاتی تر کە ئەنواعی خەڵکی جۆراوجۆر لەناو دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دانراوە کە پێم وایە خەڵکێك دانراوە کە ئەو رووی نیە باسی رابردووی خۆی بکات، بەڵام لەناو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەسەڵات بەرێوە ئەبات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار گۆران فەرموو.

بەڕێز گۆران ئازاد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مولاحەزەکەی من د.عومەر وتی، بەڵام من زیاتر لە رووی قانونیەوە رووبی دەکەمەوە، سەبارەت بە خاڵی یەکەم لە ماددە پێنجدا، دوو مەرجی دیاری کردووە ئەگەر بە وردی بیخوێنینەوە، کە دەڵێ: هاوواڵاتی هەرێمی کوردستان بێت و بەردەوام لێی نیشتەجێ بێت، بەڵام بە گوێرەی ماددە 117 لە دەستووری عیراقی، هەرێمی کوردستان بریتیە لەو سنوورەی کە پێش سوقوتی بەغدا وجودی هەبووە، واتا ناوچە جێ ناکۆکەکان ناگرێتەوە، کەواتە ئەگەر وابێ ئەم هاوواڵاتیانەی ناوچە جێ ناکۆکەکان بێبەش دەبن لە وەرگرتنی ئەم پۆستە، جگە لەوەش ئەگەر بگەڕێینەوە سەر خاڵی ئیختیصاصی و پسپۆری و شارەزایی، زیاتر خەڵکانی دانیشتووی ئەم ناوچە، دەکرێ زیاتر ورد بن لەم لایەنەوە، بۆیە شوێنی نیشتەجێبوونیش من بە مەرجێکی لە جێی خۆی نازانم لێرەدا، چونکە لەم حالەتەشدا ئەگەر مەرجەکە بگوازینەوە بۆ ئەم حاڵەتە، بڵێین ئەگەر پۆستەکەی وەرگرت و بێتن لەناو هەرێمی کوردستان دابنیشیت بەو گوێرەی ئێرە عاصیمەیە و موئەسەسات و دەزگاکانی عیلاقاتی لەگەڵ ئەنجومەن و پەرلەمان هەیە، ئیشەکانی بکات، بەڵام تا ئەو کاتی پۆستەکە وەردەگرێت، من هەر چەندە لە دواتریش لەگەڵی نیم، بەڵام لە پێش وەرگرتنی پۆستەکە من بە گونجاوی نازانم، جگە لەوە، لە خاڵی سێ و چوار بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ وای لێ بکەین کە دانیشتووی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێ ناکۆکەکان بێ، دەکرێ هەردوو خاڵەکە ئێمە لای ببەین، لەبەر ئەوەی، ئەوەی کە مەرجی ئەساسیە ئەوەی کە پۆستەکە وەربگرێت، سابیقەیەکی تاوانکاری نەبێت و سابیقەیەکی سیاسی خراپی نەبێت، کە ئەم دوو خاڵەش لە خاڵی سێ و چوار رووبنکراوەتەوە، ئەوجا دانیشتووی هەرێمی کوردستانە یان دانیشتووی ناوچە جێ ناکۆکەکانە، من ئەوە بە کێشە نابێنم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار کاردۆ فەرموو.

بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تێبینیەکەی من برادەران وتیان، بەڵام ئەفزەلیەت دەدەمە دانیشتووی ناوچە دابراوەکان بۆ سەرۆکی ئەم دەستە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار نەریمان فەرموو.

بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەندێك لە تێبینەکانم وترا، بەڵام من ڕەئیەکم هەیە لەسەر ماددەی یەك، کە دەڵێ: دەبێ لە هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت و بەردەوام لێی نیشتەجێبێ، بەراستی بۆ ئەوەی ئێمە بۆ ئەو هاوواڵاتیانەی کە کوردن و لە ناوچەکانی تریش نیشتەجێ بوون وەکو بەغدا بێبەش نەبن، من زیاتر ئەچم لەناوچە دابراوەکانیش، ئەگەر بکرێت بوەترێت: دەبێ لە هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عیراق بێ، بۆ ئەوەی لەوانەیە خەڵکێکی شارەزا و بە توانا و باشترمان دەست بکەوێت لە ناوچەکان وەکو بەغدا کە کوردن و توانایان بەهێزتر بێ، هەروەها من لەگەڵ ئەو ڕەئیەی جەنابتم کە باست لەوە کرد، کە ئەهلیەتی ئەو کەسە زۆر زەرووریە، بە پێی یاسا ئەهلیەتی یاسایی و تەندروستی هەبێت، بەڵام ئەگەر بکرێت ئەو ئەهلیەتی یاسایی و تەندروستیە زیاد بکرێ بۆ بڕگەی دوو، لە کۆتاییدا بنووسرێ، بکرێ، پێم وایە کۆتایی پێ دێت، پاش ئەوە دەڵێ: بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بەلانی کەم هەبێت و لێهاتوویی و شارەزایی پسپۆریەکەی خۆی هەبێت، ئەهلیەتی یاسایی و تەندروستی هەبێت، پاشان لە بڕگەی چوار، ئەو بڕگەیە بە باشی هاتووە، بەڵام من ئیزافەیەکم هەیە، لە جیاتی ئەوەی بنووسرێ بەشداری لەو تاوانانە، بەشداری و پشتگیری لەو تاوانانە نەکردبێ کە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر، بەشداری، مەدلولی خۆی هەیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە و دیارە، بەڵام پشتگیری هەندێ خەڵك هەیە کە بە نووسین یان بەشتی تر و مەعنەوی بەشداری کردیە لەو تاوانانە، بۆیە من پێم باشە بەشداری و پشتگیرەکەی بۆ زیاد بکرێ، ئیزافە بکرێت لەسەر ئەوە، بۆ خاڵی تری ئیزافە بکرێ بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هەموو پشتیوانی خەڵکی کوردستانی بۆ بەدەست بێنین، پشتگیری لەم دەستەیە بکات، بەراستی من پێم باشە خاڵێك زیاد بکرێ، ئەویش بکرێ بە بڕگەی پێنج، لە ڕووی یاساییەوە ئەو کەسە بێ لایەن بێت، بۆ ئەوە بتوانین ئێمە پەیوەندییەکانمان بکەینە پەیوەندییەکی نەتەوەیی لەگەڵ ئیتیحاد، نەك پەیوەندییەکی حیزبی و دوو ئیدارەیی کە لەمەوپێش بەراستی ڕەنگدانەوەیەکی خراپی هەبوو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله فەرموو.

بەڕێز صباح بیت الله شکری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

حەقیقەت ئەز پێشنیارا جەنابی د.عومەر نورەدینی پشتگیری دەکەم، کە نە بەس خەڵکی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانێ بێ، بلا بۆ ئەو کەسەش بێت کە حەقیقەت لە دەڤەرا ناوچە ناکۆکەکانیش بێ، چونکە ئەوان نابێ مەحروم کرن، دوو: بواری پسپۆریا هاتیە، ئەز نازانم بواری پسپۆریا ئەکرێتە دەستنیشان کرن، ئەو بواری پسپۆریا نەمێنێتن، لە خاڵەکا دی کە دەبێژێتن بەژداری لەو تاوانە نەکردبێ کە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر، رەئیا من ببێتن یان رژێما فاشستا بەعس یان رژێما بەعسا گۆڕ بە گۆڕ ئەمە ئیزافە کرنا ماددەکە و زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار د.رفیق صابر فەرموو.

بەڕێز د.رفیق صابر قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، لەگەڵ ئەوەم کە بەراستی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و عیراقیش بێت، چونکە رەنگە لە داهاتوودا کەسێکی شیاو و لایق لە برایانی تورکمان بێت، تەنانەت کەسێکی عەرەب بێت، خەڵکی ناوچە جێ ناکۆکەکان بێت، باوەڕێ بە جێبەجێ کردنی ماددەی 140 هەبێ، مومکینە کەسێك لەو جۆرە پەیدا ببێت کە ببێتە سەرۆکی ئەم دەزگایە، سەبارەت بە خاڵی چوارەم، من پێم باشە تەنیا بەشداری نەبێ، بەوە واز نەهێنین کە بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێ، بەڵکو زۆر گرنگە کە پێشتر ئەندامی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە نەبێت و نەبووبێت لە هیچ کام لە دەزگایە حیزبە داپڵۆسێنەرەکان کاری نەکردبێت، ماددەکە واتا بەو شێوەی لێ بێت، ئەندامی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە نەبووبێت و لە دەزگا داپڵۆسێنەرەکان کاری نەکردبێ و بەشداری و پشتگیری، ئەو پێشنیارەی کاك نەریمان وتی، ئەوەشی بخرێتە سەر، بەشداری و پشتگیری تاوانی نەکردبێ کە دەسەڵاتی...تا دوایی و ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رێزدار د.صباح فەرموو.

بەڕێز د.صباح محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم ماددەیە تایبەتە بە مەرجەکانی سەرۆکی دەستە، دیارە مەرجەکان تا دەقیقتر بێ و وردتر بێ باشترە، پشتگیری لەو بۆچوونە ئەکەم کە مەرج نیە کە سەرۆکی دەستە دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت، چونکە ئێمە حیساب بۆ داهاتوو دەبێ بکەین، رەنگە رۆژێك لە رۆژان کەسێك کە شایستەی ئەو پۆستە بێ، بەڵام دانیشتووی یەکێك لەو شارانە بێت کە جێگەی ناکۆکیە، بۆیە ئەو مەرجە دانەندرێ، تەنها مەرجێکی وای بۆ دابنرێ کە نیشتەجێبوون نەبێ بە مانیع لەوەی کە ئەو پۆستە بگرێتە دەست، بە نیسبەت بڕگەی سێیەم، پێشنیار دەکەم بوەترێ: ئەو کەسەی کە ئەو پۆستەی پێ ئەدرێ خووڕەوشت و ناوبانگی باش بێ، (حسن السیرە و السمعە)، بە تاوانێکی ئابڕوو بەر حوکم نەدرابێ، ئەوە زۆر جێگەی خۆیەتی، بەڵام بە

نیسبەت چوارەمەوە من زۆر ئەو پرسیارەم لا دروست دەبێ لە بڕگەی چوارەم، لە خاڵی چوار، چۆن ئەبێ ئێمە یەعنی مەوزوعێکی وا بێنین کە ئەصڵەن بە خەیاڵمان دابێ کەسێك کە پشتگیری و بەشداری کردبێ لەو تاوانانەی کە دەهەق بە گەلی کوردستان کراوە، ئەصڵەن مەجالی ئەوەی پێ بدرێ تەصەوری ئەوە بکەین رۆژێك لە رۆژان ببێتە سەرۆکی دەستەیەکی وا گرنگ، یەعنی ئەمە تەحصیلی حاصلە و تەئکیدی موئەکەدە، هەر بە بڕگەی سێیەم من وا ئەزانم ئەو کەسە دەبێ بچێتە دەرەوە، یەعنی لەوەی کە حەقی ئەوەی پێبدرێ بکرێت بە سەرۆك، چونکە کە وتمان خوو رەوشت و ناوبانگی باش بێ، ئەو کەسەی کە بەشداری کردبێ یان پشتگیری کردبێ لەو پرۆسە بەد ناوانەدا کە دەرهەق بە گەلەکەمان کراوە، وا ئەزانم حەقی ئەوەی نابێ بە هیچ شێوەیەك، نەك تەنها پۆستی سەرۆکایەتی دەستە تەنانەت ئەندامیەتی ئەو دەستەشی پێ نەدرێ، بۆیە من پێم وایە ئەو بڕگەیە هەر ئیزافەیە و تەحصیل حاصلە، ئەوە شتێکی فۆرمە و وەکو فۆرمۆلەکی لێ هاتووە لە یاساکانەوە هەبێ، من قسەم نیە، بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێ نیزامێکی تازە دابنێین بۆ دارشتنی یاسا، دەبێ ئەوە ببێ بە بەدیهی لە کەلتووری سیاسی و لە کەلتووری ئیداری گەلەکەماندا کەسێك کە رۆژێ لە رۆژان ناوبانگی خراپ بێ بە ئەندامیەتی لە حیزبێکی فاشی وەکو رژێمی بەعس لە حیزبی بەعسدا ئەبێ بە هیچ شێوەیەك مەجالی ئەوەی پێ نەدرێ کە پۆستێك وەربگرێ، بۆیە من پێم وایە ئەو کەسە دەبێ خووڕەوشتی باش بێ و ناوبانگی باش بێ، سیرەی سیاسی و سلوکی سیاسی باش بێت، سەبارەت بەو پێشنیارانەی پێشوو، تەئکیدی هەموو ئەو پێشنیارانە دەکەم بە تایبەتی ئەوەی کە کاك فازل باسی کرد، یەعنی ئەمە ببێت بە ئەتەکێت و کەلتوور، کە ئێمە ڕێ بە هیچ کەسێك نەدەین کە سەر بە رژێمی بەعس بێت، ئەگەر بڕیارە بمێنیتەوە ئەو خاڵەش، پێم وایە زۆر بە راشکاوی بوەترێ بەشداری و پشتگیری لە هیچ تاوانێك دەرحەق بە گەلی کوردستان نەکردبێ، تایبەتیشی نەکەین بە رژێمی بەعسەوە، چونکە رژێمی بەعس سەردەمێك بوو و رۆیی، یەعنی بوو بە بەشێك لە مێژوو، رەنگەئێستا کەسانێك هەبن بە شێوەیەك لە شێوەکان دژی مافە رەواکان گەلی کوردستان بن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار زکیە صالح فەرموو.

بەڕێز زکیە صالح عبد الخالق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت خاڵی یەکەم، ماددەی پێنجەم، هەر بخۆ ل سەرێ بێژی ئەوەی بە سەرۆکی دەستە دادەمەزرێت، پێویستە ئەو مەرجانەی لێ بێتە دی، مادەم لێی بێتەدی، ئەو هەردوو دابێ خاڵ یەکێ و دووێ زێدەیە، ب ڕەئیا من، یادیکەژی هەر چەندە خاڵ یەکێ گەلەك، کاك عمر نورەدینی گەلەك بەباشی بەحس کرد، کو بێژیتن، لە هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان بێ، بەس ئەم کەلیمە بەردەوام ئەم ژێ بەحس کەین، دیساژی بەرەئیامن یا دروست بیت، چونکو ئەو بەردەوامە، شەرت نیە بەر دەوامە ل ڤێ درکێ بی، بەلکی جهەکی بیت ژی هاتبیتە درکێ، یان ژی کەلیمە بەردەوام ئەگەر ژناوێ وی ببەین، ئەز بێژم دروست بیتن، یادی

خالاً دوێ، ب رەئیا من ئەم بێژین بڕوانامەی بەرایی زانکۆ، بەلایەنی کەم هەبێت، زانیاری چونکو مەعریفە دبیتن هەبیتن ل سەر وی کارێ دکەتن، ئەو کەلیما زانیاری بهێتە زێدە کردن و لێهاتویی، برەئیا من دیارە باشتر بیت، ب نسبەت خالاً سێ و چارێ، ئەوژی هاودەنگم کو دگەل هەڤالیت خۆ کو بەحس ژی کری، ئەڤە ئەگەر بێین ئەم سەح کەینێ، یاسایێ هەر وەزارەتەکا دەرچووی هەرێما کوردستانێ، خاسەتەن خالاً خووڕەوشتی باش بیت، ب تاوانەکی حوکم نەدرابێ، تێدا ب زەقی نەهاتیە گۆتن؟، ئەڤە دوو تشتێت تەحسیل حاسلە ب ڕاستی، ب رەئیامە بۆچی دبیت دڤێ دەستێ دا بێتە گۆتن، ئان بۆچی ل سەر ڤی کەسی بهێتە سەپاندن؟، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار حاکم رزگار، فەرموو.

بەڕێز ڕزگار حمدامین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لەسەر بڕگەی یەکەم، أن یکون من مواطني الاقلیم لە ڕاستیدا مەواتن، ئێمە لە عیراق بە مەواتنمان وەرنەگرتووە، بە جنسیەمان وەرگرتووە، کە دەڵێت من مواطني الاقلیم مەبەست چیە؟، خۆ لە قانونێکی تایبەتیدا مەواتن تەعریف نەکراوە، ئەو کەسە مواتنە لە اقلیم، ئەمە نوقتەیەکی گرنگە، لەبەر ئەوە پێویستە بڵێی: (عراقي الجنسیة و کامل الأهلیة)، (موطن)، مەسەلەن نیزامی بەریتانی بە (موطن)ی وەرگرتووە، نیزامی عیراقی بە جنسیەیە، ئێمە کەواتە دەکرێ خەڵکێکی غەیری عیراقیش، کە لە کاتێکدا تەعریفمان نیە، کەواتە دەبێ بکرێ بیکەی بە ڕەئیسی ئەو هەیئەیە، ئەوە نوقتەی یەکەم، (موطن) لە قانونی مەدەنەی عیراقیدا تەعریف کراوە، لە قانونی ژمارە (40)ی ساڵی (1951)، (موطن) چیە؟ (هو المکان الذي یقیم فیه الشخص عادة بصفة دائمة أو مؤقتة، و یجوز للشخص أکثر من موطن واحد)، تەبعەن ئێمە کە (موطن)مان نیە لە شوێنەکانی تر، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ قانونی مەدەنی، قانونی مەدەنیش ئەوەمان پێ دەڵێ، لە ماددەی (42-43-44)، هەتا لە ماددەی (44): (یعتبر المکان الذي یباشر فیه الشخص تجارة أو حرفة موطناً له، بالنسبة إلی إدارة الأعمال المتعلقة بهذه التجارة)، کەواتە ڕەبت کردنەوەی، دیارە مەبەستی لێرە، یەعنی مەسەلەی (موطن)، مەسەلەیەکی گرنگە، لە بەعزێ نصوصی تری قەوانینی تریش کە دەردەچێ لە پەرلەمانی کوردستانەوە، هەتا بە نیسبەت ئەندام پەرلەمانەوە پێموابێ بەو جۆرە هاتووە، من داوا دەکەم ئەوە ئیعادە نەزەری تێدا بکرێتەوە، دوایی مەسەلەی (متمتعاً بالکفاءة و الخبرة)، ناکرێ ساڵی خزمەتی بۆ حیساب بکەن، بڵێین: بەوەندە ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێ، لەو مەجالەدا، مەجالەکەش لە ڕاستیدا کەفائە و خیبرە، ئەو مەجالە بۆ خۆی شتێکی نوێیە، نازانم چۆن تەقیمی مەجالی ئەو خیبرە و کەفائەیە دەکرێت، ئەوان هەر ئەوەشیان دەبێ قسەی لەسەر بکرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار جعفر علی.

بەڕێز د. جعفر علی رسول:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە بەشێك لە قسەکان کران، لە خاڵی دووەم من بە هەمان شێوە پشتگیری ئەو بۆچوونەی کاك عمر نورەدینی دەکەم، پسپۆڕی مەبەست چیە؟ ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە، دیارە ئەگەر مەبەست بریتی یە لەوەی بۆ نموونە کەسەکە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ لە بوارەکەی خۆی دا، بۆ نموونە پسپۆڕییەکەی ماتماتیکە، لە ماتماتیك شارەزا بێت، ئێمە گومانمان لەوە نیە، هەموو کەسێك لە بوارەکەی خۆی دا شارەزاییەکی هەیە، بۆیە بە بڕوای من ڕەنگە ئەوە شتێکی زیادە بێ، لابدرێ باشە، دەکرێ بڵێی لێهاتوو و شارەزا بێ لە بواری سیاسی، دبلوماسی، یان لە حەلی نیزاعات، ئەوە گرنگترە لەو مەوزووعە، نەك مەسەلەی پسپۆڕییەکەی خۆی، خاڵی چوارەمیان نووسراوە: بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێ کە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر، دیارە مەبەست لەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی بەعسە، بەڵام ئێمە دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە تەنها ئەوە دەسەڵاتی بەعس نیە، یەعنی تاوانی ئەنجام داوە و نەخشەی کێشاوە بۆ ئەنجامدانی تاوان لە کوردستاندا، بۆیە باشترە بڕگەکە شاملتر بکرێتن، باشتر وایە بکرێتە: (تۆمەتبار نەبێ بە پشتگیری و بەشداری کردن لە هیچ تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی)، بە تایبەتی لە کوردستان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار بێریڤان خان، فەرموو.

بەڕێز بێریڤان إسماعیل سەرهەنگ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش وەك چەند ئەندامێك کە پێشنیاریان هەیە لەسەر بەشی یەکەم لە ماددەی یەکەم، دەڵێ: ئەو هاوواڵاتیە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێ، لای من هاووڵاتی مەعنای ئەو کەسەی جنسیەی هەیە، ئەوها تێدەگەم، بەڵام کە دەڵێین هەرێمی کوردستان، یەعنی تۆ تەئکید دەکەی، دیاری دەکەی کە دەبێ ئەو کەسە خەڵکی یان دهۆك بێ، یان سلێمانی بێ یان هەولێر بێ، بۆیە وەکو بەڕێز کاك کاردۆ دەڵێ، ئەو سەرۆکایەتیە بدرێت بە یەکێك لە ناوچە دابڕاوەکان، ناوچە دابڕاوەکانیش ڕاستە زۆرە، کەرکووکە و چەند شوێنی تر، ئێمە ناتوانین یەکێك دەستنیشان بکەین و بڵێین: وەرە فەرموو ئەو پۆستە بۆ تۆ، چەند کەسەك خۆی پێشکەش بکات، ئەو مەرجانەشی تێدا بێ، کە بە هەڵبژاردن دابنرێت، بە ڕەئی من زۆر پێویستە بدرێت بە یەکێك کە خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان بێ، نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار پەروین خان، فەرموو.

بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

به نیسبەت خاڵی یەکەم، من پێم باشە کە کەسێك هەڵدەبژێردرێ بۆ سەرۆکایەتی دەستە، دایك و باوکی کورد بێ، خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان بێ، کە دەڵێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ، من پێم باشە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بە خوێندن و نووسین بزانێ، بە نیسبەت خاڵی چوارەم، ئەوەی لە پێشەوە بۆ زیاد بکرێ، لە ڕیزی حیزبی بەعس نەبووبێ و بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار بەفرین خان، فەرموو.

بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (5) بڕگەی (1)، خاڵی یەکەم دەڵێ: دەبێ هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان بێت، من پێم باشە جگە لەوەش هاوواڵتی جێ ناکۆکەکانیش بێ، لەبەر ئەوەی ماوەیەکە ئەوان بێ بەشن لەو پۆستە، جگە لەوەش بڕگەی (2) دەڵێ: دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ، من لەگەڵ وشەی بەرایی نیم، لابڕێت، جگە لەوەش پێویستە سەرۆکی دەستە شارەزایی و پسپۆری تەواوی لە بواری مێژوو و جوگرافیای کوردستان دا هەبێ، ئەوەش گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە، چونکە ئێمە بە گوێرەی مێژوو، بە گوێرەی بەڵگەنامە مێژوویییەکان دەسەلێنین کە ئەو ناوچانە سەر بە هەرێمی کوردستانن، بە هۆی گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان لای ڕژێمی بەعسەوە، ئەو ناوچانە لە هەرێمی کوردستان دابڕێنراون، لەبەر ئەوە من پێم باشە کە ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆکی دەستە شارەزایی و پسپۆڕی تەواوی لە بواری مێژوو و جوگرافیای کوردستان دا هەبێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار حمە سعید، فەرموو.

بەڕێز حمە سعید حمە علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت خاڵی یەکەم، منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم کە بەشێوەیەك دابڕێژرێ، لێژنەی یاسایی دایبڕێژن، کە خەڵکی هەرێمیش و ناوچە دابڕینەوەکانیش و عیراقیش بگرێتەوە، هەر لەو خاڵەدا خاوەن ئەهلیەتیشی بۆ زیاد بکرێ، خاڵی دووەمیش: خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بێ، بواری پسپۆڕییەکەی دیاری بکرێ، من پێموایە بواری سیاسی و ئیداری و دبلۆماسی، بواری گرنگن بۆ ئەو کەسە، چونکە کە کەسێك بواری سیاسی تەواو کردبێ، قانون و سیاسە، یان هەر سیاسە، دیارە مەسەلەن مێژوو و جوگرافیاکانیش دەزانێ، بۆیە پسپۆڕییەکە دیاری بکرێ، لە خاڵی سێشدا: خاوەن ناوبانگ و خوو و ڕەوشتی باش بێت لە تاوانی ئابڕووبەر، ئینجا ڕابردووی پاك بێت، ئەو ڕابرددو پاکە بۆ مەسائیلی ئیداری و گەندەڵی و سیاسیش، ئەوانە بگرێتەوە، خاڵێکی تر، بەشداری لە تاوانی، من پێم باشە تاوان بەرامبەر بە مرۆڤایەتی گەلانی عیراق و کوردستانیش، ئینجا بە تایبەت کە ئەوەی ڕژێمی بەعس ئەنجامی داوە، خاڵیکیش زیاد بکرێ،

مادام ئەوە پلەی وەزیرە، پێم باشە متمانەی پێ ببەخشرێ لە لایەن پەرلەمانەوە، چونکە هەموو وەزیرەکان خۆتان دەزانن لێرە سوێندی یاسایی و متمانەیان لە لایەن پەرلەمانەوە پێ بەخشرا، دیارە ئەو کاتە (CV)ەکەی دێتە پەرلەمان و متمانەی پێ دەبەخشرێ، ئەو خاڵە زیاد بکرێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالعزیز، فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاوالدین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت ماددەی پێنج، من سێ، چوار تێبینیم هەیە، یەکەمیان: پشتیوانی ئەو مەسەلەیە دەکەم کە کاك عمر نورەدینی ورووژاندی، زۆر گرنگە ئەو مەوزووعە هەڵوێستەی لەسەر بکەین، ئێمە بەو ماددەیە دەست و پێی خۆمان بەستۆتەوە، تەواوی ناوچە دابڕاوەکان مەحرووم دەکەین کە لەوانەیە کەسایەتی زۆر بە توانای تێدا بێ، ئەوڵەویەتیش بۆ ئەوانە، بەوەش چارەسەر نابێ کە عەتفی ناوچە دابڕاوەکان، یان ناوچە جێ ناکۆکەکان، دێنینە سەر کوردستان، چونکە ئەوە لە ئێمەوە موسبەقەن ئیعتیرافێکە بەو عەتفە یان بەو ئیزافەیە، لەبەر ئەوە من پێم باشە کە یان بە صیاغەیەکی بەقوەت، کە نازانم لێژنە بەتەمان چۆن صیاغەی بکەنەوە؟ یان ئەوە بە نیزامێك لابېرێت، یان بە تەعلیماتێك، ئێمە ئەو مەرجانەی هەمانە بیخەینە ئەوەوە، ئەو ماددەیەش بەو شێوەیە بمێنێتەوە زەرەرێکی گەورە دەکەین، لەبەر ئەوە ئەگەر حەلمان بۆ نەهات، ئەگەر نەمانتوانی صیاغەیەکی موناسیب بدۆزینەوە، هەر لایبەرین بەشێوەیەکی تر، نازانم ئەوە چۆن دەکرێ، بە تەعلیمات، یان بە نیزام خاص؟ یان بە تەوصیاتی خاصی پەرلەمان چارەسەری بکەین؟ بە نیسبەت خاڵی دووەم، تێبینیم نیە، خاڵی سێیەم، منیش پشتیوانی ڕەئی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و دوو برای تریش دەکەم، کە ئەهلیەت بنووسین، نایەوێ ئەو شتە مەتاتیانە بەو شێوەیە، بنووسین ئەهلیەتی یاسایی تەواو بێت، ئیتر خوو و ڕەوشت باش بێ، ئێمە بەڕاستی لە نەصی قانونی نیمانە، ڕاستە دەتوانین تەعریفی بکەین، بەڵام کەلیمەی ئەهلیەتی یاسایی تێ دەخەین، بە نیسبەت خاڵی چوارەم، من پشتگیری لێژنەی ناوخۆ دەکەم، ڕژێمی تێدابێ باشە، لە هەمان بڕگە پێشنیار دەکەم کەلیمەی لە کوردستان لاببەین، یەعنی چیە ئەو تەقیدەی کردوومانە، کابرا ئەگەر تاوانبار بێ بە هەر شتێك، بۆچی لە کوردستان، یان ناوچە ناکۆکەکان؟ ئێستا خۆمان کێشەمانە بەڵکو لە کەرکووك تاوانێکی کردبێ، یان لە عیراقدا تاوانێکی کردبێ، لەبەر ئەوە هەر لایبەین، ئەو وشەی لە کوردستانە پێویست ناکات لە بڕگەی چواردا، خاڵی چوارەم، مەسەلەی متمانەی پەرلەمان، منیش پشتگیری کاك حمە سعید دەکەم کە مادام پلەی وەزیرە، پێویستە متمانەی پەرلەمان ئیزافە بکەین، خاڵی ئەخیرم، مەسەلەی صیاغەیە، ئەگەر ڕووخسەتم بدەن، وەڵامێکی یان تێبینیە لەسەر تێبینیەکەی کاك شێروان لە بڕگەی یەکدا، چونکە لێرەش پەیوەندی پێوە هەیە، من وادەزانم موبەریراتی لێژنەی یاسایی بۆ ڕەتکردنەوەی پێشنیاری پەرلەمانتاران، دەبێ موبەریراتێکی یاسایی بێت، نەك بۆچوون بێت، موجەرەد بۆچوونی ئەو وایە ئەو صیاغە باشە، مافی

پەرلەمانتارانە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ کرا بە دوو، سێ ئیقتیراح بیخاتە دەنگدان، با خۆمان حەسمی بکەین، بڵێین: نەخێر صیاغەی یەکەممان پێ بەهێزترە لە صیاغەی دووەم، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار د. أحمد فەرموو.

بەڕێز د. أحمد إبراهيم علي:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش لەگەڵ هەڤاڵەکانم، هاوڕێکانم لەسەر ئەوەی کەوا ئەو کەسەی کە دەکرێتە سەرۆکی دەستە، لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێ، یان ناوچە جێ ناکۆکەکان بێ، من پێم باشە دارشتنەوەکەشی بەو شێوەیە بێ، (من مواطني إقليم كردستان أو المناطق المتنازع عليها و مقيماً في الإقليم إقامة دائمية)، من پێم باشە کە لە ئیقلیم، لە هەرێم دابنیشێ، لەبەر ئەوەی کە ڕاستەخۆ سەرۆکی دەستە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، ڕێنماییەکان ڕاستەوخۆلە ئەنجومەنی وەزیران وەردەگرێ، لەبەر ئەوە باشترە کە لە هەرێم دابنیشێ، بەڵام بەو شێوەیە بێ، کوردییەکەشی: ئەوەی کە بە سەرۆکی دەستە دادەمەزرێت، دەبێ ئەو مەرجانەی تێدابێ، نەك ئەو مەرجانەی لێ بێتە دی، لەبەر ئەوەی کە پێشنیار کراوە لە لێژنەی یاسایی کە (أن يكون) لەبڕگەی (أولاً) هەبێ، کەوابوو لە خاڵی یەکەم و خاڵی دووەم (أن يكون) لادەچێت، لە کوردییەکەشدا، (دەبێ) لە خاڵی یەکەم و دووەم لادەچێ، لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، یان ناوچە جێ ناکۆکەکان بێت، یان بە بەردەوامی لە هەرێم دا نیشتەجێ بێ، لەبەر ئەوەی لە خاڵی دووەمیشدا باس لەوە کراوە (متمتعاً بالكفاءة و الخبرة في مجال الإختصاص)، لە کوردییەکەیدا دەڵێ: لە بواری پسپۆرییەکەی خۆی، لەبەر ئەوە من وا پێشنیار دەکەم، لێرەش (إختصاصه) بێ، نەك (في مجال الإختصاص)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار هاژە خان، فەرموو.

بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش لەگەڵ ڕای هاوکارانمم کە دەبێ لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێ ناکۆکی لەسەرەکان بێ، چونکە لەوانەیە ئەو کەسە موئەهەل بێ بۆ ئەو پۆستە، لەوانەیە لە موصل، یان لە کەرکووك نیشتەجێ بێ، ئەوە زۆر باشە ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، دەربارەی خاڵی چوارەم، نەك هەر بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێ، ئەگەر بەشداری کردبێ واتا تاوانبارە، کەواتە ئەگەر بڵێین پەیوەندی بە حیزبی بەعسەوە نەکردبێ، وابزانم باشترە، پشتگیری لە ڕای لێژنەی یاسایی دەکەم کە خاڵێکیان زیاد کردووە لە کاتی حاڵەتی کۆتایی هێنان بە ئەندامێتی سەرۆکی دەستە، نازانم ئەگەر بکرێ بە بڕگەیەك لەو ماددەیە، یان ماددەیەکی تر، وەکو پێشنیارەکەی لێژنەی یاسایی، لە کاتی حاڵەتی کۆتایی هێنانی ئەندامیەتی سەرۆکی دەستە، یان لە کاتی مردن، یان وازهێنان، یان خانەنشین کردن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار خورشید أحمد، فەرموو.

بەڕێز خورشید أحمد سلیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەز پێشنیار دکەم خالّا یەکێ، ڤێ ڕەنگی بێتە دارشتن، عەرەبی: (أن یکون من مواطني الإقلیم أو المناطق المتنازع علیها، ویلتزم الإقامة في الإقلیم بعد تکلیفه بهذه المسؤولیة أو بعد التعین)، بۆ؟ ئێمە جارێ تەعینمان نەکردووە، ئیلزام بکەین لە ئیقلیم بێت، با تەعینی بکەین ، ئینجا پاش ئەوە ئیلزامی بکەین، بلّێین: یلتزم الإقامة في الإقلیم بعد التعین، ئەوە بە نیسبەت خالّا دووێ: (أن یکون حاصلاً علی شهادة جامعیة أولیة علی الأقل و متمتعاً بالکفاءة و الخبرة في مجال الإختصاص)، ئەوە ئیختیصاصێکی تایبەت نینە، نە ئەوە قانونیە، یان کیمیایە، یان فیزیایە، ئەز پێشنیار دکەم (ومتمتعاً بالکفاءة و الخبرة المطلوبة لإدارة هذه الهیئة)، زۆر کەفائەتی زیاتر لە کەفائەت، یەعنی کەفائەتی تر هەبن، (في مجال الإختصاص) لێرە زێدەیە، (والخبرة المطلوبة لإدارة هذه الهیئة)، بە نیسبەت خالّا چار، (لم یکن مشارکاً أو مؤیداً)، موشاریك مەعنای ئەوەیە بەشداری کرداڕە، (مؤید) ئەوە ئیحتیمالە ڕۆژنامەنووس بێت، هەر شتەك بێت، پشتەڤانی ڤێ تاوانی کردبێت، ئەز پێشنیار دەکەم ببێتە (لم یکن مشارکاً أو مؤیداً في الجرائم التي خطط لها السلطة القمعیة أو البعثیة)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عبدالله حاجی محمود، فەرموو.

بەڕێز عبدالله حاجی محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خالّی یەکەم، بەڕێز لێژنەی یاسایی بە بۆچوونی من ئەگەر زیاتر ڕوونی بکەنەوە، هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەو مەسەلەیە وەکو مەسەلەی ناوچە جێ ناکۆکەکان و ناوچە دابڕاوەکانە، ئەگەر هاوتەریبی بکەن، صیاغەیەکی تر وەکو ئەو، پێموابێ باشتر دەبێ، خالّی چوارەم، بەشداری و پشتگیری، ئەگەر پشتگیریەکیشی بۆ زیاد بکرێ، دەسەڵاتی داپڵۆسێنەریش بە شێوازێکی تر صیاغە بکرێتەوە، بە بۆچوونی من ئەگەر خالّی چوارەم صیاغەیەکی تر بکرێتەوە باشترە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی بەرواری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی من وابزانم هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە تەصەوری من ئەگەر بلّێن هاوواڵاتی کوردستان بێت، ئەوە هەموو ئیشکالیاتەکە حەل دەبێت، بە دابڕا و بە هەرێم، بەردەوام نیشتەجێ بوون، ئەوەی پاش

تەعین بێتەوە، ئۆتۆمۆتاکیەن ئەوە تەحصیل حاصلە، بەڵام پێش تەعین کردن، بۆ ئێمە ئیستیفادە لە تەعین نەکەین؟ من تەصەور دەکەم نیشتەجێ بوونیش هەلگیرێ، لێهاتوویی و شارەزایی لە بواری پسپۆرییەکەی خۆی هەبێت، ڕەبتیشمان کردبوو بە بڕوانامەی زانکۆ، ئەوە هیچ ئیزافە ناکات بۆ ئەو ئەرکە کە ئەگەر فیزیاوییەکی باش بێت، ماتماتیکەرێکی باش بێت، بۆیە لێهاتوو و شارەزا بێت، ڕەنگە کافی بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، لێژنەی یاسایی ڕەئیتان دەربارەی مواخەلەی ئەندامانی بەڕێز.

بەڕێز د. زانا رؤوف حمه کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، بێگومان پێشنیازێکی زۆر کران، بەشێکیان تایبەت بوون بە بڕگە و ماددەکانی ماددەی (5)، بەشێکی تریان بە ئیزافە کردنی هەندێ فەقەرات بوو، دەکرێت ئێمە بەشێك لەو صیاغانە بەو شێوازانە وەربگرین، بۆ ماددەی یەکەم پێشنیازێکی بەجێیە ئەگەر تۆ بتوانیت وا باس بکەین کە مەرجە ئەو کەسەی کە دەبێتە سەرۆکی ئەو دەستەیە لە دانیشتووی هەرێم بێت، یاخود ناوچە جێگە ناکۆکەکان و تیایدا نیشتەجێ بێت، ئیقامەی دائیمیش لابېرێت، واتا (أن يكون من مواطني الإقليم و المناطق المتنازع عليها و مقيماً فيها)، یەعنی ئیتر ئیقامە دائیمیەکەش لێی لابېردرێت، ئەو کاتە لە بەینی ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێیە یاخود لە ناوچە جێ ناکۆکەکانە چارەسەرێکی بۆ دەدۆزرێتەوە، بە نیسبەت بڕگەی دووەمیان، قسەکردن لەسەر (محكوم عليه)، بەعزێ حاڵەت هەیە پرۆتۆکۆلیە، تۆ لە قانونی ئینتیخاباتی عیراق و هەرێمیش دا بەعزێ دەستەواژە دووبارە دەبێتەوە، یەعنی وەکو تەحصیل حاصل سەیری ئەو دەستەواژانە دەکرێت، بۆ نموونە هەلگری بڕوانامە بێ بەلایەنی کەمەوە، (وغير محكوم عليه بجرائم مخلة بالشرف)، یەعنی دەکرێت تۆ ئەو بڕگەیە ئیزافە بکەی، بەڵام خۆی تەحصیل حاصلە، تۆ بڵێی (أن يكون كامل الأهلية)، ئەهلیەتی تەواو بێت، ئەوە دەستەواژەیەکە لە ڕووی یاساییەوە ڕاستە، بەڵام لە هەموو کاتدا تەحصیل حاصلیشە، چونکە تۆ ئەهلیەتی ئەداء و ئەهلیەتی وجوب بەو صیغانە باسی بکەی، یەعنی خۆ زەرەرێك نیە لێرە ئیزافە بکرێ لەو بڕگەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشی تەحصیل حاصلە، کە ئەهلیەتی تەواوە، (18) ساڵە، یەکێك لە ئەسبابەکانی وای نیە ئەهلیەتی نەهێڵێت، تەصەور دەکەم ئیزافەدانێك بەوە تەئکید کردنەوەیە لەسەر دەستەواژەکە لە ناوەڕۆکیشدا ئیزافەیەکە بۆ حاڵەتەکە خۆی، بە نیسبەت شەهادەی جامعی، ئەویش لایەنی کەمی کە دەڵێ شەهادەیەکی جامعی ئەوەلی هەیە، یەعنی بە لایەنی کەمەوە بەکالۆریۆسی هەیە لە لایەنەك دا، وەکو ئەوەی بۆ تەحدیدکردنی مستەوایەکی مەتلۆب، دوایی کەدەڵێ: (متمتعاً بالخبرة و الكفاءة في مجال الإختصاص)، یەعنی ئەو ئیختیصاصە پەیوەندی هەیە بە شەهادەکەی خۆیەوە، دەکرێت شەهادەکەی لە بواریکدا بێ، بەڵام بشتوانێت ئیدارەی ئەو موجالە بکات، لە غەیری ئەو دەستەواژەیە تۆ ناتوانی ئیسپاتی ئەو شتە بکەی و بڵێی: بۆ بەڕێوەبردنی ئەو

دەزگایە دەتوانێ وابکات، چونکە تۆ جارێ ئیشەکەت پێ نەسپاردووە، وا هەست دەکەم زۆرجار شەرتەکە دەبێە شەرتێکی تەعجیزی، تۆ بۆ نموونە بۆ ئەندام پەرلەمانێکی بەغدا، یاخود بۆ وەزیرێکی بەغدا، یان وەزیرێکی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێ شەرتی قورستری بۆ دابنێین، بەڵام لەبەرامبەردا بۆ ئەو کەسەی کە بە پلەی وەزیرە، یەعنی سووکتر بێ لەوە، بەڵام بۆ پلەی وەزیرێك تۆ هەندێ شەرتی قورس دابنێی لەسەر ئەو حاڵەتە، دەکرێت لەڕووی یاساییەوە هیچ مانعێك نیە ئەو دەستەواژەیە ڕێك بکرێتەوە بڵێین: چوارەمیان هیچ بەشداری نەکردووە لەو تاوانانەی کە کراوە، یاخود پشتگیریشی نەکردووە، واتا بەشداری و پشتگیری لە ڕووی یاساییەوە، دەستەواژەکەش لە ئاخیری دا ڕێك بکرێتەوە، وەکو مامۆستا عمر ئاماژەی پێدا، (السلطة القمعية إرتكبها) نەڵێین لە کوردستاندا، بڵێین: (في حق شعب كوردستان)، ئەوەی کە لە دژی گەلی کورد بە ئەنجامی گەیاندووە، یەك، دوو پێشنیازی تریش هەبوون تایبەت بە متمانە بەخشین بە ئەو کەسەی کە دەبێتە سەرۆکی ئەو دەستەیە لە ناو پەرلەماندا، ئەوەی کە دەبێتە سەرۆکی ئەو دەستەیە لە ناو پەرلەماندا وەزیر نیە، بە پلەی وەزیرە، کەواتە لە دوای متمانە بەخشین، یاخود دوای ئەوەی کە مەرسوومێکی بۆ دەردەچێت، مافی ئەوەشی نیە لە بەردەمی پەرلەماندا قسە بکات، چونکە وەزیر نیە بەو مانایە، واتا ئەوەی کە بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت، وەزیر نیە، بۆیە کە تۆ ڕێگەشت پێ نەدا لە ناو پەرلەماندا قسە بکات، چۆن دەتوانی دوایی لە ناو پەرلەماندا موحاسەبەی بکەی، کە ڕێگەی پێ نەدەی کار بکات، بۆیە ئەو صەڵاحیەتە مادام بە پلەی وەزیرە و خودی خۆی وەزیر نیە، بۆ ئەوەی کە لەو ئیشکالیاتە دەربازبین، ئەو عیبارەتە تەنها صەڵاحیەتەکە دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی کە ئایا ئەو دوو بڕگەیە زیادەیە؟ یاخود زیادە نیە؟ دیسان گوتمان ئەوە ماددەیەکی پرۆتۆکۆلیە، دەکرێت بڵێی لە هاوولاتیانی هەرێمە و شەهادەیەکی جامعی هەیە، من هەست ناکەم لە ڕووی یاساییەوە ئەوەندە ناکۆك بێ، لەوەی کە ئەو هەموو عیباراتانە هەمووی باس بکرێتەوە، دەستەواژەی بەکارهێنانی تاوان دژی مرۆڤایەتی، دیسان ئەویش تاوانی دژی مرۆڤایەتی، ئەویش کۆمەڵێك قەواعیدی خۆی هەیە، واتا ئەو جەرائیمانەی کە پێی دەوترێ جەرائیمی زدی ئینسانی، کۆمەڵێك جەرائیمی موحەددە، بۆیە وا هەست دەکەم دەستەواژەکە بە موتڵەقی وەکو خۆی بمێنێتەوە، باشتر بێ لەوە و، جەرائیمی موخیلە (بالشرف)، بەڕێزان ئەوەش لەگەڵ ئەوەی کە لە یاسای هەڵبژاردنی زۆربەی وڵاتان دا هەیە، (جريمة مخلة بالشرف) خۆی موحەددە بە کۆمەڵێك جەرائیمی دیاریکراو، کە تەئسیری هەیە لەسەر سومعە، واتا هەموو جەریمەیەك نیە، بۆ نموونە لە جەرائیمی تەزویر، جەرائیمی ئیحتیال، ئەوانە کۆمەڵێك جەرائیمن، موحەددەن، پرۆتۆکۆلن، لە زۆربەی یاساکانی تایبەت بە هەڵبژاردن و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دا بەکاردەهێنرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك شێروان کەرەمکە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوو، سێ خاڵ هەیە من دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە، کە زۆر ئیسارە کرا، یەکێکیان پەیوەندی هەیە بەوەی ئەوانەی کە موشارەکەیان کردبێ لەگەڵ بەعس بۆ ئەنجامدانی تاوانەکان لە کوردستاندا، من دەمەوێ بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ئەوە بزانن کە ئێمە یاسایەکمان دەرکردووە لەو پەرلەمانە، لە خولّی پێشتر، ئەو یاسایەش لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسندکرایە، عینوانەکەشی ئەوەیە: (چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ پیاوانی ڕژێم)، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو یاسایانە، ئەو یاسایە بخوێنن، هەموو ئەو خاڵانەی تێدایە کە ئەو کەسە تەعامولی لەگەڵ ناکرێ، بە نیسبەت دام ودەزگاکانی ئێمە، ئەوە خاڵێکیان، خاڵی دووەمیان بە نیسبەت ئەهلیەی قانونیە، ئەهلیەی قانونی بەڕاستی هەر لە بچووکترین موزەفەوە لە هەرێمی کوردستان تا پلە بەرزەکان، هەتا وەزیریش، کە تەعین دەبێ، ئیحالەی لجنەی تووبی دەکرێ، بۆ ئەوەی فەحص بکرێ، فەحصەکە دەستنیشانی ئەوە دەکات ئایا ئەوە (كامل الأهلية)یە؟ یان (كامل الأهلية) نیە؟ یەعنی وەکو شێت، وەکو مەعتوە، وەکو ئەو نەوعە بابەتانە، بۆیە ئەوە نەصێکی عامە لە هەموو تەعینات دا هاتووە، پێویست ناکات ئێمە لێرە ئەصلەن بۆ ئەوە بەکاری بهێنین، ئەگەر تەماشای یاساکانی پێشتریش بکەن دەبینن بەو شێوەیە دەرچووە، سەبارەت بە برای بەڕێزم كاك عمر عبدالعزيز دەڵێ: لێژنەی قانونی پێشنیار دەکات، یاخود ڕەئی دەدا، چۆن ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان حەقی ڕادەربڕینی هەیە، ئەندامانی لێژنەی قانونیش حەقی ڕادەربڕینیان هەیە، حەقی پێشنیاریشیان هەیە، بەڵام ئێمە لە هەموو گفتوگۆکان، ئەگەر ئێوە مولاحەزە بکەن، تەئکیدی ئەوە دەکەین، دەڵێین ئەوە ڕەئی لێژنەی قانونیە، دوا ڕەئیش، ڕەئی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانە، قەت ڕەئی خۆمان لەسەر کەس فەرز نەکردووە، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئەو قەرارە دەدەن، کام پێشنیار تەئید دەکەن؟ یان کام پێشنیار تەئید ناکەن، ئێمە هیچ پێشنیارێك لەسەر هیچ کەسێك فەرز ناکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان چەند خاڵێك هات، لێژنەی یاسایی، لێژنەی ناوخۆ، یەکێك لەوانە ئەوەبوو، دانیشتوانی کوردستانی عیراق بێت، یان مەناتق موتەنازیعەی بۆ ئیزافە بکەین و ئیقامە دائیمە لابچێ، ئەوە یەکێك، خاڵێکی تر: (إجتثاث البعث) بیگرێتەوە، ئەو کەسەی کە دادەندرێ، لە زیمنی ئەوە نەبێت، لە خاڵی چوار: (لم يشارك في الجرائم التي خطط لها السلطة القمعية)، (بالفعل) یەکێك کە بەشداری سولتەی کردبێ لە کوردستان بێ یان لە جێگەیەکی تر، جەریمە هەر جەریمەیە، ئەگەر ئەوە چاك بکرێت، خێرەی هەبێ بۆ ئیدارەی ئەو هەیئەتە، شەهادەی جامیعیشی هەبێ باشە بە تەئکید، ئێستا خاڵ خاڵ دێینە سەری، یەك: (أن يكون من مواطني الإقليم و مقيماً فيه إقامة دائمة)، لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان لەسەر ئەو موداخەلانە؟ فەرموو.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

أن يكون من مواطني الإقليم أو المناطق المتنازع عليها و مقيماً فيها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا ئەوە ئاخیر صیاغە لێژنەی یاسایی خوێندیانەوە، سێ نوقتەی نیزامی هەیە، کاك سالار فەرموو.

بەڕێز سالار محمود مراد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ڕاستیدا ئەو دەستەواژەی کە پێی دەوترێ (المناطق المتنازع علیها) بە پێی دەستوور تەنها ئەو ناوچانە ناگرێتەوە، کە ئێمە لە باری مێژوویی و دیمۆگرافی و جوگرافیەوە پێمان وایە کوردستانن، چونکە هەندێ شارو شارۆچکەش لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و جنوب بە مەناتیقی موتەنازیع ژمێردراوە، ئێستاش خیلافی لەسەرە، هیوادارین ئەو ماددەیە خیلافی دەستوور نەبێ، من تەئکیدی پێشنیاری بۆ بەڕێزم کاك عبدالسلام بەرواری دەکەمەوە، کە وشەی کوردستان زیاد بکرێ، کە وشەی کوردستان زیاد کرا، ئێمە لەو گرێیە دەچینە دەرەوە، کوردستان هەم ناوچە جێ ناکۆکەکانە، هەروەها هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شاهۆ، فەرموو.

بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو عیبارەتەی کە بەڕێز ئەندامی لێژنەی یاسایی خوێندییەوە، نیوەی ئەوەی تری ڕەتدەکاتەوە، کە تۆ دەڵێی: (أن یکون من مواطني الإقلیم أو المناطق المتنازع علیها و مقیماً فیها)، کە وتت (فیها)، یەعنی تەنها لە مەنتیقە موتەنازیعەکان بێ، نەك لە ئیقلیم بێ، بۆیە بە ڕەئی من بۆ ئەوەی نەجاتمان بێ، هەر بڵێین (من سکنة)، چونکە کە وتم (مواطن) وەکو جەنابی کاك حاکم ڕزگار وتی: مواتینی ئیقلیم مواتینی غەیری عیراقی نیە، دەکرێ بڵێی دانیشتوو، (سکنة).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك د. أحمد فەرموو.

بەڕێز د. أحمد إبراهیم علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش هەمان ئەو ڕەئیەی کاك د. شاهۆم هەیە، من وام پێشنیار کرد کە (من مواطني إقلیم کردستان أو المناطق المتنازع علیها و مقیماً في الإقلیم إقامةً دائمیة)، چونکە (مقیماً فیها)، بۆ (المناطق المتنازعة علیها) دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی (مؤنث)ە، بۆ ئیقلیمەکە ناگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی غەڵەتە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك د. زانا فەرموو.

بەڕێز د. زانا رؤوف حمه كريم:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

تەبیعی بە نیسبەت دەستەواژەی (المناطق المتنازع علیها)، لە بیدایەتی یاساكە پێناسەی ئەوە كرا، (والمقصود بالمناطق المتنازع علیها، المناطق المستقطعة من إقلیم كوردستان)، یەعنی ئەو دەستەواژەیە لەوێ چارەسەر دەكرێ، دەشكرێت بۆ رێككردنەوەكەی عیبارەكە لەڕووی زمانەوانییەوە، بڵێین: یەكێك بووە لە دانیشتووانی (ساكني الإقلیم أو المناطق المتنازع علیها)، یەعنی (مقیماً فیها) لابرێ ئەو عیبارەتە، (أن یكون من ساكني الإقلیم أو المناطق المتنازع علیها)، یەعنی دەستەواژەی (مقیماً فیها) لابرێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

بەڕێزان پێشنیارێك لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی پێشكەش بە بەڕێزتان دەكەم، (أن یكون من سكان كوردستان العراق و مقیماً في الإقلیم).

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:

بەڕێزان كێ لەگەڵ ئەو صیغەیە كە ئێستا خوێندرایەوە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نیە، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ خاڵی (2)، لێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

بەڕێز د. زانا رؤوف حمه كريم:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

ثانیاً:

(أن یكون حاصلاً على شهادة جامعیة أولیة على الأقل و متمتعاً بالكفاءة و الخبرة في مجال الإختصاص).

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:

بەڕێزان بەو صیاغەیەی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ خاڵی (3).

بەڕێز د. زانا رؤوف حمه كريم:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

ثالثاً:

(أن یكون حسن السیرة و السلوك و غیر محكوم بجریمة مخلة بالشرف).

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:

بەڕێزان بەو صیاغەیەی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ ئەو خاڵەش پەسند كرا، بۆ خاڵی (4).

بەڕێز د. زانا رؤوف حمه كريم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

رابعاً:

(لم يشارك في الجرائم التي خطط لها نظام البعث أو إرتكبها بحق شعب كوردستان).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

دووبارە تکایە بیخوێنەوە، ئەگەر زەحمەت نیە.

بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

(لم يشارك في الجرائم التي خطط لها نظام البعث أو إرتكبها بحق شعب كوردستان).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نوقتەی نیزامی؟ کەرەمکە.

بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ببووڕە کاك دکتۆر، وەڵلا هەیە تەحریزی کردووە بۆ ئەو تاوانانە، موشارەکەی نەکردووە، بەڵام تەحریزی جەرائیمی کردووە، ئەوە چۆن شوێنی دەبێتەوە؟

بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت دەستەواژەی (مشاركة)، موشارەکە دەکرێ بە تەحریز بێت، دەکرێت بە ماددی بێت، دەکرێ بە مەعنەوی بێ، یەعنی ئەو عیبارەتە ئیستیعابی هەموو دەستەواژەکانی تر دەکات، سوپاس.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێژنەی یاسایی بڕگەی چوارەمی بەو شێوەیە دارشتەوە:

(لم يشارك في الجرائم التي خططها أو إرتكبها نظام البعث في العراق).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك د. صباح کەرەمکە.

بەڕێز د. صباح محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشنیار دەکەم ببێتە (لم يساهم بصورة مباشرة و غير مباشرة)، ئەو موساهەمە گرنگترە لە مەسەلەی موشارەکە، یەعنی پێشنیازی دەکەم بۆ لێژنەی قانونی ئەگەر بە دڵیان بێ.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك شێروان كەرەمكە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرە کە دەڵێین (مشاركة)، مەعنای ئەو موشارەکەیە نیە کە لە قەوانینی عقوبات هاتیە، مەعنای ئەوەیە بەشداری کردبێ لە هەر جەریمەیەك کە لە قەوانینی ئێمە هاتبێ، هەموو ئەو بڕگانە دەگرێتەوە، یەعنی (مشاركة) لێرە لە ڕووی صیاغەوە هاتووە، نەك لە ڕووی تەحدیدکردنی جەریمە (كأنە) موشتەریکە لەو جەریمەیە، ئیحتیماڵە لە جەریمەیەك موشتەریك بێ، لە جەریمەیەك موحەریز بێ، لە جەریمەیەك قاتیل بێ (و إلخ).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئاخیر جار بیخوێننەوە، دەیدەینە دەنگدان.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

رابعاً:

(لم يشارك في الجرائم التي خطط لها أو إرتكبها نظام البعث في العراق).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ سێ دەنگ دژە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا ئەو پێشنیارانەی کە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کرد، یەك ئەوەی (إجتثاث البعث) بیگرێتەوە، ئەو بەڕێزە، ئەگەر صیاغەیەکی بۆ دروست بکەن.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەسەر پێشنیاری ئەندامانی بەڕێز بڕگەیەك بە بڕگەی پێنج زیاد دەکرێ، بۆ دەقی ماددەکە:

(أن لايكون مشمولاً بقانون إجتثاث البعث).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ نیزامی؟

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان وابزانم ئەو یاسایە بووەتە قانونی موسائەلە و عەداڵە، ، ئێستا کوا بەو صیغەی (إجتثاث البعث) ماوە؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی یاسایی چاکی بکەن، کەرەمکە.

بەڕێز جلال علی عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەتا لە یاسا کۆنەکەی (إجتثاث البعث)، زۆربەی ئەوانەی عزووی فەرعن ئەوەیان شمول دەکات، ئەگەر نا بەعسیەکی ئیعتیادی، یان نووسەرێ یان شاعیرێ تەئیدی جەرائیمی کردبێ شمولی ناکات، لەبەر ئەوە ئەو (إجتثاث)ە من بەڕاستی بە دەستووری نازانم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك خورشید کەرەمکە.

بەڕێز خورشید سلیم أحمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خاڵا بەری وێ، دبێژم کافیە، پێویست ناکات، ئەگەر ئیسبات بوو کە ئەو کابرایە موشاریکە، موئەییدە، موحەریزە، یەعنی ئەصلەن.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەوە خەڵاص بوو کاك خورشید، ئەوە تەواو بوو، ئەو دەڵێ بەعسی بووە یان نەبووە، لەسەر دەرەجەکەی موناقەشەیان هەیە، ئایا دەرەجەی بەرز بووبێت؟ یان هەر بەعسیەك بووبێت؟ کاك شێروان کەرەمکە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە دەزانین مەسەلەن مەسەلەی (إجتثاث البعث) بوویتە موسائەلە و عەدالە، وە نەبێ نازانین کە ئەو هەیئەیە تەشکیل بووە و قەرارات دەرکرا سەبارەت بە وەکو فیلتەرێکی ئەخیر بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە پۆست و پلە وەردەگرن، بەڵام من دیسان تەئکید دەکەم بەڕێزان، ئێمە یاسایەکمان هەیە لەو پەرلەمانە دەرچووە، هەموو ئەو خاڵانەی تێدا هەیە، ئەوە تەحدیدی کردییە، کێ موشاریکە؟ کێ موشاریك نیە؟ کێ دەستی بە خوێن بووە؟ ئەوانە هەمووی تێدایە بە تەفصیل، مافی ئەوەیان نادانێ کە هیچ پلە و پایەیەك وەرگرن، (من ضمنها) ئەو پلە و پایانەی کە ئێمە ئێستا پەسندی دەکەین، بۆیە بە قەناعەتی من، وجودی ئەو قانونە پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئەو بڕگەیە دەگرێتەوە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمانە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك د. صباح کەرەمکە.

بەڕێز د. صباح محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بـه پێـی ڕوونکردنـەوەکانی سـەرۆکی لێژنـەی یاسـایی، کەواتـە ئـەو بڕگانـە زیـادەن، مـادام ئێمـە قـانونێکی عاممان هەیە، قانونێکی عاممان هەیە کە لە پەرلەمان دەرچووە، کەواتە ئەو بڕگانە بۆ موناقەشـەی لەسـەر بکەین، کە زیادە بێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك حمە سعید کەرەمکە.

بەڕێز حمە سعید حمە علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من ویستم ئەوە بڵێم، کەواتە با ئاماژە بەو یاسایە بکەین کە دەرچووە، بڵێین ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمان دەرچووە، ئاماژەیەکی پێ بکەین، ئیتر ئەو تەفصیلەی ناوێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شێروان کەرەمکە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە قەناعەتی من پێویست ناکات ئێمە ئاماژە بەوە بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوەلەن: خاڵێك هاتە خوارێ و پەسندمان کرد، کە موشارەکەی نەکردبێ لەگەڵ نیزامی بەعس، ئێمـە یاسایەکیشـمان هەیـە، ئەکیـد ئـەو یاسایە پێویست ناکات ئێمە لێرە ئیشارەتی پێ بدەین، چونکە ئێستا دراوەتە حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان بۆ تەنفیز کردن، بە تەئکید ئەو دەسـتەیەش، ئـەو ڕەئیسـی دەسـتەیەش لەلایـەن حکومەتـەوە دەستنیشـان دەکرێت، ئەو قانونە بۆیەش تەنفیز دەکرێ، ئێمەش ئەو خاڵە کە هاتووینـە نـاو یاسـاکە، بەڕاسـتی شـتێکی تەئکیدیە، بۆیە دەبێ بە بیرمـان بێتـەوە کـە ئێمـە یاسـایەکمان هەیـە لـە پەرلـەمان، ئـەو خاڵـەی تێدایـە و کۆمەڵێك مەرجی تری تێدایە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان بۆتان ڕوون بوو، ئەو ڕوونکردنەوەی لێژنەی یاسایی، ئەو خاڵە پێویست ناکات، خـاڵێکی تـر هەبوو زۆر بەڕێزان پێشنیاریان کرد کە ئەهلیەی یاسایی هەبێ بۆ ئیدارەی ئـەو هەیئەتـە، لێژنـەی یاسـایی ڕەئیتان لەو خاڵە؟

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەر وەکو پێشتریش وتم، ئێستاش تەئکید دەکەمەوە، بە نیسبەت تەعینات بە شکلەکی عام، لە موەزەفـەکی بەسیتەوە هەتا ئاخیر شەخص، خازعی فەحصی تووبیە، بۆ ئـەوەی بـزانن ئـەوەی کـە تەرشـیح دەکـرێ بـە موەزەف، بە مدیر عام، بە وەزیر، بە وەکیل وەزیـر، ئایـا سـەلامەتی بـەدەنی چۆنە؟ سـەلامەتی جەسـتەیی چۆنە؟ ئایا ئەهلیەی کاملە؟ یان ئەهلیەی کامل نیە؟ پێش ئەوەی موباشـەرە بکـات، کتـابێکی پـێ دەدەن بـۆ

دائیەرەی صحە، لەوێ لێژنەی تایبەت هەیە فەحصی دەکات، ئەگەر زانی ئەهلیەی تەواو نیە دەنووسێت: ئەهلیەی تەواو نیە، ئەوە دامەمەزرێنن لەو پۆستەیە، ئەوە شتێکی ئیعتیادییە و زۆر تەبیعیە، هەموو موەزەفێك دەیزانی، هەموو دەزگایەکیش دەیزانێ، بۆیە پێویست ناکات ئێمە تەنها لە یەك یاسا ئەوەی بێنینە خوارێ، چونکە ئەوە لەنگ دەبێ، زۆر شتی لێ دەبێتەوە کە قسەی لەسەر بکرێ، بۆیە بە قەناعەتی من ئەو مەسەلەیە مەحسوومە، چ بە نیسبەت قەوانینی مەدەنی ئێمە، چ بە نیسبەت قانونی خدمەی مەدەنی، چ بە نیسبەت ئەو قانونانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی پلە و پۆستی بەرز وەردەگرن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا ماددەکە بە گشتی بخوێننەوە، وەکو ئاخیر صیاغە، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الخامسة:

أولاً: يشترط في من يعين رئيساً للهيئة:

1- أن يكون من سكان كوردستان العراق و مقيماً في الإقليم.

2- أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية على الأقل و متمتعاً بالكفاءة و الخبرة في مجال الإختصاص.

3- أن يكون حسن السيرة و السلوك و غير محكوم بجريمة مخلة بالشرف.

4- لم يشارك في الجرائم التي خطط لها أو إرتكبها نظام البعث في العراق.

ثانياً: يعين الرئيس بمرسوم إقليمي و بناءاً على ترشيح من مجلس الوزراء.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا گشت ماددەکە دەدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی شەش، فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەی شەش، بەڕاستی ئێمە ماددەیەکی ئیزافیمان هەیە، تەسەلسولەکەشی لێرە جێگای دەبێتەوە، ئەویش مەرجەکانی کۆتایی هێنان بە ڕەئیسی ئەو هەیئەیە لە یاساکە دیاری نەکراوە، لەبەر گرنگی ئەو دەستەیە ئێمە پێمان باشە وەکو لێژنەی یاسایی، ئەگەر لێمان قبوڵ بکەن ئەو بڕگەیەتان بۆ بخوێنینەوە، ئەویش حالاتی فوقدانی وەکو بڵێین ڕیئاسەتی ئەو هەیئەیەیە، ئەگەر مەجالمان بدەیێ بخوێنینەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کەرەمکەن فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مادة اضافية:

أولاً:

تنتهي عضوية رئيس الهيئة لأحد الأسباب التالية:

1-**الإستقالة.**

2-**الوفاة.**

3-**التقاعد.**

4-**العزل.**

5-**ثبوت عدم الكفاءة.**

6-**الحكم عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف.**

ثانياً:

يرشح مجلس الوزراء مرشحاً آخراً للتعين وفق الشروط والإجراءات الواردة في هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لە سەرۆکایەتی ڕەئیمان ئەوەیە ئەوە زیادە، جا نازانم بۆ ئێوەی بەڕێز دەمێنێتەوە، بۆ ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ بەڕێزان چونکە ئەوە پێشنیارێکی تازەیە، پێشنیار دەکەین دوو کەس تەئیدی بکات، دوو کەس دژی بێت، بیدەینە دەنگدان و لەکۆڵی بکەینەوە، کاك عبدالله کەرەمکە.

بەڕێز عبدالله حاجی محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتیوانی لە لێژنەی یاسایی دەکەم بۆ زیادکردنی ئەو ماددەیە، یان بە خاڵ بێ یان بە ماددە بێ، وەکو خۆیان باسی لێ دەکەن، زۆرم پێ باشە، بەڵام پێشنیارێکیشم هەیە بۆیان، یان بە خاڵێك، یان بە ماددەیەك، ئەگەر خاڵ بێ باشترە بۆ بەڕێزیان، لە کاتی بەتاڵ بوونی شوێنی سەرۆکی دەستە، لەبەر هەر هۆیەك لەو هۆیانەی کە ئەوان ئاماژەیان پێ کردووە، ئەنجومەنی وەزیران ئەندامێکی دەستە، یان ئەنجومەنی دەستە، یان ئەندامێکی دەستە، بۆ ڕاهی کردنی کارەکانی ڕابسپێرێ، یەعنی ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار د. أحمد کەرەمکە.

بەڕێز د. أحمد إبراهيم علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتیوانی لەو ماددەیە دەکەم کە ئێمە لە لێژنەی یاسایی پێمان باش بوو، لە یاسا کۆنەکەشی وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمە، وابزانم ئەو مەرجانە هاتبوو؟ کە کاتی لە دەستدانی ئەندامێتی سەرۆکی دەستەکە، ئەو کاتە کە وەزیر بووە، بەڵام پێم باشە لە خاڵی دووەم، یان لە فەقەرەی دووەم

(ثانياً):

يرشح مجلس الوزراء مرشحاً آخراً للتعين، ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (في حال إنتهاء العضوية وفق الشروط والإجراءات الواردة في هذا القانون)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار شێردڵ تحسين كەرەمكە.

بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ئەوە هاتووە دەڵێ (عزل و ثبوت عدم الكفاءة)، خۆی لە ماددەی چوار کەفائەتی پێ داوە، کە پێی داوە ئەو (ثبوت عدم الكفاءة) وابزانم لێرە زیادە، (عزل)یش، کێ عەزلی دەکات؟ ئەنجومەنی وەزیران حەقی هەیە عەزلی بکات؟ یەعنی ئیشەکە وەك وەزیفەی لێ دێت، ئەوەی دادەنێ، ئەوەی لادەدات، حەتمەن بە ساڵەکی سێ، چوار کەس دەگۆڕێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ڕێزدار سالم توما، فەرموو.

بەڕێز سالم توما كاكۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە قانونی وەزارەتەکان و دەستەکان شتی وا نەهاتووە، تەنها لەو دەستەیە شتی وا دێت، بە قەناعەتی من زیادە ئەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار د. بشير، فەرموو.

بەڕێز د. بشير خليل توفيق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش پێم وایە ئەوە ماددەیەکی زیادە، لەبەر ئەوەی وەکو مەسەلەی ئەهلیەکە، چۆن هەموو وەزیفەیەك ئەوە حاصل تەحصیلە، هەندێك هەیە ئیعتیادیە، ئەوەش هەموو قانون و وەزیفەکانی تر، هەتا لە قانونی مەدەنیش هاتووە کە لە هەر وەزیفەیەك بیت، نەك ئەگەر ئەوانەی لێ هاتە دی، ئەوە ئیعتیادییە خۆی لادەچێ، ئەو جیهەتەی کەوا داینناوە یەکێکی تر تەرشیح دەکات بە هەمان شێوە، بۆیە من بە زیادی دەزانم، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار شفان أحمد کەرەمکە.

بەڕێز شفان أحمد عبدالقادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێموایە ئەو ماددەیە زیادە، چونکە عیلاجی کرا لە ماددەی (8)، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەرك و تایبەتمەندییەکانی دەستە بە پەیڕەوێك دەستنیشان بکات، ئەوە بۆ خۆی ئەو دەستەیە تەبیعەتێکی موەقەتی هەیە، ئەو ماددەیەش عیلاجی کردووە بە پەیڕەوی ناوخۆ دەکرێت، ئەگەر پێویست کرا بەو پەیڕەوە عیلاجی دەکات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار رفیق صابر، کەرەمکە.

بەڕێز د. رفیق صابر قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جەنابتان فەرموتان کە دوو کەس پشتگیری لە پێشنیارەکە بکات، دوو ...

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

دوایی تەنازوولیان نەکرد ویستیان قسە بکەن، جەنابت تەنها لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکە، فەرموو.

بەڕێز د. رفیق صابر قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیار دەکەم کە ماددەکە بخرێتە دەنگدانەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار د. صباح، کەرەمکە.

بەڕێز د. صباح محمد نجیب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

کاری تەقنین، بەڕاستی دەبێ ئەوە ڕەچاو بکەین ئێمە قانونی عاممان هەیە، ئەو قانونانەش دەبن بە قانونی خاص، بە نیسبەت قانونی عاممەوە، شتێك لە قانونی عام دا موعالەجە بکرێ، پێویست ناکات بە تایبەتی عموومیەتی هەبێ بۆ هەموو قەوانینەکان، مەگەر لە ڕووی ئیستیحبابەوە باش بێ، پێمان جوان بێ، بەڵام ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین قانونەکانمان لە ڕاستیدا ماددەی کورت بن، چونکە هەم مەجالی تەفسیریان زیاتر دەبێ، هەم مروونەتێکی زیاتری تێدا دەبێ، بۆیە من پێموایە ئەو ماددەیە کە پێشنیار

کراوە زیادە، بە تایبەتی کە ماددەی (8)ی ئەو پرۆژە پێشنیار کراوە موعالەجەی ئەو حاڵەتانەش دەکات، ئەگەر سەرنجی لێ بدەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ڕێزدار بێریڤان خان کەرەمکە.

بەڕێز بێریڤان إسماعیل سەرهەنگ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانم کران زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیەی کە لێژنەی یاسایی پێشنیاری کرد زیاد بکرێت تکایە دەستی بەرز بکات؟ (13) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵدا نیە دەستی بەرز بکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة السادسة:

أولاً:

تتألف الهيئة من الدوائر التالية، و تدار كل دائرة منها من قبل موظف حاصل على شهادة جامعية أولية في مجال إختصاص الدائرة، و يعاونه عدد من الموظفين:

1-الدائرة الإدارية و المالية.

2-دائرة المناطق المستقطعة من الإقليم.

3-الدائرة القانونية.

4- دائرة العلاقات والإعلام.

ثانياً:

لرئيس الهيئة إستحداث أو دمج أو إلغاء أي من المديريات ضمن تشكيلات الهيئة وفقاً لمتطلبات عملها.

بەڕێز د. زانا ڕؤوف حمە کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەکە بە زمانی کوردی:

ماددەی شەشەم:

یەکەم:

دەستە لەو فەرمانگانەی خوارەوە پێك دێ و، هەر فەرمانگەیەكیش لەوانە لەلایەن فەرمانبەرێكی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانكۆ لە بواری پسپۆڕی فەرمانگەكەی بەڕێوە دەچێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن:

1-فەرمانگەی كاگێری و دارایی.

2- فەرمانگەی ناوچە دابڕاوەكان لە هەرێم.

3- فەرمانگەی یاسایی.

4- فەرمانگەی پەیوەندی و ڕاگەیاندن.

دووەم: سەرۆكی دەستە بۆی هەیە هەر بەڕێوبەرایەتیەك لە ناو پێكهاتەی دەستە، بە پێی پێویستی كارەكەی لە نوێ دابمەزرێنێ، یان لێكیان بدات، یاخود هەڵیان بوەشێنێتەوە.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئێمە دەقی ماددەكە تەئید دەكەین، بەڵام چەند مولاحەزەیەكمان هەیە، یەكەمیان ئەوەیە: ئیزافەكردنی دەستەواژەی (وله خبرة و ممارسة لا تقل عن عشر سنوات في مجال الإختصاص)، ئەوە یەك، دوو: دەمج كردنی فەقەرە یەك و سێ كە دەبێتە (الدائرة الإدارية و المالية و القانونية)، سێ: ئیزافەكردنی دیراسات بۆ بڕگە چوار، كە دەبێتە (دائرة العلاقات و الدراسات و الإعلام)، فەقەرەیەك هەیە ئیزافە كراوە بە ناوی (دائرة الهجرة و المهجرين)، ئێمە پێمانوایە ئەوە بەڕاستی دوای تەدقیق كردنی، ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، دواتریش (ثانياً) هەیە ئیزافیە، ئیزافەكردنی دەستەواژەی (يكون للهيئة مستشارين لا يقل عددهم عن إثنين)، چونكە ئەگەر سەیری ماددە (7) بكەین، كە مەجلیسەكە تەشكیل دەكات، دەبینین باسی موستەشارین دەكات، بەحسی دوو موستەشار دەكات، بەڵام لە هەیكەلە تەنزیمیەكە، موستەشار نەهاتووە، بۆیە ئێمە ئەو فەقەرەمان ئیزافە كرد، ئەوە كۆی مولاحەزات و پێشنیاری ئێمەیە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمانە.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

لێژنەی ناوخۆ، فەرموو.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئێمە لە لێژنەی ناوخۆ پشتگیری ماددەی شەش دەكەین، هەر وەكو چۆن لە پرۆژە یاسا پێشنیار كراوەكەدا هاتووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی یاسایی و لێژنەی ناوخۆ، فەقەرەیەك ئیزافە کرا، دەنگتان بۆ دا، (جمع الوثائق و الأدلة)، لەو مودیریاتانە کێ بەو کارە هەڵدەستێ، کەرەمکە.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتە، ئێمە بڕگەی (الدراسات) لە دائیرەی (علاقات و إعلام)مان زیاد کرد، هەر بۆ هەستان بە ئیش و کاری ئەو بابەتانە، ئەوەش بەڕاستی پاش ئەوەی ئیستیشارەمان کرد بە ئەهلی خیبرە، گوتیان: ئەگەر دیراسات زیاد بکەین، زۆر شتی تر هەیە کە پەیوەندی بە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کە ئەو دیراساتە دەتوانێ بۆمان تەهیئەی بکات، ئەوەش یەکێکە لەوانە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ قسە بکەن، پێش وەقت کاك عبدالسلام قسەی هەیە، فەرموو.

بەڕێز عبدالسلام مصطفی بەرواری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هیوادارم لە نیزامیەکەم باش تێگەیشتبن لە موناقەشەکردنی بڕگەی هەر خاڵێك لە یاسا، دوو مەرجی سەرەکی دەبێ، جێبەجێ دەکرێن، یەك: تەکاموڵی قانونەکە، کە بڕگەکان تەکاموڵی یەکتر بکەن، تەناقوز لەگەڵ یەکتر بکەن، دوو: ئەو بڕگەیە، ئامانج لە دەرکردنی ئەو یاسایە تەحقیق بکات، ئەگەر ڕێگایان پێ بدەن، بۆیە دەبینم موناقەشەکردنی ئەو ماددەیە هەردوو هەدەفەکە پێشێل دەکات، یەك: ئێمە ماددە هەشتمان هەیە، صەڵاحیەت دەدەین بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئیقتیراحی ئەنجومەنی وەزیران بێت، ئەو ئیشەی ئەو ماددەیە لەوێ ئەنجام بدات، ئەوەش هەیئەیەکە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆیە داعی نیە ئێمە لێرە ئیشی سەرۆك وەزیران یان ئەنجومەنی وەزیران تەحدید بکەین، واتا پێکهاتەکەمان تەحدید بکەین، بۆ چیە ئەو ماددە هەبێت؟ بۆیە ئەوە تەناقوزە لەگەڵ ئەو ماددەیە، من تەئیدی ئەو ماددەیە دەکەم، دووەمیان: ئەرکەکەی یاسا تەحقیق بکات، ئەو ماددەیە، هەدەف ئێمە لە لابردنی ئەو وەزارەتە، تەرشیق کردنی حکومەتەوە، جارێکی تر دژیەتی، چونکە هەڵساوین ئێمە تەقریبەن مودیریاتمان داناوە، موستەشاریاتمان داناوە، ئەوە دوو، سێیەمیان: لە دووەمیان ئەگەر تەماشا بکەن صەڵاحیات دەدەینە سەرۆکی دەستە، بۆ خۆی بەڕێوبەرایەتیەك دانێ، کەچی لەسەرەوە فەرمانگەنە، لە کاتێکدا ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتەکە دێن، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئێمە ئەوە بە ماددەیەکی دەخیل لەسەر یاساکە دانێین، لەبەر ئەو دوو، سێ هۆیەی باسم کرد، دوا ڕەئیش بۆ بەڕێزتانە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی یاسایی، فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەی کاك عبدالسلام تەصەور دەکات، ئێمە ئەو تەصەورەمان نیە، هیچ تەناقوزێکیش نیە، لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکی، یەك: جارێ ئەگەر تەماشا بکات، ئێمە لە قانونی پێشتر، پێنج مودیریە عامەمان هەبوو، ئێستا تەنها و تەنها چوار مودیریەتمان هەیە، مودیریە عامە، ئەگەر تەرشیق ئەوە نەبێ، تەرشیق چیە؟ ئەوە یەك، دوو: من هیچ تەعاروزێك نابینم ئەگەر ئێمە دەسەڵات بدەینە سەرۆکی دەستە دەستکاری مودیرەکان بکات، هیچ تەعاروزێکی تێدا نابینمەوە، خۆی لە ئەصلی پرۆژەکەدا هاتووە، خۆی دەتوانێ مودیرەکان بگۆڕێ، لەبەر ئەوەی بە دەرەجەی مودیرن، زۆر تەبیعیە بتوانێ مودیرەکان بگۆڕێ، بەڵام ئەگەر مودیریە عامە بایە، ئەو وەختە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیرانی دەویست، بە تەصەوری من مەوزووعەکە لە جێگای خۆیەتی، هیچ تەناقوزێکیش نیە، ئەو دەستکارییەی کە کرایە تەنها بۆ دەوڵەمەند کردنیەتی، دەمانتوانی هەر عەینی شت بەجێ دێڵینەوە، هەتا ئێستا جەنابت وتت: چۆن مەسەلەی جەمعی وەسائیق چارەسەر دەکەن، ئێمە پێشبینی ئەوەمان کردووە، بۆیە دیراساتمان داخیل کردووە، ئەوەش بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکەیە، بە هەمان شێوە بە نیسبەت قانونیش کە هاوێشتمانە مالیە و ئیداریە، دەتوانن یەك مودیر هەر سێ ئیش ببینێت، ئەوەش جۆرێکە لە تەرشیق بەڕاستی، بۆیە ئێمە هیچ تەناقوزێك نابینین، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوە و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا دەیانەوێ قسە بکەن، ناویان دەنووسین، بشیر خلیل، سالم تۆما، شێردڵ تحسین، عمر عبدالعزیز، حمە سعید حمە علی، ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نووسیوە قسە بکەن ئەمانەن(بەشیر خەلیل، سالم تۆما، شێردڵ تەحسین، عومەر عبدالعزیز، عبدالله حاجی محمود، حمە سعید حمە علی، بیلال سلیمان، خورشید احمد، خلیل عوسمان، جمال تاهیر، سیویل عوسمان، حاکم رزگار، شۆرش مجید، شڤان احمد، سەردار رشید، سالار محمود، دکتۆر صباح بەرزنجی، صباح بیت الله، نەریمان عبدالله، عبدالرحن حسین، محمد شارەزووری، گۆران ئازاد، فازل بەشارەتی)، دکتۆر بەشیر فەرموو.

بەڕێز د. بشیر خلیل تۆفیق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێم وایە ئەو چوار بەڕێوەبەرایەتیەی کە لە زمنی قانونەکەدا هاتووە، دەمج کردنیان شتێکی زەحمەتە، چونکە دائیرەی قانونی ئیشێکی زۆری دەبێت لەو بوارەدا، دائیرەی قانونی ئەگەر هاتو دەمج کرا لەگەڵ دائیرەی ئیداری و مالیەدا، زۆر قەبە دەبێت و گەورە دەبێت، لەوانەیە نەتواندرێت، بۆیە من دەڵێم با دائیرەی قانونی وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەو دائیرەی کەوا ئیستیحداس دەکرێت بەناوی دائیرەی دیراسات، با بحوسیشی لەگەڵ بێت، کە ئەم تۆێژینەوەو بحوسانە لەبواری ئەکادیمی ئیستیفادەی لێ بکرێت و بتوانێ زیاتر کاری لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك سالم، فەرموو.

بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

دوو دائیرەی تر هەیە كە زۆر زۆر گرنگن بۆ كاروباری ئەو دەستەیە، یەكێكیان: دائیرەی چاودێری و تەدقیقە، كە ناكرێ سەرف هەبێت و تەدقیق و چاودێری نەبێت، دووەمیان: تەختیت و موتابەعەیە، كە دەبێت پلانی هەبێت و موتابەعەش هەبێت، چونكە خۆی بەرپرسە لە موتابەعەی ئەو پڕۆژانەی لەو ناوچانەدا دەكرێت، چ دەزگایەك هەیە موتابەعەی ئەو پڕۆژانە دەكات، جا لێرەدا دەكرێ یان ئەو دوو دائیرەیە ئیزافە بكرێت یان دووەم تەعدیل بكرێت بەو شێوەیە(لرئیس الهیئة استحداث أو دمج أو إلغاء اي مدیریة أو قسم ضمن تشكیلات الهیئة وفقاً لمتطلبات عملها)بە دوو شێوە دەكرێ عیلاج بكرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

كاك شێردڵ، فەرموو.

بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

قسەكانی من كاك سالم كردی، بەڕاستی فەرمانگەی تەختیت و موتابەعە زۆر گرنگە بۆ ئەو دەستەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

كاك عومەر، فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من سێ تێبینیم لەسەر ماددەی شەشەم هەیە، یەكەم: لەڕووی داڕشتنەوە كە دەڵێت(دەستە لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێك دێت) یەعنی تێبینیەكی زمانەوانی و فەنیە، ئایا دەستە پێك دێت یان باشتر وایە بڵێین ئەم فەرمانگانەی خوارەوە سەر بە فەرمانگە دەبن، بۆ ئەوەی لەو داڕشتنە ڕزگارمان بێت، دووەم: بەنیسبەت سەرۆكی دەستە تۆزێك سەلاحیەتەكە زۆرە، من پێم باشە لە كۆتایی ڕستەكەدا، بڵێین بەڕاوێژ لەگەڵ دەستەدا، یەعنی سەرۆكی دەستە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك بۆی هەبێت دەمجی بكات یان لێكیان بدات، یان ئیلغایان بكاتەوە، ئەمە سەلاحیەتەكە زۆرە، بەڕاوێژ لەگەڵ دەستەی پێی ئیزافە بكەین، سێیەم: ئێمە ماددەی 9 مان هەیە، بڕگەی دوو لە ماددەی شەشەم بەرین بۆ ماددەی 9، چونكە لەوێ باسی

دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەستەی تێدایە، کە دەڵێت بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری و ئەو شتانە بکات، پێم باشە ئەم خاڵە لەگەڵ ئەو خاڵەی خۆی بکرێت بە بڕگەیەکی سەربەخۆ، تایبەت بێت بەدەستەڵاتەکانی سەرۆکی دەستە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك عبدالله حاجی محمود، فەرموو.

بەڕێز عبدالله محمود محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

کۆکردنەوەو ڕێکخستنی فەرمانگەکان لەلایەن ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاساییەوە پێم باشە، بەڵام لێکدانی خاڵی 1و 3، ئەوە بەهەر حاڵ، فەرمانگەی یاسایی بە بۆچوونی من سەربەخۆ بێت، لەبەر ئەوەی حزبی بەعسی ڕووخاو هەموو ئیجرائاتەکانی ڕاگواستن و سنووری ئیداری ناوچەکان و شێواندنی دیموگرافیاکەی بە بڕیارو بەقانون کردوویەتی، لەکاتی خۆشیدا بڕیارەکانی مەجلسی قیادەی سەورەی بەعسی ڕووخاو، قوەی قانونی هەبووە، من پێشنیار دەکەم لەبەر ئەوەی ئەرکێکی وردە با فەرمانگەی یاسایی سەربەخۆ بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك حمه سەعید، فەرموو.

بەڕێز حمه سعید حمه علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێم وایە فەرمانگەی دووەم هی ناوچە دابڕاوەکان، خۆی کۆی دەستەکە بۆ ناوچە دابڕاوەکان و جێ ناکۆکەکانە، فەرمانگەیەکی تایبەتی بەوە ناوێت، مەگەر بۆ هەدەفێکی تر بێت، وەکو گەشە پێدان و پڕۆژە، ئەگینا نایەوێت، خاڵێکی تر، فەرمانگەی یاسایی سەربەخۆ بێت، من پێم باشە فەرمانگەیەکی تری تێدا بێت بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە، لەگەڵ ئەو موتابەعەو تەختیتەش دەمج بکرێت، بۆ ئەوەی فەرمانگەکان زۆریش نەبن، من لەگەڵ ئەوەشدام سەرۆکی دەستە ئەو سەڵاحیەتە زۆرەشی نەبێت، بەڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە، ئینجا لەکۆتایشدا دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، چونکە ئەم دائیرەیەك دەکاتەوە، تەبعەن ئەم دائیرەیە موتەرەتیباتی ئیداری و وەزیفی و تەعینات و مالی و شتی تری دەوێت، لەزمنی ئەنجومەنی وەزیران موافەقەی کۆتایی بکات، بەڵام ڕاوێژ کردنەکە لەگەڵ ئەنجومەنی دەستەدا بێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك بیلال، فەرموو.

بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مـن پـێم باشـه فەرمانگـەکان بـەو شـێوەیە دابـڕێژێنـەوە، یەکـەم: فەرمانگـەی کـارگێڕی و دارایـی، دووەم: فەرمانگـەی سـکالاّو یاسـا، چـونکە سـکالاّ ئـێمـە لـەو ناوچـانەدا سـکالاّی خـەڵکمان زۆرە، خـەڵك زۆر غـەدری لێکراوە، غەدری جۆراو جۆر لـە کۆنـەوە تـا ئێستا، بەشـێکی تایبـەت لەگـەڵ یاساکە بەیەکـەوە بێت سـکالاّ، سـێیەم: فەرمانگـەی لێکۆڵینـەوەو ڕاگەیانـدن، هـەروەکو لیژنـەی یاسـایش پێشـنیاریان کردبـوو، چـوارەم: فەرمانگـەی کاروبـاری کـۆچ و کـۆچ پێکـراوان، چـونکە ئـەو کێشـەیە زیـاتر پەیوەنـدی بـە کـۆچ و کـۆچ پێکراوەنەوە هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك خورشید، فەرموو.

بەڕێز خورشید احمد سلیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خالاّ دوێ، الدائرة المقتطعة من الاقلیم، ئەڤ خالّە ئـەبینم بچـوك کرنـەکـە بـۆ کـارێ ئـەو، دائـیرە ئـافێ ئـان کارەبایا شتەکی بچووکە، بەس نافچەیا موقتەتەعە یەعنی مەشاکیلا ڤێ زۆرن، ڤێ تەسمیە ئەم بچوك کەن، ئێك یا دوێ، ئەڤ دائیرەت بچوکێت دگەل مە هەیت مەجلسەك هەبت، سەرۆکی مەجلس و دەوائر، کارێ ڤـێ دائیرێ و ڤێ مەجلس چۆن دێتە تەنسیق کرن، ئەڤ لەچ کارکەت و ئەڤـە لـەچ کـار کـەت، بۆیـە ئـەز دەبیـنم خالاّ پێتڤی دیك چونێ هەیە، دائیرا قانونی دشـێت دیراسـاتیش بکـات، الـدائرة القانونیـة والدراسـات، دائـرة العلاقات والاعلام والتوثیق، یەعنی خالاّ دوێ الـدائرة القانونیـة والدراسـات، والتوثیـق دانـین دگـەل علاقـات والاعلام والتوثیق، ثانیاً: لمجلس الهیئة استحداث أو دمج او إلغاء اي مـن المـدیریات ضـمن تشـکیلات الهیئـة و بموافقة رئاسة مجلس الوزراء) یەعنی لمجلس الهیئة نەك لرئیس الهیئـة، بـا ئـەو دەسـەلاّتە پێچـەك سـنوردار بێت، ئەنجومەنی وەزیرانیش ئاگادار بێت، ژ گۆڕینی چونکی ئەو گۆڕینە پێچەکێ هەستیارن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك خەلیل، فەرموو.

بەڕێز خلیل عثمان حمه امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی شەشەم بڕگەی یەکەم من پێم باشە بەم دوورو درێژییە نەبێت بەڕاستی، هـەر بنووسـرێت دەسـتە لـەم فەرمانگانـەی خـوارەوە پێـك دێـت، پـێم وایـە ئـەوەی تـر ئەچـێتە قـاڵبی تەعلیماتـەوە، کـە چـەند فەرمانبـەری پێویستە یـان پێویستی نیـە، پێشـنیاری دووەمـم ئەوەیـە بەڕاستی بـۆ ئـەوەی کـە کـاری ئـەم دەستەیە زۆربەی زۆری بەدواداچوونە، چ لەڕووی سیاسیەوە چ لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریـیەکان لەناوچە دابـڕاوەکان، بۆیە پێم وایە فەرمانگەیەکی تر زیاد بکرێت، بەناوی فەرمانگـەی بەدواداچـوون، وەك برادەران باسیان کرد، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك جمال تاهر، فەرموو.

بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەشێوەیەکی گشتی ئەڤ ماددە ماددەیەکی زیادەیە، پشتگیری کاك عبدالسلام دکەم، چونکی وەختێ ئەم هەیکەلێ دادەنێین، هەیکەلیەت نە شتەکی جامدە، هەیکەلیەت د گۆڕینێدایە، یەعنی هەیکەلیا دوهی ئیحتیمالە بۆ ئەڤرۆکە یان ئەڤ سالە بۆ سالەکا دیتر نەگونجێت، بۆچوونەکی پێت ڤیە، ئەم دەستەلاتێ بدەینە سەرۆکی ئەوێ دەستەیە ئەو بخوّل دیڤ هەوجەیەت خو، هەوجەی چ دەوائیرایە، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە قانونێ بخۆڤ ژی جۆرە مەتاتیەك خستیە تێدا، فەقەرەی یەکەم دەڵێت(تتكون)فەقەرەی دووەم دەڵێت (لرئيس الهيئة استحداث أو دمج او إلغاء) یەعنی مەعنا وێ لێرە ئەو کابرایە با بڵێین سەرۆکی دەستە توانای هەیە، شیان هەیە، کە گۆڕانکاری بکات، بۆچوونەکی پێت ڤێ ئەڤ ماددە هەر لەناڤ قانونێدا نەبت، ئەز پێشنیار دکەم مادا هەشتێ، ئەگەر ئەم بێین بخوێنین (لرئيس مجلس الوزراء تحديد مهام وإختصاصات تشكيلات الهيئة بنظام)ئەرێ ئەڤە چەند تەعارز دگەل فەقەرا دی تر یان مادێ شەشا دکەت؟، ئەم دشێن ئەڤی مادێ بێننە ناڤێ وێ مادەیا، ئەو کاتە ئەڤ مەوزوعە هەمی دێتە چارەسەرکرن، بۆیە دەبینم ماددەیەکی زیادەیە، چونکی هەیکەلیەت دانانەکا بۆ فەترەکی ئیحتیمالە بۆ فەترەکی دیتر بەکار نەیەتن، بۆیە نابت هەنکە مە بێین دەستی سەرۆکی ئەڤی هەیئە گرێ بدەین، ئەو دی هەوجا خۆ بۆ خۆ تەحدید کرن، کە ئەوجا هەوجێ چ دەوائیرا وە (لرئيس مجلس الوزراء) ئەڤی مادا بێننە شوینا وێ تا مەوزوع هەمی حەسم بێتن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سیوەیل خان، فەرموو.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت ئەو ماددەیە،

المادة السادسة:

(اولاً: تتألف الهيئة من الدوائر التالية، وتدار كل دائرة منها من قبل موظف)، ئەگەر من قبل الموظف بنووسين حاصل على شهادة جامعية دەبێ لەبنەوە لەباتی ویعاونه دەبێ بڵێین و يساعده عدد من الموظفين، لەبەر ئەوەی موظف مودیر نیە، موعاونیشی نیە، بەڵام ئەگەر بنووسین (تدار كل دائرة منها من قبل موظف بصفة مدير) ئینجا دەتوانین بڵێین ویعاونە عدد من الموظفين، بەنیسبەت دائرەکانیش ئەگەر دائرەی تخطیط و موتابەعەی بۆ زیاد بکرێت پێم باشە، فەقەرەی دووەم: (لرئيس الهيئة) ئەگەر بکرێت بە

(لمجلس الهيئة استحداث أو دمج او إلغاء)(اي من المديريات) ئەوە نابێت بەخۆی دەبێ بنووسرێت (ای من الدوائر) لەبەر ئەوەی لە هەموو فەقەرەکەو ماددەکەدا بەناوی دائیرە هاتووە، ناوی مودیریە نەهاتووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

حاکم رزگار، فەرموو.

بەڕێز رزگار محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لە مەقصەدا، لەگەڵ کاك عبدالسلام زۆر نزیکم، بەڵام نەختێك لە چۆنیەتی موعالەجەکەدا ڕەنگە جیاوازیمان هەبێت، ئەم ماددەیە باس لە تەشکیلات دەکات، تەشکیلاتی ئەو دەستەیە، بە بۆچوونی من دەکرێ مەکتەبی سەرۆك دابندرێت، نازانم سەرۆك، جێگری بۆ دانەنراوە، باس لە جێگر نەکراوە، ئەوە مەسەلەیەکە ئایا چۆنە، چۆن نیە؟، قسەی لەسەر دەکرێت یان نا، ئەوە نازانم، بە بۆچوونی من لەگەڵ نزیك بوونەوە لە بۆچوونەکەی کاك عبدالسلام ئێمە ئەو دائیرانە لابەرین، ناوی نەنێین جارێ لە فەقەرەی دووەمدا بە مودیریات هاتووە، لەسەرەوە بە دائیرە هاتووە، با دائیرەکان بکەین بە قیسم، یەعنی قیسمی ئیدارەو مالیە، قیسمی تر، پاشان (دائرة المناطق المقتطعة من الاقلیم)بە خۆی ئەم هەیئەیە خۆی ئیشی ئەوەیە، ئەی هەیئەکە بەگشتی واجباتی ئەوەیە کە پەیوەندی بەناوچەی کێشە لەسەرو دابڕاوەوە هەیە، ئەکرێ ئەوە بە قیسمی موتابەعە دابندرێت، یەعنی بەس بکرێت بە قیسمی موتابەعە، ئەو دائیرەیە لابەرین، ئەوانی تریش یان قیسم بن یان هۆبە، موهیم نیە الشعبه القانونیه، یان شعبه العلاقات، ئەو حاڵەتەش کە ماددەی هەشت دووبارە باس دەکاتەوە، چونکە لێرەدا فیعلەن، لەگەڵ ماددەی دوو یان لەگەڵ تەشکیلات و ئیختیصاصاتەکان جۆرێك لە تەناقوز دروست دەبێت، ئێمە لەوێ تەحدیدی دەکەین، لەملا لەماددەی هەشت (لرئیس المجلس تحدید مهام و إختصاصات تشکیلات الهیئه) خۆ هەیئە چیە؟، هەیئە ئەگەر وردی بکەینەوە، لەم تەشکیلاتانە ئەبێ پێك بێت، ئەگەر هەیئە هەمووی بێنیت وردی بکەیتەوە ئینجا تەشکیلات دەست پێدەکات، پاشان هەیئە دروست دەکاتەوە، وە جەوازیشە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، نەکراوە بە وجوبی، ئەی ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێ دەنگ بوو لە تەحدید کردنی مەهام و ئیختیصاصات و شتەکانی تەشکیلاتەکە، لێرە لە پێشەوە هەندێ شتمان باس کرد، ئەم ماددەیە بە بۆچوونی من دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و جارێکی تر صیاغە بکرێتەوە، لەگەڵ ئەو حاڵەتەی(لرئیس الهیئه) ئەگەر بیشتانەوێت کە بەو کەیفێتەی ئێستا (استحداث و دمج و إلغاء اي من المدیریات ضمن التشکیلات) جارێ وشەی (استحداث اي من المدیریات ضمن تشکیلات الهیئة)یەعنی بۆ استحداث خۆی مەوجودە، ئەگەر غایە لەوە بێت هی تر بخەیتە ناویەوە، دەبێ بڵێیت للرئیس دمج او إلغاء ای من الاقسام او استحداث قسم جدید)یان شعبة جدیدة، وفقاً لمتطلبات الهیئة)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك شۆڕش، فەرموو.

بەڕێز شۆڕش مجید حسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش ماددەی شەشەم پێ زیادە، چونکە ئەگەر تەماشا بکەین لە ماددەی سێیەم، ئەرکەکانی ئەو دەستەیە دیاریکراوە، لەماددەی هەشتیش دەسەڵات دراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە لە لیژنەی ناوخۆ پێشنیازی ئەوە کرا، بکرێت بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەوێ دەسەڵاتی ئەوەی پێدراوە ئەرك و پێکهاتەکانی ئەو دەستەیە دیاری بکات، ئێمە ئەگەر تەماشا بکەین هەر بۆ نموونە لە فەرمانگەی ناوچە دابڕاوەکان، وەك حاکم رزگاریش باسی کرد، خۆی هەر دەستەکە بە گشتی بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ئەگەر ماددەی شەشەم وەکو صیاغەش بمێنێتەوە، ناوی فەرمانگەکانی تێدا نەیەت، وا بنووسرێتەوە(دەستە لەم فەرمانگانە پێك دێت کە ئەرکەکانی پێك هێنانی ئەو دەستەیەی لە پێناودا دامەزراوە)، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك شڤان، فەرموو.

بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش پێم وایە ئەم ماددەیە، ماددەیەکی زیادە، ئەم تەشکیلاتەی کە بۆ هەیئەکە دانراوە، دائیمەن تەشکیلات بەپێی ئەرك و مەهام دروست دەکرێت، ئەرك و مەهامەکانی ئەم دەستەیە کە لەماددەی سێدا هاتووە، دەکرێ ئەو سەڵاحیەتەی کە زیاتر ڕەها تر هاتووە، لە ماددەی هەشت(سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ ئەمە عیلاج بکات، بە یەك وشە هێنانە پێشەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پێکهاتەو تایبەتمەندییەکانی دەستە بە پەیڕەوێك یەعنی پێکهاتەکانی تر بسڕێتەوە، بە پەیڕەوێك دەست نیشان بکات، ئەم ماددەیە عیلاجی ئەمە دەکات، ئەرك ومەهامەکانی وەکو کاك جمال وتی، دینامیکیەکی تێدایە دەکرێ سوبەینێش گۆڕانی تری بەسەردا بێت، با ئێمە لێرە تەقیدی نەکەین، ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە زیاتر کە لەماددەی هەشتدا هاتووە، عیلاجی دەکات بە تێرو تەسەلی، بۆیە تەئیدی پێشنیارەکەی کاك عبدالسلام دەکەم، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك سەردار، فەرموو.

بەڕێز سەردار رشید محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئەم فەرمانگەیە مەهام و ئەرکی کاتیە، کاتێ کە تەحقیقی ئەهداڤی ماددەی 140 بوو، من پێم وایە مەهامی کۆتایی دێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم دەستەواژە یان وشەی فەرمانگە بگۆڕدرێت بە لیژنە،

عادەتەن لیژان کاری کاتی دەکات، ئەگەر بکرێت بە لیژان من پێم وایە واقیعی تر دەبێت، ئەگەر کرا بە لیژان، لیژنەی بەدواداچوونیشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك سالار، فەرموو.

بەڕێز سالار محمود مراد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕاسیتدا وەکو لە گفتوگۆکاندا ئاگامان لێ بوو، تێدەگەین کە ئەرك و مەهامی ئەم دەستەیە بۆ پاڵپشتی کردنە لە پێناو جێبەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستووری، وەکو لە هۆکارەکانی پەسەند کردنی ئەم یاسایەشدا هاتووە، (الاسباب الموجبە) هەنگاوەکان و ئەرکەکانی مەهامی کارکردنی ئەم دەستەیە بۆ کار ئاسانی کردنە لە پێناو جێبەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستووری، کە خۆمان دەزانین جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیەش پەیوەستە بە چەند میکانیزمێکەوە، بە چەند قۆناغێك دەست نیشان کراوە، من بەلامەوە گرنگە ئەم دەستەیە چەند فەرمانگەیەکی هەبێت، بەڵام لە بنەڕەتدا پشت ببەستڕێت بەو قۆناغانە یان ئەو هەنگاوانەی کە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140 پێویست دەکات، ئەم فەرمانگانە یان ئەو فەرعانەی لە فەرمانگەکاندا هەیە دابندرێت، من تەسەورم وایە، لەدەست نیشان کردنی ئەم فەرمانگانە دیقەتێکی ورد بەپێی ئەو قۆناغانەی کە پەیوەستە بە ماددەی 140وە نەکراوە، وەکو گوێمان لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایش بوو، کە وتی مەهامی ئەم دەستەیەو ئەم یاسایە بە جێبەجێ کردنی ماددەی 140 کۆتایی پێ دێت، کەواتە ئەبێ هەموو ئەرك و تایبەتمەندییەکانی فەرمانگەو دەستەکە، ببەسترێتەوە بە پاڵپشتی کردن بە جێبەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستووری، لێرەدا من پرسیار دەکەم ئایا مەسەلەی ئامار چی لێ دێت؟، لێرەدا جێگای دەبێتەوە؟، ئایا مەسەلەی ئامار کە یەکێکە لە قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستووری، بۆ لە هیچ یەکێك لە فەرمانگەکاندا ناوی نەهاتووە؟، مەسەلەی دەرکەوتنی ڕاستیەکان، ئەمە یەکێکە لەو راستیانەی کە دەبێتە پاڵپشت لەگەڵ مەسەلەی نیزاعاتی مولکیە، کە دەبێ وەکو فەرمانگەیەك جێگای بکرێتەوە، ئایا ئەمە موعالەجە دەکرێت یان ڕێگای بۆ دەکرێتەوە؟، لەکاتێکی تردا، ئەگەر ئەم دەستەیە ئەرك و مەهامی جێبەجێ کردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری نەبێت، لێرەدا مەبەست لە پەرەپێدانی ناوچە جێناکۆکەکان چی دەگەیەنێ؟ مەسەلەی تەتویر یان پەرەپێدان، ئەم مەسەلەیە هیوادارین بگەڕێینەوە بۆ ئەو ماددە پێشوانەی کە پێشتر ئێمە دەنگمان لەسەر داوە، ئەم یاسایە ئەگەر یاسایەکی پاڵپشتە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140 و یاسایەکە یان دەستەیەکە پەیوەست نیە بەو ئەرکە خزمەتگوزارییانەی یان ئەو پڕۆژە تەنفیزییانەی کە هەر دامەزراوەیەکی تری تەنفیزی پێی هەڵدەستێت، لەڕاستیدا دەبێ بەوازحی لەم ماددەیەدا دەست نیشان بکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

دکتۆر صباح بەرزنجی، فەرموو.

بەڕێز د. صباح محمد نجيب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم ماددەیە کە باسکرا هەندێك لە هاوکارانمان باسی ئەوەیان کرد، کە ئیزافیە، یان زیادەیە، تەبعەن ئێمە ئەتوانین موعالەجەی بکەین بەوەی کە صیاغەیەکی وای بکەین کە قابیلی ئەوە بێت سبەینێ، سەرۆکی دەستە یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بتوانێ چارەسەری بکات، لەلایەکەوە بەپێی مەهامەکان، مەهامەکانی دەستەکە، کە پێشتر دیاریمان کردووە، دەتوانین بەش وفەرمانگە یاخود هۆبە، یان هەرچیەکی ناو دەنێن، بۆی دابین بکرێت کە گرنگتریان جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ە، یەعنی من پێم وابوو ئەگەر باسی فەرمانگە بکرێت حەقە پێش هەموو شتێك تەئکید بکرێت لەسەر ماددەی 140ی دەستووری، کە یەکەمین ئەرکی سەرشانی ئەم دەستەیەیە، کە باسی (دائرة المناطق المقتطعة)ئەکرێت، جارێ ئێمە خۆی موستەڵەحەکەمان بڕییەوە لەسەرەتای یاساکەدا، وتمان (المناطق المتنازع عليها)ئەگەر بڕیار بێت بمێنێتەوە فەرمانگەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بێت، خاڵێکی تر کە گرنگە کاتێ ئێمە ئەم بەشانە دائەنێین، ئەم فەرمانگانە دائەنێین لە هەیکەلی دەستەکەدا، بەڵام لە بڕگەی دووەمدا ئەو سەڵاحیەتە دەدەین بەسەرۆکی دەستە کە فەرمانگەی تازە دابمەزرێنێت یان یەکیان بخات یان هەڵی بوەشێنێتەوە، کە ئەمەش ئیشکالێك دروست دەکات، چونکە ئێمە بەقوەی قانون هەندێ فەرمانگەمان داناوە، دوایی سەڵاحیەت دەدەین بە سەرۆکەکە کە بەشێکیان لابەرێت، بۆیە ئێمە دەبێ موعالەجەیەکی وا بکەین کە ئەو ئیشکالیەتە دروست نەبێت، من ئیقتراحی صیغەیە دەکەم، ئەگەر بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بیخەنە بەرچاویان ئەم ماددەیە پێك بێت لە دوو بڕگە، بڕگەیەکیان (اولاً: تتألف الهيئة من الدوائر والمكاتب حسب المهام الموكلة اليها والمناطق المتنازع عليها)ڕەنگە پێویست بکات ڕۆژێك لەناوچەیەك یان شوێنێك یان شارێك ئەم هەیئەیە مەکتەبێك بکاتەوە، یان نووسینگەیەك بکاتەوە، (تدار كل منها من قبل موظف حاصل على شهادة جامعية اولية في مجال إختصاصها) ئەمە ببێت بە بڕگەی یەکەم، (ثانياً: ئەوەی کەلە ماددەی هەشتی پڕۆژەکەدا هاتووە بیکەین بە دووەم، ثانياً: لرئيس مجلس الوزراء تحديد مهام وإختصاصات تشكيلات الهيئة بنظام)بەڵام سەڵاحیەتی استحداث و دەمج لەڕاستیدا نەدرێت نە بەسەرۆکی دەستەکەو نە بە دەستەکە، چونکە ئێمە بەقوەی قانونی دێین ئەو فەرمانگانە دیاری دەکەین یان ئەڵێین سەڵاحیاتی هەیە بۆ کردنەوەی مەوزوعەکە، لەولاوە ئیشکالیاتێکمان بۆ دروست دەبێت، یەعنی ئێمە دایبنێین وەکو ئەوەی لەم پڕۆژەیەدا هاتووە ئەم دائیرانە هەبێت، دوایی بڵێین سەرۆك بۆی هەیە لای بابات یان لای نەبات، بەو شێوە موعالەجەی بکەین کە عەرزم کردن، ئەو سەڵاحیەتە بدرێت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە بەخۆی هەستێت بەدانانی نیزامێك کەدیارە ئێمە لەو موناقەشاتە نەجات دەدات، کە لەو صیغەی ئێستادا هەیە، کەواتە کۆی قسەکانم ئەوەیە ماددەکە، ئەگەر بمێنێتەوە کەمن لەگەڵ ئەوەدام نەمێنێ بەو شێوە، ئەگەر بمێنێتەوە بەو صیاغە بێت کە دوو بڕگە بێت، بڕگەیەك

بەشێوەیەکی کراوە بڵێت ئەم هەیئەیە بۆی هەیە چەند فەرمانگەیەکی هەبێت یان چەند مەکتەبێکی هەبێت، بەپێیی ئیختیصاصی خۆی، بڕگەی دووەم ئەوەیە نیزامی ئەوانە یان پەیڕەوی ناوخۆی ئەو دەستەیە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

نیزام ئەنجومەنی وەزیران دای دەنێت نەك سەرۆك، كاك صباح بيت الله، فەرموو.

بەڕێز صباح بيت الله شكرى:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش تەئیدا پێشنیارا كاك عبدالسلام دكەم، بۆ ئەڤی بابەتەی، چونکە ئەگەر مە بەری خۆ بدەینێ ماددەی شەش و ماددەی هەشت تەعاروزەکی تێدا هەیت، لە مادێ شەش مە ناڤێت فەرمانگە دەست نیشان کری، لە مادا هەشت صەلاحیەت دایە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کو ئەو دەست نیشانا ئەوان بکاتن، یا دووێ لە فەقەرا دوێ لە مادێ شەشێ، لێرەدا هاتیە کو سەرۆکی دەستە بۆی هەیە، ڕێڤەبەریاتیا استحداث بکاتن، کەچی لەسەری باسی فەرمانبەر هاتیە کرن، لەبەر هێندا دەبێژم لێرەدا تەناقوزەکی هەیت، لە ئاخافتنا دی کەی کاك جمال و کاك شڤانیش باس کرن، بەڕاستی ئەز ژ گەل هەندێدامە کە ئەڤ مادە مادەکا زیادەیە، زۆرسوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ماددەی هەشت ئەڵێت (لرئيس مجلس الوزراء تحديد مهام و إختصاصات) (تحديد مهام و إختصاصات) بۆ چی؟ بۆ ئەو تەشکیلاتەی کە دانراوە، تەشکیلاتەکە دانراوە مەهامەکەو ئیختیصاصەکە بۆ ئەوێیە، مەسەلەن باسی بواری قانونی دەکات لەسەر ماددەی 140 ئیش دەکەیت، جەمعی وەسائیقە ئاوا دەمج دەکرێت، ئەوانەی پەیوەندی بەو ناوچانەوە هەیە، كاك نەریمان، فەرموو.

بەڕێز نەریمان عبدالله قادر

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشنیارێکم هەیە کە خاڵێك ئیزافە بکرێت، بەتایبەتی لیژنەی یاسایی خاڵێکیان زیاد کردووە، کە بەدیراسات ئەو موستەنەداتانەی باس دەکرێت، من پێم وایە دیراسات جیاوازە لە تەوسیق، بۆیە من پێم باشە خاڵێکی تر زیاد بکرێت (دائرة التوثيق) لەگەڵ خاڵی پێنجەم ئیزافە بکرێت، (دائرة توثيق المستندات التأريخية والجغرافية والقومية الخاصة بالمناطق المتنازع عليها)لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەم بەشە، ئەم دائیرەیە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ سەلماندنی لەڕووی مێژویی وقەومی و جوگرافیەوە بۆ ئەو ناوچانەی کەئێمە کێشەمان لەسەری هەیە، لەگەڵ حکومەتی ناوەند، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

كاك عبدالرحمن، فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

منيش پشتگرى پێشنيارى حاكم رزگار دەكەم، لە بڕگەى يەكەم ببێت بەدەستە لەم بەشانەى خوارەوەو جێگرەكەى پێك بێت، چونكە لەم پڕۆژە باسى جێگرى نەكرديە، من پێم وايە جێگر زۆر زەروورييە، بەيانى سەرۆكى دەستە دەچێتە بەغداد كێ لەو نووسينگە دەمێنێتەوە و ئيشەكان ڕادەپەڕێنێ، يان كەسێك سەردانى ئەو نووسينگە دەكات كێ پێشوازى لێ دەكات؟، يەعنى جێگر زۆر گرنگە بۆ ئەم پڕۆژەيە، ئەم فەرمانگەيە بگۆڕن بۆ بەش يان شعبە، بڕگەيەكيش زياد بكرێت، بۆ چاودێرى و لێكۆڵينەوە، لە بڕگەى دووەميش دەڵێت هەڵيان بوەشێنێتەوە، كە ئەو هەڵيان بوەشێنێتەوە يەعنى سەلاحيەتێكى موتڵەق دەدات، من پێم وايە ئەمە لەگەڵ سەرۆكى ئەنجومەنى وەزيران، يان لەگەڵ ئەنجومەنى وەزيران يان لەگەڵ ئەو دەزگاى كە هەيە، لەناو ئەو نووسينگەيە موناقەشە بكرێت، ئينجا هەڵيان بوەشێنێتەوە، ئەگەر پێويست بوو هەڵيان بوەشێنێتەوە، ئەگەر پێويست نەبوو ئەوە خۆيان باش دەزانن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:

كاك محمد شارەزووری، فەرموو.

بەڕێز محمد احمد على:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

سەرەڕاى پشتگيريم بۆ پێشنيارەكانى ليژنەى ياسايى، من لە بڕگەى يەكەمى ماددەكەدا پێم باشە، وەكو براى بەڕێزم كاك سالار ئاماژەى پێدا، بەشى ئامار يان فەرمانگەى ئامار زياد بكرێت، چونكە تا ئێستاش ئێمە كێشەمان لەگەڵ حكومەتى ناوەنددا هەيە، لەكاتى هەڵبژاردنەكاندا بەتايبەت ئەگەڕێنەوە بۆ فۆرمى خۆراك، زۆر جاريش لەوێدا غەدرمان لێ كراوە و لە فۆرمى خۆراك دا كێشە دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر فەرمانگەيەكى ئامار هەبێت، ئامارێكى ڕاست و دروست بكات ئەو كێشانە لەگەڵ حكومەتى ناوەند دا دەتوانين لەو كاتانەدا چارەسەر بكرێت، فەرمانگەى ئامار هەبێت پێم باشە، لەبڕگەى دووەم دا بۆ ئەوەى كە ئەو دەسەڵاتە ڕەهاو موتڵەقە نەدرێت بە سەرۆكى دەستە و تەعاروزى نەكات لەگەڵ ياسايەكە، من پێم باشە واى لێ بێت سەرۆكى دەستە بۆى هەيە هەر بەڕێوبەرايەتيەك لەناو پێكهاتەى دەستە بە پێى پێويستى كارەكەى لەوێ دابمەزرێ يان لێكيان بدات (بە ئاگادارى ئەنجومەنى وەزيران)ى بۆ زياد بكرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:

كاك گۆران فەرموو.

بەڕێز گۆران ئازاد محمد عبدالله :

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

من وێڕای پشتگیریم له هاوڕێیان که باسی تابع کردنی ئەو ماددەیەیان کرد، منیش هەمان رەئیم هەیە، سەبارەت بە ماددە 6 یەکەمیان بە کولی من لەگەڵ ئەوەم کە بەشی یەکەمیان لابردرێت، بەشی دووەمیان بگوازرێتەوە بۆ ماددەی 8 دوای دەسکاری کردن، بەڵام لەبەرچی؟ بەشێك لە هاوڕێیان کە هەستانەوە و قسەیان کرد بەڕاستی هەموویان کۆمەڵێك بەڕێوبەرایەتی باشیان پێشنیار کرد، ئەوەی کاك سالار و کاك حمە تازە باسی کردو زۆربەی هاوڕێیانی تر کە من بە گونجاوی دەزانم، بەڵام کە تۆ دێی لێرە ئەمە دەکەی و دەکرێ بەیانی کە ئەم لیژنەیە و ئەم دەستەیە چووە بواری جێ بەجێ کردن، بەڕێوبەرایەتیەکی تریش بێتە ئاراوە، ئەوە خاڵێك، خاڵی دووەم/ ئێمە دەبێت بزانین لەو یاسایە مەهاممان چیە و دەمانەوێ سەڵاحیەتەکانی کۆ بکەین کە دەسەڵاتی کردنەوەی بەڕێوبەرایەتی نەبێت یان سەڵاحیەتی ئەوەی هەبێت ئێمە لێرە بۆی دیاری بکەین یاخود خۆی بیکاتەوە، ئێمە لەو یاسایە هەردوو خاڵی تێدایە، لەلایەك بەڕێوبەرایەتیەکانی بۆ دەست نیشان دەکەین کە بەڕاستی ئەو بەڕێوبەراتیە عامانەن کە لە هەموو شوێنێك زەروورە و ئیعلام و دارایی و ئەوانە، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی پێ دەدرێت، لەبەرئەوە من پێم وایە لایەنی ئازادی لەو بەڕێوبەراتیە بەم دستەیە و تازە زەروورە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە خاڵی یەکەم لابدرێت و وە خاڵی دووەمیش بچێتە ماددەی 8 کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەهاوکاری سەرۆکی دەستە لە بواری تەتبیق دا کە دادەمەزرێ چ بەڕێوبەرایەتیەکی پێ باشە دای بمەزرێنێ، واتە ماددەی 8 ئەو کاتە دەبێتە دوو فەقەرە و دوو خاڵ، لە ماددەی 8 وەك کاك عبدالسلام ئاماژەی پێی کرد، هەر ئەرك و تایبەتمەندی و مەهامیشی تێدایە، وە دامەزراندنەکەشی تێدایە، واتە دەبێتە دوو، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك فاضل فەرموو.

بەڕێز فاضل بەشارەتی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە حەقیقەت بەڕێزان زۆریان قسە لەسەر ئەو ماددەیە کرد، من پێشنیار دەکەم لە فەرمانگەی چاودێری و بەدواداچوونی بۆ ئیزافە بکرێت، خاڵێکی تریش کە ئەو بەڕێزانە زۆر باسیان لەسەر کرد، چونکە لە ماددەی 5 دا زۆر باسی شێوەی تەشکیلە بۆ ئەو هەیئەیە دەکات، بەڵام بە حەقیقەت لێرە ئێمە لە هەرێمی کوردستان سێ سەرۆکایەتی دەسەڵاتدارمان هەیە، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام لێرە دەسەڵات بەم سەرۆکی دەستەیە دراوە بۆ خۆی ئالۆگۆڕی دەکات، پێم وایە لەناو هیچ کام لە شێوە تەشکیلاتی هەرێمی کوردستان ئەو دەسەڵاتە بە هیچ کام لە بەرپرسە مەحەلیەکان نەدراوە کە ئالۆگۆڕ لەناو دەستەکەی خۆیدا بکات، بۆیە بە حەقیقەت ئەوە پێم

وایە تەناقوزات دروست دەکات، خاڵێکی تر کە ئەخیر خاڵمە، پێشتریش زۆر باسی لەسەر کرا کە بە حەقیقەت من پێشنیار دەکەم ئەندامانی ئەو دەستەیە لەو کەسانە بن کە لە ناوچە ناکۆك لەسەرەکانە، چونکە بەڕاستی خاوەن بڕین دەزانێ ئازاری بڕین چیە؟ لەبەرئەوەی ئەگەر لەو شوێنانە بێت بە سەرکەوتوو تر و باشترە و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی وەلامتان بۆ مودا‌خەلەی ئەو بەڕێزانە چیە؟ کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من چەند خاڵێك هەیە و دەمەوێ تەوزیحی بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە کە پێویستە لەسەرمان بەڕاستی هەر هەموومان هەرچی ئاسانکاریەك هەیە لەو هەیئەتە ئێمە مرونەت بنوێنین بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش وکارەکەی ئەم هەیئەیە، چونکە پەیوەندی بە ماددەی 140 ەوە هەیە، نەك ئێمە ببینە وەکو بڵێی عەرقەلەو بەربەستی ئیش و کاری ئەم لیژنەیە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، من ئەوە دەپرسم لە بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە چ دەزگایەکمان لێرە پەسەند کردووە ئەگەر هاتو هەیکەلی ئیداری لەو دەزگایە نەبێت، دەکرێت ئێمە دەزگایەك لێرە پەسەند بکەین، هەیکەلی ئیداری تێدا نەبێت؟ بە قەناعەتی من هیچ تەناقوزێك نیە، لەبەرئەوە ئێمە چوار مدیریەتمان هەیە و چوار مدیریەتەکە دامەزرێنەوە دوایش دەسەلاتمان داوە بە سەرۆکێك کە ئەگەر ویستی ئیلغای بکات، دەمجی بکات، حەزفی بکات، ئێمە دەسەلاتمان داوەتێ، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە زۆر برادەر خەڵت دەکات لە بەینی دائیرەو بەینی مدیریەت، ئێمە ئەو دائیرەیە یاخود ئەو حەلقەیە لە تەفاسیلی هەیاکلی تەنزیمی ئێمە وەکو عیراق نیە، دائیرە زۆر کەم بەکاردێت، هەندێك دەوائیر هەیە و دێتە ئەو پەرلەمانە دەڵێت (بدرجە مدیر عام)، هەندێك دەوائیریش هەیە دەرەجەی مدیرن، ئێستا لێرەدا هاتووە و دەڵێت ئەم دەوائیرانە دەرەجەکەیان مدیرە، زۆر تەبیعیە کە بووە مدیریەت ئەقسام و شوعەب و فروعی تەفەروع بکاتەوە، ئەوانەی کە بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێیدا ئەوانە بگرێتەوە، سەبارەت بە تەشکیلەکەش ئەوە رەئی لیژنەی قانونیە، دوا رەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمانە، عەجەبەن چ دەتانەوێ ئیزافە بکەن یان لە مەسەلەی تەوسیق و بۆ مەسەلەی دیراسات، خاڵێکی گرنگیش هەیە دەمەوێت ئەوە بڵێم مەسەلەی ئیحسا، مەسەلەیەکی ئیتحادیە، حەز دەکەم ئەوە بزانن لە زمنی دەسەلاتی حەسریە کە لە ماددەی 10 لە دەستوور داهاتووە، ڕاستە ئێمە وەزارەتی تەختیتمان هەیە بۆ ئەو مەسەلانە، بەڵام بە ئەسڵەوە ئەم دەسەلاتە لە زمنی دەسەلاتی حەسری حکومەتی ئیتیحادیە، نازانم (د.ڕۆژان) یش ڕەنگە هەندێك مولاحەزەی هەبێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

د.ڕۆژان فەرموو.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو دەستەیە هەروەکو لە مادەی 2 کە پەسەند کرا چەند ئەرکی پێ ڕاسپێردراوە، ئەگەر ئەو بەڕێوبەرایەتی و ئەو تەشکیلاتە نەبێت ئەو ئەرکانە بە چ شێوەیەك و چۆن جێ بەجێ ی بکات و بە کارەکانی خۆی هەڵبستێ، باس لەوە کرا کە شوعبەی بەڕێوبەرایەتی قانونی د.بشیر پێشنیاری کرد کە وا جودا بکرێتەوە، ئێمە هەوڵماندا زۆر لەو بەڕێزانە باسیان لە تەرشیق کرد، هەوڵمان دا پێکهاتەکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و بە کورتی و لە چەند بەڕێوبەراتیەکی کەم پێك بێت، ڕاستە بەڕێوبەراتیە، بەڵام دەتوانن لەنێو خۆیان ئەوانە وەکو هۆبە و وەکو شوعبە، چونکە ئێمە دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان بەڕێوبەرایەتی گشتی و بەڕێوبەرایەتی هۆبە و بەشەکان، لەڕێگای هۆبە دابەش بکرێت کە هۆبەی یاسایی کە تایبەت بێت بە ئەوانە، باس لە سکالاّ کرا کە ئێمە بەشێکمان هەبێت و بەڕێوبەراتیەکمان هەبێت تایبەت بێت بە سکالاّ، پێویست ناکات لەبەرئەوەی ئەو سکالاّیانە کە لەلایەن هاوولاّتیانەوە هەیە لەو ناوچانە هی کوردستان دەتوانن لەڕێگەی هۆبەی یاساییەوە پێشکەش بکەن، لەبەرئەوەی هەر بەڕێزتان باستان لە تەرشیق کرد، باس لە دژایەتی نێوان ئەو ماددەیە و ماددەی 8 کە هەر وەکو سەرۆکی پەرلەمان ڕوونی کردەوە کە هیچ دژایەتیەك نیە و ئەو باسی مەهام و ئیختساسات دەکات و دەسەلاّت و ئەرك ، هەروەها ئێمە ئەو بەڕێوبەرایەتیانە لە یاسا دیاری بکەین باشترە، نەك بابەتەکە لێ بگەڕێین و لێرە حەسم نەکەین و یەکلای نەکەینەوە، لێی بگەڕێین لە ئەنجومەنی وەزیران لەڕێگای ڕێسا یاخود بۆ سەرۆکی دەستە لەڕێگای ڕێنمایی یەکلابکاتەوە، باشتر وایە لێرە حەسر بکرێت و لێرە دیاری بکرێت کە ئەو دەستە لە چەند فەرمانگە و چەند بەڕێوبەرایەتی پێك دێت، کاك حاکم رزگار باسی لە دائیرەی مەناتقی موستەقتەعە کرد، ڕاستە هەڵەیەکی چاپەمەنی هەیە کە ئێمە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی چاکمان کردەوە (دائرة تطویر المناطق المستقطعة) کە وشەیەك تێیدا باس نەکراوە، لەناوخۆی ئەو بەڕێوبەراتیە ئەگەر ئەو وشەیە زیاد نەکرێت، پێویست ناکات هەر هەمان ناوی دەستەکەیە کە لە بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوە، ئاماریش سەرۆکی لیژنەی یاسایی ڕوونی کردەوە کە بە پێی ماددەی 110 ی دەستووری عیراق ئەوە سەلاّحیاتی حەسریە، باسی ئەوە کرا کە پێویستە دائیرەیەك هەبێت بەناوی دائیرەی تەدقیق، ئەوە دەتوانن لە بەڕێوبەرایەتی مدیری مالی کە لەو ماددەیە هاتووە، ئەوە دەتوانن تەدقیقی ئەو کاروبارانە دەکات، پێویست ناکات کە هۆبەیەك و بەشێك هەبێت کە بەڕێوبەراتیەکی تایبەت بەو بابەتە هەبێت، باس لەوە کرا کە دەسەلاّت نەدرێتە سەرۆکی دەستە کە دەمج و ئیلغای بەڕێوبەراتیەکان بکات، بەڕێزان ئەوە دەرەجەی وەزیری هەیە و پلەی وەزیرە و سەرۆکی دەستەیە و هەموو وەزیرێك ئەو دەسەلاّتەی هەیە کەوا یەکگرتنەوەو یاخود هەڵوەشاندنەوەی چەند بەڕێوبەراتیەك لەسنووری وەزارەتەکەی و لە سنووری دەستەکەیە، ئەو دەسەلاّتە مادام بە پلەی وەزیرە بۆی هەیە ئەوەی بدرێتێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان؟ کاك قادر فەرموو.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە تەدقیق و بەدواداچوون ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی یاسایی کە لە خودی خاڵی یەك چارەسەر کراوە، چونکە ئیدارە و مالیە کە هەبوو بە تەئکید تەدقیق و بەدواداچوونیشی دەبێت، سەبارەت بە ئەرشیف و بە دۆکیۆمێنت کردن، لە عیلاقات و ئیعلام دا دەتوانرێ بۆی ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

د.ڕۆژان فەرموو.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە کرا کە ئایا ئەو دەسەلاتە نەدرێتە سەرۆکی دەستە، ڕاستە بە پلەی وەزیرە و وەزیرەکان ئەو دەسەلاتەیان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە دەتوانن ئەو دەسەلاتە ئیستحداس و دەمج و ئیلغا و مدیرەیەتەکان و بەڕێوبەراتیەکان بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە لاریمان نیە لەسەر ئەو پێشنیارە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا پێشنیارێك هاتووە، زۆر لە بەڕێزان پشتیوانیان لێی کردووە، کە ئەم ماددەیە ئەسڵەن لێرە لابچێت و جێگای نیە، لەهەمان کاتدا لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانیش پێیان وایە نەخێر، ئەمە هەیئەتێکە دەبێت تەشکیلاتی خۆی هەبێت، تەنها مەهامەکانی کە حکومەت دایدەنێت، کاك فرست موداخەلەیەك و ڕوون کردنەوەیەکی هەیە لەسەر ئەوە، کە پێشتر کاك فرست لەگەڵ من مشاوەرەتی کرد، موداخەلەیەکی هەیە ئەگەر ڕوونی بکاتەوە، فەرموو.

بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت ئەو یاسایەوە، یاسای هەیئەتێکی گشتیە، موهیمەتەکانیش زۆر جێگای خۆیان هەیە و ئیهتمامێکی زۆریشی پێدراوە، مەعقول نیە هەیئەیەك دروست بکرێت، بەڵام چ هاوولاتی، چ مەسئولەکان و، چ خەڵکی تر ئەوەی موهتەمن بەو مەوزوعە، تەشکیلاتەکەی زمنی قانون نەبینن، یەعنی هیچ ئەسەر بۆ تەشکیلاتەکەی نەبێتن، ئێمە موقابلی ئەوە کو ئەو موقتەرەحە ئان ئەو پێشنیارەی برادەران باسیان کرد کو دەمج و ئیلغا نەدرێتە سەرۆکی ئەو هەیئەیە، بۆ مەعلوماتتان هەموو وەزیرێك ئەو سەلاحیەتەی هەیە، ئادای مودیریاتی عام، مودیریاتی عام بە بڕیاری مەجلسی وزرەرایە، ئەوان بە تەعدیلی قانونەکە ئەگەر

ڕاستی بێت، بەس ئەقسام و شەعەب و مدیریاتی ئیعتیادی وەزیر بۆی هەیە ئیلغای بکات، سەرۆکی هەیئەیە وەزیر نیە، دەرەجەی وەزیرە، ئێمە دەتوانین وای لێ بکەین مادام ئەنجومەنی وەزیران موختەسە بە دەرکردنی ئەنزیمەکان و نیزامەکان، دەمج و ئیلغا و تەرتیبی تەشکیلاتی ئەو هەیئەیە با بە نیزام بێت لە مەجلسی وەزیران دەربچێت و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا ئەگەر پێشنیار بۆ ئیلغای ئەو ماددەیە، ئەگەر سەحبی نەکەنەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کەس نیە؟ کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕاستی ئێمە وەکو لیژنەی قانونی و ڕەنگە لیژنەی ناوخۆش لەگەڵ ئیلغای ئەو ماددەیە نەبین، پێشنیاری ئێمەش بەڕاستی پێشنیاری یەکەمە، پێشنیاری برادەران پێشنیاری دووەمە، حەق وایە پێشنیاری ئێمە یەکلایی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسایی، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵی دایە تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ ئیلغا نابێت و لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە، ئێستا لیژنەی یاسایی ئەخیر سیاغەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان، لەسەر پێشنیارەکانی بەڕێزتان ماددەکە بەو شێوەیە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە داڕێژرایەوە:

المادة 6

1 ـ تتألف الهيئة من الدوائر التالية: وتدار كل دائرة منها من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية فى مجال اختصاص الدائرة وله خبرة ممارسة لاتقل عن عشر سنوات ويعاونه عدد من الموظفين.

1 ـ الدائرة الادارية و المالية.

2 ـ الدائرة القانونية والدراسات والتوثيق.

3 ـ دائرة العلاقات والاعلام.

4 ـ دائرة المناطق المتنازع عليها.

2 ـ يكون للهيئةمستشارين لايقل عددهم عن .2

3 ـ لمجلس الوزراء استحداث أو دمج أو الغاء اي من المديريات ضمن تشكيلات الهيئة وفقاً لمتطلبات عملها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، تەنها دوو کەس لەگەڵ دانیە، بۆ ماددەی 7 ، د.ڕۆژان فەرموو.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة 7

1 ـ يكون للهيئة مجلس يتألف من الرئيس ومدراء دوائر الهيئة و عضوين مستشارين، ولرئيس دعوة ممثلى الجهات ذات العلاقة من الوزارات ودوائر الاقليم لحضور اجتماعات المجلس بصفة مراقب.

2 ـ يجتمع المجلس شهرين، وللرئيس عند الضرورة دعوته لاجتماع طارىء وتتخذ القرارت فيه باغلبية عدد الحاضرين، وفى حالة التساوى فى الاصوات يرجح الجانب الذى يصوت معه الرئيس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

د.زانا فەرموو.

بەڕێز د.زانا رؤوف حمه كريم صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

1 ـ دەستە ئەنجومەنێکی دەبێت کە پێك دێت لە سەرۆك و بەڕێوبەرەکانی فەرمانگەکانی دەستە و لەگەڵ دوو ئەندامی ڕاوێژکار و، سەرۆك بۆی هەیە داوای نوێنەرانی لایەنە پەیوەندارەکان لە وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی هەرێم بکات، بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە سیفەتی چاودێر.

2 ـ ئەنجومەن مانگانە کۆ دەبێتەوەو سەرۆك بۆی هەیە لە کاتی پێویست دا داوای کۆبوونەوەیەکی کت و پڕ بکات و بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان وەردەگیرێن وە لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان، دەنگەکانی ئەو لایەنە پەسەند دەکرێت کە سەرۆك دەنگی لەگەڵ دا دەدات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی رەئیتان، کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان؟ کاك قادر فەرموو.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بڕیار و پێشنیاری لیژنەکەمان سەبارەت بە ماددەی 7 کە لە ئەسڵدا لە دوو بڕگە پێکهاتووە، لیژنەکەمان پێشنیاری کردووە کە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ بەو شێوەیە:

3 ـ سەرۆکایەتی دەستە پێویستە هەر شەش مانگ جارێك ڕاپۆرتێك لەسەر ئەرك و کارەکانی لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان، کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە پشتگیری لەو بڕگەیە دەکەین و پێمان باشە ڕاپۆرتەکە پێشکەش بکرێت هەر 6 مانگ جارێك لەلایەن ئەو دەستەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان شتێکی عامە ئەگەر مواخەلەتان نیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کەس هەیە؟ ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نووسیوە، ڕێزدار عمر عبدالعزیز، ڕێزدار شێردڵ، ڕێزدار جمال طاهر، پەروین خان، ڕێزدارحاکم رزگار، ڕێزدار شفان احمد، ڕێزدار عبدالله حاجی محمود، ڕێزدار عمر صدیق، ڕێزدار شۆڕش، ڕێزدار حسن محمد سورە، کاك عمر فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین صادق:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەسەر ماددەی 7 تێبینیەکم هەیە کە دەستەکە خۆی 5 کەسن، چوار مدیری دائیرەن و لەگەڵ سەرۆکی دەستە، دوایی بەس دوو ڕاوێژکار ئیزافە بووە، لێرە نەوعێکە ئێمە بڵێین دەستە ئەنجومەنێکی دەبێت لە کاتێك دا خودی دەستەکە 7 کەسن و 5 یان هەر دەستەکەن، لەبەرئەوە من پێم باشە بڵێن دەستە دوو ڕاوێژکار دیاری دەکات، شتێکی وا بڵێن، چونکە ئەنجومەن، 3/2 ی زیاتری خودی خۆیەتی پێویست ناکات بڵێین ئەنجومەنێکی دەبێت، ئەوە تێبینی یەکەمم، تێبینی دووەمم پشتگیری لە هەر دوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ کە ئەو ڕاپۆرتی 6 مانگ جارێك تیای بێت و، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شێردڵ فەرموو.

بەڕێز شێردڵ تحسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پشتگیری لە هەردوو لیژنە دەکەم، لە فەقەرەی دووەم کە دەڵێت بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان وەردەگیردرێت، بە خۆی لە ماددەی 4 و لە ماددەی 6 سەلاحیەتێکی زۆری داوەتە سەرۆکی دەستەکە، ئەوە یەك، دووەم/ پەسەند کردنی یان دەنگ وەرگرتن بۆ دەزگایەك دەکرێت کە

هەڵبژێردرابێت، نەك فەرمانگەی حکومی بێت، بۆیە من وای بۆ دەچم ئەو فەقەرەیە نەمێنێ باشترە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك جمال فەرموو.

بەڕێز جمال طاهر ابراهیم محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەڵەن پێم باشە (یکون للهیئة مجلس تتألف من الرئیس ومدراء دوائرها) دەوائیری هەیئە لێرە بێتە لادان، فەقەرەی دووەم دیارە زیاتر بەرەو پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتی دچێتن لێڤێرێ، ئان وزیری هەیئە چێتن، ئەبینم ئەو فەقەرانە لەو ماددەیە زێدەیە، کو ئەم تەفاسیلا بچێتن داخل ببن، (یجتمع المجلس شهریا وللرئیس عند الضرورة) ئەوە شتێکە پەیڕەوی ناوخۆی ئەم دەستەیە دیاری دکاتن، خاڵی سێیەم با ئیزافە بکرێت، ئەوەی پێشکەش کردنی ڕاپۆرت هەر شەش مانگ جارێك، بەڵام خاڵی دووەم پێم باشە لابدرێت، چونکە ئەوە ئیشی ئەم هەیئەیە پەیڕەوی ناوخۆیە، خۆیان تەرتیبی دکەن چەند ئیجتماع بکەن و چەند نەکەن، کەی داوا بکەن و کەی داوا نەکرێت، سپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

پەروین خان فەرموو.

بەڕێز پەروین عبدالرحمن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێرە داوا دەکات دوو ڕاوێژکار وەکو ئەندام، ئەی ڕاوێژکار بە پلەی تایبەت نایەت؟، ئەگەر وەزیرە ئەوا سەرۆکی هەیئەکە پلەی تایبەتمان داوەتێ وەکو وەزیر، بەڵام لێرە داوا دەکات دوو ڕاوێژکار، ئەی ڕاوێژکار پلەی تایبەت نیە لێرەدا، ئایا ئەو ڕاوێژکارەی کە داوا دەکات بۆ ڕاوێژ پێ کردن یاخود هەر ئەندامێکە لە هەیئەکە؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك حاکم رزگار فەرموو.

بەڕێز رزگار محمدامین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە بۆچوونی من ئەم ماددەیە لە زمنی تەشکیلات دایە، یەعنی هەیکەلی ئیداری هەیئەکە وەك لە موداخەلەکەی پێشوو تریش باسم کرد، مەفروزە ئەم مەجلسە کە ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ تەعریفەکەی تەعریف کراوە لە ماددەی 1 دا (مجلس الهیئه) لێرە دەڵێت (یکون للهیئة مجلس یتألف)، تۆ کە لە پێشدا تەعریفت بۆی داناوە دوایی لە تەفسیلاتی دا باسی مەجلسەکە دەکەی، پێویست ناکات بڵێی مەجلس، چونکە لە بیدایەت دا باست کردووە، ئەم مەجلسە مەهامەکەی چیە و بۆ چیە؟ دەبێت بزانرێت، دوایی

دەڵێ قەرارات دەبێت بە ئەغلەبیە دەردەچێت، (و تتخذ القرارات فیه بأغلبیة عدد الحاضرین)، کام قەرارە؟ لە کاتێك دا تۆ لە ماددەی 4 رەئیس باس لە قەرارات دەکات و دەڵێت (و تصدر عنه وتنفذ باشرافه جمیع القرارات والاوامر والتعلیمات فی کل ما له علاقة بمهام الهیئة وصلاحیاتها وسائر شؤنها الفنیة) ئەی دەوری ئەم مەجلسە چیە؟.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شڤان فەرموو.

بەڕێز شڤان احمدعبدالقادر عزیز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە بڕگەی دووەمی ماددەکە هاتووە دوو ئەندامی ڕاوێژکار و سەرۆك بۆی هەیە، ئەم (بۆی هەیە) پێم وایە زۆر مەتاتیە، یەعنی دەکرێت بانگی وەزارەتە پەیوەندارەکان نەکاتن، ئەم (بۆی هەیە) بە رەئی من لێرە لابدرێتن، چونکە ئەو وەزارەتە پەیوەندارە زۆر پێویستە کە بەشدار بوون، ئەگەر بە سیفەتی چاودێریش بێتن، بۆیە ئەم (بۆی هەیە) من بە مەتاتی دادەنێم، پێویست ناکات ئەو (بۆی هەیە) لێرە هەبێتن، دەبێ مەسەلەیەکی ئیجباری و ئەوە بێت، چونکە وەزارەتەکان پەیوەندارن بە تایبەتی وەزارەتی تەختیت و وەزارەتی ناوخۆ ئەمانە زۆر پەیوەندارن، ئەگەر بە سیفەتی چاودێریش بێتن، جا ئەم(بۆی هەیە) و ئەم مەتاتیەتە لابدرێت باشترە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك عبدالله فەرموو.

بەڕێز عبدالله حاجی محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

داوا دەکات لەلایەنە پەیوەندارەکان و فەرمانبەرەکان بۆ کۆبوونەوە بە سیفەتی چاودێر، من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی تۆزێك فراوانتر بێت، دەڵێت (لایەنە پەیوەندارەکان) ئەو (لە) بکرێت بە (و) لایەنە پەیوەندارەکان و وەزارەتەکانی فەرمانگەی هەرێم، ئەگەر (لە)یەکەش نەبێت کەسانی پسپۆڕی بۆ زیادبکرێت، لەبەرئەوە فراوانتر بێت ئەگەر پێویستی کرد، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك عمر فەرموو.

بەڕێز عمر صدیق هەورامی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرباری پشتگیریم بۆ هەردوو لیژنەی بەڕێز من تەنها لەسەر ئەو سیفەتەی کە دراوە بە نوێنەرایەتی وەزارەت و فەرمانگەکانی پەیوەندار، من پێم باشە بە سیفەتی نوێنەر و هەماهەنگ بن، بۆ؟ لەبەرئەوەی زۆر جار ئەو کەسانەی کە دەڕۆنە ناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، هەندێك کاروبار و قەزیە کە دێتە

پێشەوە بە سیفەتی نوێنەرایەتی و هەماهەنگی بێت، نەك بە چاودێری، چونکە چاودێر بۆخۆیان ئۆتۆماتیکیەن لە هەر دامەزراوەیەکی تەنفیزی کە دابمەزرێت لەژێر رەقابەی هەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە و هەم پەرلەمانی کوردستانیشە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شۆرش فەرموو.

بەڕێز شۆرش مجید حسین مرسل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێم وایە ئەنجومەنی ئەو دەستەیە بچێتە ماددەی 6، کە باس لە پێکهاتەکانی ئەو هەیئەتە دەکاتن کە دەنگی زۆرینەی هێنا، بچێتە ئەوێ، ئەوەی تریشیان پشتگیری لە ڕایەکەی لیژنەی ناوخۆ دەکەم بە زیادکردنی برگەی 3 کە سەرۆکایەتی دەستە پێویستە هەر 6 مانگ جارێك ڕاپۆرتێك لەسەر ئەرك و کارەکانی لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان بکات، بەڵام ئەوە ئەوەی بۆ زیادبکرێت (لە کاتی ئاساییدا)، چونکە خۆمان دەزانین ئەو ناوچەیە ناوچەی کێشە لەسەرە ئەو هەیئەتە بۆ ئەوێ دروست کراوە، لە حاڵەتێکی تەبیعی نیە هەموو کات ئێمە چاوەڕێی بکەین، کە لە شەش مانگ جارێك، چونکە حاڵەتێکی وا بێتە پێش، بۆیە پێم باشە ئەوە زیادبکرێت لە کاتی ئاساییدا، لە کاتی نائاسایی دا خۆیان نەبەستنەوە بەو یاسایەی کە ئێمە دەڵێین تەنها لە شەش مانگ جارێك، بەڵکو هەرکاتێك کە پێویستی کردو لە حاڵەتێکی نائاسایی بوو ڕاپۆرتی خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك حسن فەرموو.

بەڕێز حسن محمد سورە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە خاڵی یەکەم دیسان تەئکید لە تەشکیلی هەیئەکە دەکاتەوە، کەواتە مەجلس هیچ شتێك ئیزافە ناکات، لە هەندێك قانونی هەیئات دا مەجلس وەختێ دروست دەبێت کە پێکهاتەی ئەم مەجلسە لە هەیئەکە زیاتر بێت، بەڵام لێرە هەر هەمان تەکوینەی خاڵەکانی پێشووە، بۆیە بە ڕەئی من خاڵی یەکەم ودووەم هەردووکی دەمج بکرێت لە یەك خاڵ کە باسی کۆبوونەوەکانی بکات، من تەئیدی ئەوەش دەکەم کە ئیزافەی خاڵی سێیەم بکرێت وەکو لیژنەی ناوخۆ گوتیان و لیژنەی یاساییش تەئیدیان کرد بەڕاپۆرتی دەوری، بەڵام ڕاپۆرتەکە 3 مانگ جارێك بێت، چونکە بەڕاستی ئەگەر شەش مانگ جارێك بێت ئێمە هەر

خۆمان لێرە وجهە نەزەرێك نیشان دەدەین کە ئەم مەناتقانەی موتەنازع عەلەیها، یەعنی بە مودەیەکی دووروودرێژ حەل دەبێت کە ئەوەش ئێمە دەمانەوێ چەند زووتر بێت باشترە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی موداخەلەی قسەکانی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەن، د.زانا فەرموو.

بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، تەبیعی رەئی لیژنەی یاسایی ئەوە بوو لەسەر ئەو ماددەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی تریشیان دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری خۆتان، بۆ نموونە ئەگەر بڕگەی دووەم قسەی لەسەر بوایە کە کۆبوونەوەکان بە مەجلسی بێت، چ کاتێك بێت، بە پێی پەیڕەوێك نیشان بکرێت، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕای ئێوەی بەڕێز بۆ بڕیار دان لەسەر ئەم حاڵەتە، بەڵام بە نیسبەت بڕگەی یەکەمەوە، کاتێك باس لەوە دەکرێت کە عادەتەن دەکرێت لە بڕیارەکان بە مەجلس تەشاور بکرێت، بەڵام دوایی ئەمرەکە هەر بەناوی رەئیسەوە دەردەچێت، یەعنی بەو سیفەتە بێت کە مەجلسێکی لەگەڵ دایە، یەعنی تۆ سەڵاحیەتێکی زۆریش نادەی بە سەرۆکی دەستەکە و لە هەمان کات دا تەشاور و دەنگدان و کۆبوونەوەش هەیە لە بەینی خۆیان دا و دوایی بڕیارەکانیش وەکو هاوتەبا دەبێتەوە لەگەڵ ماددەی 4 کاتێك کە باس لە سەرۆکی ئەو دەستەیە و سەلاحیەتەکانی دەکات، بە تەشاور لە بەینی خۆیان دا دەکرێت، بیروڕا گۆڕینەوە هەیە، هەموو سەرۆکی ئەو یەکانەی کە لەناو ئەو فەرمانگەیەن دەتوانن ڕا گۆڕینەوەیان هەبێت و دوایی بڕیارەکە دەردەچێت، بە نیسبەت بوونی دەستەواژەی ڕاوێژکار، ئەمە بۆ سەلماندنی ئەوەیە کە ئەو دوو ڕاوێژکارە تەواجودیان هەیە لەناو مەجلسەکە، واتە ئەوان لە دەرەوەی مەجلسەکە نین، لەناو مەجلسەکە دان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی ناوخۆ رەئیتان؟ کاك قادر فەرموو.

بەڕێز قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەروەکو چۆن پێشتر کە هاتووە ئێمە پشتگیری لێ دەکەین و زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك فرست فەرموو.

بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من تێبینیەکم لەسەر ئاخر وشە هەیە کە لە فەقەرەی یەك، (بصفه مراقب) بە رەئی من ئەوە نەمێنێت، چونکە نوێنەری وەزارەتەکان زۆر زەروریە موشارەکە لە موناقەشەی بکەن، مراقب ناتوانێت قسان بکات لەناو ئیجتماعەکە، بەڕەئی من بەو شکلە بێت: (ولهم المناقشة دون ان یکون لهم حق التصویت) بەو شکلە بێت، موشارەکە لە دەنگدان نەکەن، بەس حەقی بەشداربوون لە گفتوگۆیان هەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوای ئەو پێشنیارانەی لەلایەن بەڕێزتان پێشکەش کرا، لێژنەی یاسایی بەو شێوەیە ماددەکە دادەڕێژێتەوەو دەیخاتە بەردەم بەڕێزتان:

المادة السابعة: يكون للهيئة مجلس يتألف من الرئيس ومدراء دوائر الهيئة وعضوين مستشارين، وللرئيس دعوة ممثلي الجهات ذات العلاقة من الوزارات ودوائر الاقليم لحضور اجتماعات المجلس بصفة مراقب ولهم حق المناقشة دون ان يكون لهم حق التصويت.

ثانياً: يجتمع المجلس شهرياً، وللرئيس عند الضرورة دعوته لأجتماع طارئ، وتتخذ التوصيات فيه بأغلبية عدد الحاضرين، وفي حالة التساوي في الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس.

ثالثاً: على رئيس الهيئة تقديم تقرير دوري كل اربعة اشهر حول مهام واعمال الهيئة الى برلمان كوردستان عن طريق مجلس الوزراء.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ئێستا کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ تکایە بەو سیفەتەی کە خوێندرایەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی هەشت، فەرموو.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة الثامنة: لرئيس مجلس الوزراء تحديد مهام واختصاصات تشكيلات الهيئة بنظام.

بەڕێز د.زانا ڕۆوف حمە کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی هەشتەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەرك و تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی دەستە بە پێڕەوێك دەست نیشان بکات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لێژنەی ناوخۆ کەرەمکە.

بەڕێزت قادر حسن قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لێژنەکەمان لێژنەی ناوخۆ سەبارەت بە ماددەی هەشتەم پێشنیازی گۆڕینی دەستەواژەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، بە ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاس.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمەش تەئیدی ماددەکە دەکەین، هیچ ملاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، کەس هەیە لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، یەك نەفەر کەرەمکە.

بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنیسبەت ماددەی هەشتەم، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پێم باشە بکرێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەننی وەزیران، دوایی یەك وشەمان هەیە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەرك و تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی دەستە بە پێوەرێك دەست نیشان بکات، بەس ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بکرێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، پێم باشە، دووەم لە عەرەبیەکەی هاتووە(لرئیس مجلس الوزراء تحديد مهام واختيصاصات تشكيلات الهيئة بنظام، لە بەینی دوو وشەمان هەیە، کوردیەکەو عەرەبیەکەی، لێرە نووسراوە بە پێوەرێك، لێرە نووسرایە بە نیظام، ئەگەر ئەمە پێوەرێك بێ، عەفوو، ئەگەر ئێمە مەعنایەکەی لێك بدەینەوە، وابزانم یەکتر ناگرێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

دروستە، (بنظام) سەلاحیەتی مەجلس وزرایە، نەوەك ئی سەرۆکایەتی، لیژنەی یاسایی رەئیتان بدەن.

بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە صیاغەمان کردووە، وامانزانی ساغەی لیژنەی قانونی خوێندەوە، بەڵام سیاغەکەی ئێمە بەم شێوەیە(لمجلس الوزراء تحديد مهام واختصاصات الهيئة بنظام).

بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:

بەڕێزان، ئەگەر کەس موداخەلەی نیە، بیخەینە دەنگدانەوە، شتێکی ڕۆتینیە، ئاخر جار بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، تکایە.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لمجلس الوزراء تحديد مهام واختصاصات الهيئة بنظام.

بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی نۆیەم.

بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة التاسعة: لرئيس الهيئة اصدار التعليمات الازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: